# سەردەمانی زمانی کوردی

و

کۆمەڵە زمانانی ئێرانی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# سەردەمانی زمانی کوردی

و

## کۆمەڵە زمانانی ئێرانی

د. کوردستان موکریانی

ناوی کتێب: سەردەمانی زمانی کوردی و کۆمەڵە زمانانی ئێرانی
نووسینی: د. کوردستان موکریانی
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٨٠٨
پیت لێدان: ساڵح قادر
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٧٧٢ی
ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

# پێشەکی

هەبوونی لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ سەبارەت بەسەردەمانی زمانی کوردی و کۆمەڵە زمانانی ئێرانی لە کۆن، نێوەڕاست، نویێو هاوچەرخ بەزمانی کوردی ڤالایەك لە نامەخانەی کوردی پڕ دەکاتەوە.

گرینگی پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییەش لەم پنتانەی ژێرەوودا ڕوون کراونەتەوە.

١- نەبوونی لێکۆڵینەوەیەك بەزمانی کوردی لە بارەی سەردەمانی زمانی کوردی و سەردەمانی کۆمەڵە زمانانی ئێرانی.

٢- ڕوونکردنەوەی بەندیواری زمانەوانی لە نێوان زمانی کوردی لەگەڵ ئەو کۆمەڵە زمانانەی کە لە ڕووی دۆخی زمانەوە پێیانەوە بەندە.

٣- ساخکردنەوەی ئەوەی زمانی کوردی بە دیالێکتەکانیەوەی یەکێتییەکی وایان دروست کردووە، وەك زمانێکی سەربەخۆ پەرەی سەندووەو شێوەزاری هیچ زمانێکی نوێی ئێرانی نییە.

٤- بوونی بەسەرەتایەك بۆ دۆزینەوەی بەندیواری زێتر لە نێوان زمانی کوردی و زمانانی کۆنی ئێرانیدا بەتایبەتی پەهلەوی، کە ئەمڕۆ پەهلی "فەیلی"ین و کوردن.

٥- هاندەرێك و پاڵپشتێك بێت بۆ پشکنین و گەڕان بەدوای دۆکیومێنتی کۆن لە نێو خاکی کوردستاندا و لێکۆڵینەوەی لێیان بۆ خویاکردنی پێوەندی زێتر لە نێوان زمانانی کۆنی کوردستانی و زمانی کوردیدا.

٦- دەروازەیەك بێت بۆ زمان دۆستان بەگشتی و خوێندکارانی کورد بەتایبەتی بۆ ئەوەی لە پلەی ماجستێر و دکتۆریدا هەریەکەو پسپۆڕی لە لایەنێك لەو لایەنانەی زانستیی زمانی کوردی و زانستی کۆمەڵە زمانانی ئێرانیدا وەربگرن، بەمە ڕاژەیەکی مەزنی ڕێڕەوی پەرەسەندنی مێژووی زمانی کوردی دەکەن.

٧- زانینی هۆی دانانی زمانی کوردی لە لایەن زمانەوانانەوە بەزمانێك، کە سەر بەکۆمەڵە زمانانی ئێرانییە، کە ئەویش بەدەوری خۆی بۆ خێزانی زمانانی هیندوئەورووپی دەگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی هیچی دی هیچ کوردێك کوردێکی دی تاوانبار نەکات بەوەی کە بڵێت "زمانی کوردی زمانێکی بەری باکوری ڕۆژاوای کۆمەڵە زمانانی ئێرانییە"هەروەکو لەگەڵ خۆم و د. جەمالدا ڕووی دا*

* لە ساڵی ١٩٨٥دا سەلاّح سەعدوڵلاّی ئەندازیاری نەوت لەکاتی گەرمەی جەنگی نێوان عێراقو ئێراندا ئەو ڕاستییەی لیّ کردین بەتاوانێکی مەزنو دووچاری گێرمە و کێشەیەکی نەبڕاوی کردین، کە لە بەرامبەر لێپرسراوانی دەستڕۆیشتووی دەزگەی ڕۆشنبیری و بلاّوکردنەوەی کوردیدا پێی گوتم: تۆ و مێردت، وەك تۆفیق وەهبی ئێرانچییەتی دەکەن، چونکە دەڵێن زمانی کوردی زمانێکی ئێرانییە. بەمەش نەوەستا، نامیلکەیەکی بەنێوی (حول اللغة الكردية) چاپ کرد و تێیدا د. جەمالی بەبووژێنەرەوەی ئێمپراتۆریەتی ئێرانی لە قەڵەم دەدات، ئەوەی شایەنی باسە هەروەکو خۆی پێی ڕاگەیاندم د. کەمال مەزهەر چاوی بەدەستنووسی ئەم نامیلکەیەی کەوتووەو بلاّوبوونەوەی بەچاك زانیوە. ئەمە پاداشتی سەلاّح بوو

لـەم بەرهەمـەدا هـەولّم داوە ڕێـڕەوی پەرەسـەندنی زمـانی كـوردی بـەدۆكیومێنتو زانـستانە بخەمـە ڕوو، كـە ڕێڕەوێكـی جیـاوازی لەگـەڵ ڕێڕەوی زمانانی دی ئێرانیدا هەیە.

لەگـەڵ سـەرهەڵدانی نووسـیندا لـە كوردسـتاندا شـوێنەواری نووسـراو بەجێماوە، كە كۆنترینی بۆ هەزارەی سێی (پ.ز.) دەگەڕێتەوەو بـەزمانی (خوری: هووری) نووسراوەتەوەو پەرەسەندووی ئـەم زمانـە دواتـر نێـوی زمانی ئورارتووی لێ نراوە. ئەم دوو زمانە ناوچەییيە كوردستانییە تێكەڵ بـەزمانی میتـانی– هـۆزانی ئـاری زمـان دەبـنو لـە دواییـدا ئـەم زمانـە میتانییەی، كە كاریگـەریی زمانـانی خـووریو ئورارتـووی تێدا مـابووەوە تێكـەڵ بەدیالێكتـەكانی ئێرانـی زمـان دەبێـتو لـەم كاتـەدا بـەواتا لـە هەزارەی یەك بەر لە زایندا زمانی كوردی سەرهەڵدەدات.

وەرگرتنی چەند كۆرسێكی تایبەت بەزمانانی ئێرانی كۆن، نێوەڕاست، نوێو هاوچەرخ لە زانكۆی مۆسـكۆدا لـەو كاتـەی كـە خوێنـدكاری پلـەی خوێندنی  بالاّ بوومو پسپۆڕیم لە زانستیی زمانو فیلۆلۆژیدا ڕێخۆشـكەرم بوون، بۆ ئەوەی لە زمانانی  كۆنی كوردستاندا و لە مێژووی پەرەسەندنی زمانی كوردیو كۆمەڵە زمانانی ئێرانیدا بكۆڵمەوەو لە هەمان كاتدا سـوود لـە دەیـان سەرچـاوە وەربگـرم، كـە لـە هـەمووان زێـتر لـە ڕووی ڕێبـازی لێكۆڵینـەوەدا بەرهـەمی بـەنرخی (Оранский и.м 1988) بـوو،

---

بەبۆنەی بلاّوبوونەوەی ئەو بەرهەمەی دكتۆر جەمال، كـە بـەنێوی (دراسـات كردیـة في بلاد سوبراتو ١٩٨٤) بوو.

ئەوەی شایەنی باسە لە نێو بەرهەمی نێوبراو و بەرهەمانی دی، کە لە سەردەمانی زمانانی ئێرانی دەکۆڵنەوە، هیچ توێژینەوەیەك لە سەردەمانی زمانی کوردی بەرچاو ناکەوێت، بگرە هەر بەلاوەکی سەردەمی نوێی زمانی کوردی خراوەتە ڕوو.

لە ساڵی ١٩٩١دا هەبوونی خۆم لە ئێراندا بەهەل زانی بۆ ئەوەی لە نێزیکەوە گوێ لە قسەکەران بەزمانانی تات، تالیش، مازندەرانو گیلەکی بگرمو چەند تێکستێك بەزمانی ئەوان بنووسمەوەو لە ڕێزمانیان ورد ببمەوە و لە هەمان کاتدا بەدەیان سەرچاوەش لەسەر زمانانی ئێرانی پەیدا بکەم.

## شوێنی زمانی کوردی لە نێو کۆمەڵە زمانانی ئێرانیدا

زمانی کوردی لە ڕووی یاسای ڕێزمانی، بنکەی چۆنیەتی لێکسیکی بەیەکێك لە زمانانی باکوری ڕۆژاوای کۆمەڵە زمانانی ئێرانی دەژمێردرێت. (بڕوانە نەخشەی ژمارە (١) کە بۆ زۆربەی زمانانی ئێرانی هاوچەرخدا کێشاومە).

زمانانی ئێرانی: ئەو خێزانە پتەوەیە، کە کۆمەڵێك زمانانی خزمی هاوڕەسەن دەگرێتە خۆی. داڕشتنی گشتیی ڕێزمانیو بناخەی لێکچووی وشەی فەرهەنگیو پێوەندیی یاسایی نێوان زمانانی ئەم کۆمەڵەوە ئەوە دەسەلمێنن، کەوا ئەم زمانانە لە بنجو بناوانەوە بۆ یەك سەرچاوە دەگەڕێنەوە.

زمانی کوردی، فارسی، تاجیکی، ئۆستینی، بلوجی، پامیری، ئاوێستا، خەوارزمی، باختیریو زمانانی دی ئێرانی هی زیندوو و مردوو تایبەتییەکی گشتیی یەکبوونی بینای ڕێزمانی دەدەن بەدەستەوە، چونکە ئەم زمانانە هەموو لە بنکەیەکی خزمەوە سەریان هەڵداوەو بۆ یەك ڕەچەڵەك دەگەڕێنەوە، ئەم نێزیکایەتییەی نێوان زمانانی ئەم کۆمەڵەیە وا دەکات، لە نێو یەك گرووپی زماندا دایان بنێین، کە کۆمەڵە زمانانی ئێرانییە.

بەڵگەی دیاردەی ئەوەی بینای ڕێزمانی ئەم زمانانە وەك یەکن، گەردانکردنی کارەکانە، لێرەدا وێنەی شێوەی چۆنیەکی جێناوی کەسی یەکەمی تاك لە دۆخی ڕاستەوخۆدا دێنینەوە:

ئاوێستا– azem، سەکەسی– azu، وە یا asu، فارسی کۆن– adam، سوغدی– zw، خەوارزمی– nź(<*na-azam)، ź(?)، کوردیو خوتەنیو ئۆستینی–äz، ئەفغانی–ze، سیمنانی–a، تالیشی– áz، شوگنانی–wuz، ساریگولی– waz، ئیشکاشیو یازگولیو ئورمووریو ڕووشانی–az.

ئاوێستا–mana (لە دۆخی خستنە سەردا)، فارسی کۆن– manä (لە دۆخی خستنە سەر و مەبەستدا)، فارسی نێوەڕاست–man، کوردی–min ، تالیشی–(min(î، تاجیکی–man، شوگنانی و ڕووشانی–mo،mu، ئەفغانی–mä، ساریگولی–(mi(n، یاگنوبی– man، ئورموری–mun، تانی–men، man و...


بەشێوەیەکی گشتی کەرەستەی زمانانی ئێرانی لە نێوان خۆیاندا ئەوە بەدیار دەخەن، کەوا بنکەی ئەو زمانانە لەسەر یەك جۆرە کەرەستەی داڕشتنی ڕێزمانیو وشەی فەرهەنگی بنیات نراوە، بەڵام جیاوازی نێوانیشیان ئەوە ڕوون دەکەنەوە، کە ئەم یەك جۆرە کەرەستەیە وەك یەك پەرەی نەسەندووە، بگرە بەچەندین ڕێگەی جۆراوجۆر، کە هەر زمانەی مێژووی پەرەسەندنی تایبەتی خۆی هەیەو لە ماوەی درێژخایەنی مێژووی پەرەسەندنی زمانانی ئێرانیدا جیاوازییەکی وا کەوتووەتە نێوان زمانانی ئێرانی هاوچەرخدا، کوردێك لە پامیرێك، تاجیکێك لە بلوجیك، ئەفغانێك لە ئۆستینێك و... نەگات، لە هەمان کاتدا جیاوازی نێوان ئەو زمانانەی ئێرانی، کە بەر یەك گرووپە زمان دەکەون،

ئەوەندە کەمە تاجیکێك دەتوانێت لە فارسێك، تالیشکێك لـە گیلەکییـەك بگات.

ڕووداوانـی مێـژوو دەورێکـی باڵایـان بینیـوە لـە نەهێـشتنی زمانـانو زاڵبـوونی زمانێـك بەسـەر زمـانێکی دیـدا و بەرەبـەرە لـەنێوبردنی زمانـە بنجێکە، بۆ نموونە لە پـێش کۆچـکردنی هـۆزانی ئـاری وەك میتـانیو لـە دواتـردا هـۆزانی ئێرانـی زمـان بـۆ کوردسـتان. زۆربـەی دانیـشتوانی کوردستان بەزمانی خواری دواون، کە زمانێکە هیچ بەنـدیواری بـەزمانانی ئاریو هـەروا بـەزمانانی ئێرانییـەوە نـەبووە، کەچـی بـەهۆی هـاتنی ئـەم هۆزانە بەرەبەرە زمانی خووری لەنێو چووە.

ئەگەر بـەوردی لـە مێـژووی هـەر زمانێـك لـە زمانـانی سـەر بەئێرانیـدا بکۆڵینـەوە هەریەکـەی ڕێگـەی تایبـەتی پەرەسـەندنی خـۆی هەیـەو هەرچەندیش بەرەو کۆنتر بگەڕێینەوە، ئەوەندە نێزیکایـەتی لـە نێـو ئـەم زمانانەدا دەبینین.

**نەخشەی ژمارە (١)**



# شوێنی زمانانی ئێرانی لە نێو خێزانی زمانانی هیندوئەوروپاییدا

کۆمەڵە زمانانی هیندوئێرانی بەر زمانانی satemی خێزانی زمانانی هیندۆ ئەوروپاییی دەکەونو هەروا زمانی بەلتیکی، سلاڤی، ئەلبانیو ئەرمەنیش دەگرێتە خۆی، کۆمەڵە زمانانی centumیش زمانانی کیلتی، ئیتاڵی، یۆنانیو گێرمانی دەگرێتەوە، لە ژێرەوەدا زمانانی سەر بەخێزانی هیندوئەوروپایی جگە لە کۆمەڵە زمانانی هیندۆئێرانی زۆر بەکورتی خراونەتە ڕوو:-

– **توخاری**: زمانێکی سەردەمی کۆن بوو، لە هەزارەی یەکی پ.ز.دا قسەی پێ کراوەو شوێنەواری نووسراویان لە بەری ڕۆژهەڵاتی تورکستاندا دۆزراوەتەوە، توخاری هۆزێکی بەری ڕۆژهەڵاتی ئێرانی بوو.

– **خیتی: هیتی (لوڤی)**: کە ئەنادۆڵیشی پێ دەڵێنو زمانێکی دێرینی بووەو لە هەزارەی سێو دووی (پ.ز.)دا لە ئاسیای نێزیكو ئاسیای بچووکدا بڵاو بووبووەوە.

– **هیندی وە یا هیندوئاری**: ئەو زمانە ئارییانە دەگرێتەوە، کە لە هینددا بڵاو بووبوونەوە، وەك زمانی ڤیدیو سانسکریتی کۆن، کۆمەڵە زمانانی هیندوئاری سەردەمی نێوەڕاستو نوێ هەروا زمانانی نائاریشی گرتبووەوە، کە لە خاکی هینددا بڵاو بووبوونەوە.

– **ئەرمەنی**: نووسراوی کۆنی ئەرمەنی بۆ سەدەی پێنجەمی زاینی دەگەڕێتەوە.

– **سلاڤی**: سلاڤی کۆن، سلاڤی کەنیسا، کە بەو تێکستانە نێودارە، کە لە سەدەی نۆیەمدا پەیدا بووە. زمانی سلاڤی هاوچەرخ: پۆڵۆنی، ڕووسی، بولغاری، ئۆکراینی، مەکەدۆنیو بێلاڕووسیو یۆگۆسلاڤیو هی دی دەگرێتەوە.

– **بەلتیکی**: پروسی کۆن (سەدەی پازدەو شازدەی زاینی)، لیتوانی (سەدەی شازدەی زاینی)و لاتفی دەگرێتەوە.

– **ئەلبانی**: شوێنەواری نووسراوی بۆ سەدەی پازدەمو شازدەمی زاینی دەگەڕێتەوە.


– **گێرمانی**: بەشوێنەواری نووسراوی لە نێوان سەدەی سێیەمو پێنجەمی زاینیدا نێودارە، لەگەڵ زمانی گێرمانی کۆن (گوتی، ئەیسلاندی کۆنو هی دی)و کۆمەڵێك زمانانی هاوچەرخ سەر بەم گرووپەن وەك: گێرمانی (ئەڵمانی)، نەرویجی، سویدی، دانیمارکی، هۆڵەندی، ئینگلیزی، فریزی، ئەیسلاندیو هی دی.

– **ئیتالی (ڕۆمانی: لاتینی)**: کۆنترین شوێنەواری نووسراوی بۆ سەدەی شەشەمی (پ.ز.) دەگەڕێتەوە. زمانی ڕۆمانی هاوچەرخ: فەرەنسی، ئیتالی، ئیسپانی، پورتوغالی، ڕۆمانیو هی دیش دەگرێتەوە.

– **کیلتی**: بەو پارچە نووسراوانە نێودارە، کە لە خاکی فەرەنساو دوورگەکانی بەریتانیادا دۆزراونەتەوە، هەروا زمانی ئیرلەندی، سکۆتلەندیو گالیو زمانانو دیالێکتانی دیش دەگرێتەوە.

– **گریکی** (یۆنـانی) کـۆنو نـوێ: کـۆنترین شـوێنەواری نووسـراوی بـۆ سەدەی هەشتەمو حەوتەمی پ.ز. دەگەڕێتەوە.

**خێزانی زمانانی هیندوئەورووپایی**



## بڵاوبوونەوەی هۆزانی ئاریی زمان

هۆزانی ئاریی زمان، کە لە دۆڵی هیندوهۆزانی ئێرانی زمان، کە لە نێو خاکی ئێرانی ئـەمڕۆ و ئاسـیای نێوەڕاسـتدا بڵاوبوونـەوە، نـە هینـد و نـە ئێرانو نە ئاسیای نێوەڕاست خاکو خۆڵی بنجی ئەو هۆزانـە نـەبوون، کـە بەزمانی ئاری دواون، بـەڵکو دانیـشتوانی ئەسـڵی ئـەو هەرێمانـە بـەزمانی نێوچەیی خۆیان قسەیان کردووەو زمانەکانیشیان ئاری نەبوون.

تێکەڵاوبوونی زمانی هۆزانی کۆچەری ئـاری لەگـەڵ زمانـانی نێوچـەیی دانیـشتوانی ئەسـڵی هیندسـتاندا لـە کۆتـاییی هـەزارەی سـێو سـەرەتای هەزارەی دووی (پ.ز.)دا بوو، بەڵام تێکەڵاوبوونی زمانی هۆزانی کۆچەری ئاریی لەگەڵ زمانانی ناوچەییی دانیشتوانی ئێرانـدا بەماوەیـەکی کـەم لـە دوای ئەم کاتەی تێکەڵاوبوونەیدا لە هیندستاندا بووە. هۆزانی ئاریی زمان لـە دوای نیـشتەجێبوونیاندا و تێکەڵاوبوونیانـدا لەگـەڵ دانیـشتوانی ئـەو هەرێمانــەی دەســتیان بەســەردا گــرت، نووســراوی کۆنیــان بۆمــان جــێ هێشتووە، وەك نووسراوی ڤیـدی لـە هیندسـتانو نووسـراوی ئاوێستا لـە ئێراندا.

لێکۆڵینەوە لە نێوەڕۆکی هەردوو نووسراو ــ ڤیدیو ئاوێستا ــ ئـەوەی خستووەتە ڕوو، کەوا باپیرە گەورەی هۆزانی ئـاریی زمـان لـە ئێـرانو لـە هیندستاندا لە زەمانێکی کۆندا لە نێو یەك خاکدا بەیەکـەوە ژیـاونو ئـەو شـێوەزارانەی، کـە ئـاری بـوونو پێـی دواون، خزمایەتییـەکی نێزیکیـان لەگەڵ یەکدا هـەبووە. بابـەتی میتۆلـۆژی لـە هـەردوو نووسـراوی ڤیـدیو

ئاوێستادا زۆر لێك نێزیك بوون. بۆ وێنە نێوی پاشا ییم کوڕی ڤیڤاخڤانت، کە باسێکی میتۆلۆژی ناو ئاوێستایە، هەر هەمان بابەت لە نێو ڤیدیشدا هاتووە.

یەکێك لە تایبەتییەکانی هۆزانی ئاریی زمان هەبوونی چەند خواوەندێکە، کە بەندیواریان بەسروشتەوە هەبووە، وەك: خۆر، با، باران و... ئەم خوداوەندانە لە نێو بابەتانی نووسراوی ڤیدیو ئاوێستاشدا هاتوون، وەك: میثرا، لە ئاوێستاو میترا لە ڤید، کە خواوەندی ڕۆژ بووە، ڤاتە–ڤەیەی ئاوێستاو ڤیدی. کە خواوەندی هەوا بووە یەك بووە، دیسانەوە لە هەردوو نووسراودا خواوەندی نێرینە لە شێوەی ئەرام نەپاتدا گۆ کراوەو خواوەندی ئاهورامزدا لە ئاوێستادا لە شێوەی ئاهورا و لە ڤیددا لە شێوەی ئاسورا بووەو... هتد.

لە نێو شوێنەواری دێرینی گەلانی ئێرانیدا ئەوە بەرچاو دەکەوێت، کەوا هۆزانی کۆنی ئێرانی لە هەزارەی دووەمو یەکەمی (پ.ز.)دا زاراوەیەکی گشتییان لە خۆ ناوە، کە ئارییەو لە نێو ئاوێستادا لە شێوەی ئارییەدا هاتووە زاراوەی ئەیرییە لەو سەردەمەدا هەر تەنێ واتای ئێرانی زمانی–نەبەخشیوە، بەڵکو ئەو هۆزانەی خزمی نێزیکی خۆشیانی گرتووەتەوە، کە هیندی زمان بوون–OPанский 1988". ئەم زاراوەیە تێکەڵ بەنێوی هۆزانو نێوی تایبەتیش بووە، هەروەکو هۆزێکی ماد نێوی ئەریەزەنتو–هۆزی ئاری بووە. هۆزێکە سەکەسی–سەرماتی نێوی ئەلەن–ئەریی بووە "لە زمانی سەکەسیدا و ئەو زمانانەی تایبەتیەتی

وەك ئەویان هەیـە (ر)یٚ بـە (ل)یٚ دەگۆڕێـت.لـە نـاو چـیرۆكی فۆلكلـۆری ئۆستینیدا نێویان بەئالان هاتووەو لە زمانی ئۆستینی هاوچـەرخدا (ا) بـە (ۆ) دەگۆڕێت 1988 Opahcкий هـەروا ئـەم زاراوەیـە لەگـەڵ نێـوی تایبـــەتی پێـــشەوایانی سەكەســیدا زۆر بـــەكار هـــاتووە، ئەریەنتـــەس، ئەرییەپیسیس، ئەرییەرامنیڤو.. دارای یەكـەمی هەخامەنـشیش شـانازی بەوە كردووە كەوا ڕەچـەڵەكی ئـاری بـووەو لـە شـوێنەوارێكی نووسـراودا دەڵێت:—

Adem Därayaϑahuš xšäyaϑya vazraka xšäyaϑya xšäyaϑyanäm…vištäpahya puϑʳa haxämanišya pärsa pärsahyä puϑʳa arya aryačiϑʳa مـنم دارا پاشـای مەزن، پاشای پاشایان.. كوڕی ڤیستاسپی هەخامەنـشی، پارسـی كـوڕی پارس كوڕی ئاری ئاریاچیترە.

وە نەبێت زاراوەی ئیتنیكی ئاریە هەر لـە نێـو شـوێنەواری نووسـراوی كۆنـدا بـەكار هاتبێـت. بـەڵكو لـە سـەردەمی نێوەڕاستیـشدا زۆر بـەكار هاتووەو لە دۆخی خستنە سەر و كـۆدا شـێوەی ئـەریانامی هـەبووە، كـە هـەر لـەم زاراوە ئیتنیكییـەوە وشـەی ئێـران داڕێـژراوە. كـە لـە كوردیـدا شـێوەی (ئێـران) لـە فارسـیدا (ئـیران)و لـە تاجیكیـدا (ئـیرون)ە، ئـەو زمانانەی سەر بـەخێزانی زمانـانی ئێـرانین لـەو سـەردەمەی ئێـستادا بـەو خاكەوە بەند نین، كـە دەوڵـەتێك بـەنێوی ئێرانـەوەی لەسـەر دامـەزراوە، بەڵكو بەهۆی نیشانەی ڕەسەنیو ڕەچەڵەكی گشتیی نێوان ئەو زمانانەوە بەندنو هەروەك ڕوون بووەتەوە زمانانی ئێرانی لە سەردەمانی كۆندا هەر

له نێو خـاکی ئێرانـی ئـەمڕۆدا کـسەیان پـێ نـەکراوە بـەڵکو لـە سـنووری چینەوە "بۆ وێنە زمانی پامیری" تا وەکو ڕووباری دانـووب لـە ئـەوروپادا "وەك زمانی سکیثی: سەکەسی( بلاّو بووبووەوە، کە ئـەمڕۆ ئـەم ولآتانـە دەگرێتــەوە: کرگیزســتان، ئوزبەکـستان، تورکمانــستان، ئازەربایجــان، کوردستان، سەرووی کەوکازیاو ئۆکرانیا.

## هۆزانی ماد

لــه ســـەدەی نۆیـــەمی (پ.ز.)دا لـــه نێـــو شـــوێنەواری نووســـراوی ئاشوورییاندا بۆ یەکەمین جار هێما بۆ نێوی ماد کراوەو بەتایبەتی لە سەردەمی شەلمانسەری سێیەم (٨٥٨–٨٢٤ پ.ز)دا. لە نێو نووسراوانی ئاشووریدا لە شێوەی ئامادای هاتووە، لە نێو نووسراوانی مێخیدا وشەی مادا واتای زەوی‌وزار، خاك، وڵاتی گەیاندووە، بۆیە نێونانی ئاشوورییان بۆ ئەم هۆزانە لە ڕووی نەتەوەیی نەبووە، بەڵکو نێوێکی جوگرافی بووە، هەروەکو نێوی هەرێمی پارسوا کە کەوتبووە باشووری ڕۆژاوای گۆمی ورمێ، بوو بەنێوی ئەو هۆزانەی کە هاتن تێیدا نیشتەجێبوون‌و هەر لەم نێوەوە نێوی (پارس: فارس) دارێژرا.

نێوی مادا، مادای لە نیوەی یەکەمی هەزارەی یەکی (پ.ز.) ئەو هۆزانەی دەگرتەوە، کە بەچەند دیالێکتێکی ئێرانی زۆر لێکەوە نێزیك دواون‌و لە نێوان سەدەی ٩–٧ی (پ.ز.)دا لە دەوروبەری ڕووباری قیزل–ئوزون‌و دەشتی کافردا دەسوڕانەوەو بەرەبەرە شوێنی نیشتەجێبوونیان فراوانتر بوو، تا ئەو بەرزایانەشی گرتەوە، کە دەگاتە کەنداو لە بەری باشوورو تا گۆمی وانیش لە بەری باکورەوە، کە هاوتەریبی کێوەکانی زاگرۆس بوو و لە دواییشدا کوردستانیشی گرتەوە (د. جەمال ڕەشیدو د.فەوزی ڕەشید ١٩٩٠).

لــە نیــوەی دووەمــی ســەدەی هەشــتەمی (پ.ز.) بەســەرۆکایەتیی دەهیاکۆ پاشایەتی ماد دامەزرا، ئەو پاشایەتییە وا بەهێز بوو لە ساڵی

٦١٢ (پ.ز.)دا تــوانی بەســەر مــەزنترین دەوڵــەتی ســەردەمی کــۆن–ئیمپراتۆریــەتی ئاشــوورییەکان دابــدات کــە ئەمــەش بــە ســەرکردایەتیی کەیخەسرەوی پاشایاندا بوو، لە دوای ڕێککەوتنیـدا لەگـەڵ نەبوبلاسـەری بابلیدا، لە ئەنجامدا پاشایەتییەکەیان بوو بەئیمپراتۆریەتێکی گـەورە، کـە وڵاتـی مـاد، فـارس، ئاشـوور و ئاسـیای بچووکیـشی گرتـەوە، بـەڵام ئـەم ئیمپراتۆریەتە لە دوای کەیخوسرەودا زۆری نەخایاند، ئەوە بـوو لـە کـاتی فەرمانڕەوایەتی ئیستیاگیزدا دەسەڵاتداریەتی مادەکان کۆتاییی پێ هات، ئەویش بەزەوتکردنی ئەم دەسەڵاتدارییە لە لایەن کۆرشی یەکەمەوە، کـە دەڵـێن نـەوەی وە یـا خوشـکەزای ئیـستاگیز بـووەو نێـوی دەوڵەتەکـەی بەهەماخەنـشی گۆڕیـوە (د. جـەمال ڕەشـیدو د. فـەوزی ڕەشـید ١٩٩٠، дьяконов1956).

پێتەختی ماد ئەکباتان بوو، کە ئەمڕۆ بەهەمـەدان نێـو دەبرێـتو ئـەم نێـوە لـە زمـانی فارسـی کۆنـدا هـەمگماتانا بـووە، کـە واتـا گـشتییەکەی شوێنی کۆبوونەوە دەگەیەنێت (Г'рантовкий 1970).

لە نێو نووسینەکانی هێرۆدۆتدا نێوی شـەش خێڵـی مـاد هـاتووە، کـە ئەمانەن (ئاری زانت، پاریتا، کینۆی، بۆرسـای، سـترۆکاتیس، بۆودیـۆیو ماگۆ). (د. جەمال ڕەشیدو د. فەوزی رەشید، ١٩٩٠).

لە هەزارەی یەکی (پ.ز.)دا دەبێت نووسین لە خاکی مادا هەبووبێت، لەو نێوچانەی، کە مانێکان تێیدا نیشتەجێبوونو لە دواییدا بوو بەبەشـێك لە ماد، جۆرە نووسینێك بەکار هاتووە زۆر لە نووسینی ئورارتـوو چـووە، کە دوور نییە لەوەوە وەرگیرا بێت، هـەروا لـە دەوروبـەری گۆمی ورمێـدا

هێنـدێك نووسـراوی هیرۆگلـۆفی دۆزراوەتـەوە، کـە هـەروەکو هیرۆگلـۆفی ئورارتوو بووە، هیرۆدۆت لە نووسینەکانی خۆیدا هێمـا بـۆ ئـەوە دەکـات، کەوا لە سەردەمی دەهیاکۆ هەموو کار وڕووداو و کێشەی وڵات بەنووسین خراوەتە بەردەست دەهیاکۆ ئەویش بڕیارەکـانی خـۆی هـەر بـە نووسـین بـڵاو کردووەتـەوە، لەگـەڵ ئەوانەشـدا نابێـت گومـان لـەوە بکرێـت، کـەوا مادەکان نووسراویان نەبووبێت، بەڵام هەخامەنشێکان، کـە شـوێنکەوتەی ئەوان بوونو زەوتکەری دەسـەڵاتداریەتیان بـوون نووسـراویان هـەبووبێت (дьяконов1956، د. جەمال ڕەشیدو د. فەوزی ڕەشید ١٩٩٠، دکتر حسینقلی کاتبی ١٣٦٩).

لـە نێـو زمـانی مـاددا چـەند وشـەیەك ماونەتـەوە، کـە زۆر لـە زمـانی ئاوێستا نێزیکە وەك ئەسپە—مادی، ئەسپە—ئاوێستایی (ئەسپ)" سپەك— مادی، سـپەك—ئاوێـستایی (سـەگ)" تیگـری—مـادی، تـیری—ئاوێـستایی (تیــژ)" خــشەثــریتــە— مــادی، خــشەثــرە—ئاوێــستایی (پاشــایەتی، دەسەڵاتدارێتی)" ئارییە—مادی، ئارییە—ئاوێستایی (ئاری).

لە نێو تێکستەکانی زمانی فارسی کۆن وشـەیەکی زۆری بیـانی هەیـە، کە زمانەوانان وای بۆ دەچن، کە لە زمانی ماد وەرگیرابن وەك «هەورنـە— خـۆر، میثـرە—میهرەبـانی. خـشەثـرە—توانـایی. خـشیثیة—پاشـایەتی. ویــسپە—گــشتی، هــەموو. وەرزك—گــەورە، مــەزن. ئەســنە—ســینگ. ئەســپەرا—ئەســپە ســوار. زانتــا—هــۆز و خــەڵك. تیگــریس—تیــژ و..» (дьяконов1956، Cameron 1948، د. جەمال ڕەشـید و د. فـەوزی ڕەشید ١٩٩٠).

## هۆزی سەکەسی

هۆزانی سەکەس لە نیوەی یەکەمی هەزارەی یەکی (پ.ز.)دا لە بەری ڕۆژهەلاتی ئاسیای بچووکدا بەدیار کەوتن، جا لە ناوچەکانی کوردنشینی تورکیا و ئێرانی ئەمڕۆدا بلاوبوونەوە، ئەمەش لە دوای ئەوەی سەرجۆنی دووەمی ئاشووری لە ساڵی ٧١٤ی (پ.ز.)دا بەسەر دەوڵەتی ئورارتوویانی دادا.

لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆیەمی (پ.ز.)دا نێوی هۆزانی سەکەس لە نێو نووسراوەکانی ئاشووریدا بۆ یەکەمین جار لە سەردەمی ناسربالی دووەمدا لە شێوەی ئەشکوزای‌و کیمیرای‌دا هاتووەو ئاشوور بانیبال (٦٦٨–٦٢٨ پ.ز.) هەواڵی گەیشتنی ئەم هۆزانەی سەکەس هەتا سنووری میسری تۆمار کردووە، هەروا نێویان لە لایەن هیرۆدۆت هاتووەو هیبوکرات (٤٦٠–٣٧٧ پ.ز.) بەنێوی سەرمات، کە ئەوانیش جۆرە سەکەسێکن باس کردووە، لە نێو نووسراوانی یۆنانیدا ئاماژەی ئەوە کراوە، کەوا لە ئەسینادا هەبوون‌و بەهەڵگری تیرو کەوان نێودار بوون.

کۆمەڵێك لە هۆزانی سەکەس گەیشتوونەتە هەمەدان (ئەکباتانی پێتەختی مادەکان) و لە وڵاتی ماننا نیشتەجێبوون‌و دەوڵەتێکیان دامەزراند و هەرێمی کوردەواری‌و ئازەربایجانی ئەمڕۆی لە ئێراندا گرتبووەوە. بەم ڕەنگە سەکەسەکان لەو ماوەیەی لە کوردستان نیشتەجێبوون، کاریگەری لایەنی زمانەوانی‌و ڕەسەنی‌و ئەتنۆگرافی خۆیان بەجێ هێشتووەو هۆزانی سەکەس لە هۆزانی ئێرانی زمان بوون (د. جەمال ڕەشید ١٩٨٤و١٩٩٠ ).

## هۆزانی فارس

لەو کاتەدا، کە مادەکان نێویان لە مێژوودا هاتووە، هێژ هۆزانی فارس وەك هێزێکی سەربەخۆ نێویان نەبووە، بەڵکو بەچەند سەدەیەك لـە دوای ئەواندا هـۆزانی فـارس لـە بـەری باشـووری ڕۆژاوای ئێرانـەوە تـا نێزیکـی کەنداو بەنێوی ئەو شوێنەی کە تێیدا نیشتەجێبوون نێویان دەرکـرد، کـە شـوێنەکە لـە لایـەن ئاشـوورییانەوە بەپارسـوا نێـوی بـراوەو ئـەم نێـوە جوگرافییە لە نێوەڕاستی سەدەی نۆیـەمی (پ.ز.)دا لـە نێـو نووسـراوانی ئاشوورییاندا تۆمار کراوە، کە لە دواییدا بوو بەنێوی ئەو هۆزانـەی تێیـدا جێگیربوون، کە شێوەی کۆنی پارسا بـووە، جـا بـوو بـە(پـارس: فـارس) هۆزانی فارس هەروەك هۆزانی ماد لە مێـژووی کـۆنی ڕۆژهەڵاتـدا ڕۆڵێکـی دیاریکراویان هەبووە، کۆرش دەسەڵاتداریەتی لـە مادەکـان وەرگـرتو لـە سـەردەمی فەرمانڕەوایـەتیی خۆیـدا (٥٥٩–٥٢٩ پ.ز.) تـوانی خـۆی بـچەسپێنێتو بەیـەکجاری بەسـەر هـەموو مادیـشدا زاڵ بێـتو دەوڵـەتی هەخامەنشی دابمـەزرێنێت، کـە ئـەم دەوڵەتـە وا فـراوانتر بـوو میسریـشی گرتەوە ماوەی دەسەڵاتداریـشیان لـە نێـوان سـاڵانی (٥٥٩–٣٣٠ پ.ز.)دا بووە (The New Encyclopaedia Britanica 1986).

# زمانانی کوردستانی سەردەمی کۆن "خووری و ئورارتوو"

کۆنترین شێوەی وشەی کورد لە نێو نووسراوانی مێخیدا لە فۆرمی (مات کوردا[کی]) دا هاتووە، کە بۆ هەزارەی سێی (پ.ز.) دەگەڕێتەوە، وشەی "مات" سومەرییە و واتای هەرێم، ناوچە، نیشتمان و هەوارگە دەگرێتەوە ([کی]) نیشانەیەکی سومەرییە بۆ زەوی، لەو سەردەمەدا ئەو نێوە باکوری ڕۆژهەلاتی سووریەی ئەمڕۆی گرتبووەوە (Nashef 1982،Groneberg1980).

لەبەر ڕۆشنایی ئەو دۆکیومێنتانەی کە لە کوردستاندا دۆزراونەتەوە، ئەوە ئاشکرا دەبێت، کەوا لە هەزارەی سێی (پ.ز.)دا بەواتا بەر لە هاتنی هۆزانی ئاری زمانی وەك میتانی و هۆزانی ئێرانی زمانی وەك ماد و پورث و سەکەس و... بۆ کوردستان دانیشتوانی کوردستان بەزمانی (خووری: هووری) دواون، کە زمانێکی زاگرۆسی بووە و لە دواییدا شێوە پەرەسەندووەکەی نێوی ئورارتووی لێن دراوە. خوورییان نێزیکەی هەزار سالێك دەسەلاتدارێتیان لە ولاتی کوردەواری ئەمڕۆ تا ڕادەیەکیش هەرێمانی دەوروبەریدا هەبووە، بەلگەش بۆ ئەمە کە کوردستانی ئەمڕۆ مەلبەندی خوورییان بووە ئەو شوێنانەن کە لە شوێنەواری نووسراودا هاتوون و فەرمانڕەوایەتیان تێدا کردووە و ئەمڕۆش هەر کوردنشینن، خوورییان شوێنەواری نووسراویان بەزمانی خۆیان کە خووری بووە، هەروا بەزمانی ئەکەدیش بۆ بەجێ هێشتووین، لێرەدا ئەو شوێنەوارە نووسراوانە دەخەمە بەرچاو کە بەزمانی خووری نووسراون لەوانە

«شوێنەواری نووسراوی پاشای خووری تیش ئەتەل ٢٠٤٥–٢٠٣٧ پ.ز، ئەفسانەی پاشایەتی لە ئاسماندا، ئەفسانەی گلگامێشی سۆمەری، چیرۆکی ڕاوچی (کەشی)، کۆمەڵێك نامەی پاشای میتانی–توشراتە، کە لە (تل العمارنە) دۆزراونەتەوە، ئەرشیڤی بنەماڵەی وللو، هەروا ئەرشیفی بنەماڵەی تیخب تیللای خووری و...» (Gadd 1992، د. جەمال ڕەشید ١٩٨٨،Groz 1988،Filhelm 1992، د.کوردستان موکریانی، ١٩٩٥).

ئورارتوویان لە نیوەی یەکەمی هەزارەی یەکی (پ.ز.)دا هێزێکی ڕامیاری بەتوانای باکوری میزۆپۆتامیا بوونو خواوەندی مەزنیان خاڵدی لە موساسیر (میچیسیری ئەمرۆ) لە نێزیك ڕەواندز بوو، دەسەڵاتداریێتیشیان گەیشتبووە لای کێوەکانی کافو هەبوونی کاریگەریی زمانی ئەوان بۆ سەر زمانانی کەفکازیو ئەرمەنی لەگەڵ زمانانی خووریو ئورارتوودا پەیدا بکەن. Diakonoff & Strostin, 1986، Melikishvili ،1954،1953.

شوێنەواری نووسراو بەزمانی ئورارتوو لە زۆربەی ئەو هەرێمانەدا دۆزراونەتەوە، کە لە ژێر سایەی دەسەلاتداریێتیاندا بوون، کە لە فوراتەوە تا بەری باشووری ورمێ لە شاری موشەوە تا گۆمی سیڤانو باشووری سنووری گورجستانی گرتبووەوە، چوار سەد تابلۆی نووسراو بەزمانی ئورارتوو دۆزراونەتەوە، کە بابەتەکانی پێوەندی بەبنیاتنان، مێژوو و ئاینەوە هەیە هەروا دە نامەیەکیش کە زۆربەیان بۆ پاشا ئەرگیشتی یەکەمو سەردوری دووەم دەگەڕێتەوە. لەو شوێنەوارە نووسراوە

نێودارانــەی کــە بــەزمانی ئورارتــوو بۆمــان جێمــاون نووســراوی پاشــا ئیــشپوینی کــوڕی ســەردووی یەکەمــە، کــە لەســەر بــەردێکی کێلەشــیندا تۆماری  کردووەو...(د. کوردستان موکریانی ١٩٩٥).

تێکستێك بەزمانی خووری کۆن

نووسراوێکی تیشاری–پاشای ئورکیش سەدەی ٢٣–٢١ پ.ز:-

Tiś(ś)-ar-i/e‹[1] enda-n[2] UR.KS ÈŠ$^{ki}$ (we)[3] ; purli[4] $^{d}$PIRIG. GAL (-we)$^{d}$ pah – (a)śt-u-m[5] pur (u)li addi[6] halli[7] Lubagada-śś/żagr-u-in[8] ;(i)e-me-ni(n)[9] taśp-i[10] , halli[11] Lubagada-ś tapś-u-in[12], AN(-ś) haw – uh (?) – a[13] haż-u-we-in[14] $^{d}$NIN. NA . GAR$^{ki}$ (-ś) Šimig(e)-an Teśśob(-aś) , (i)e-me-ni(n) taśp-i[15] , halli inobe-inobe[16] ś/że – (i) d (o) – in[17]. (Дьяконов1967)

واتای بەزمانی کوردی

تیــشاری[١] پاشــای[٢] ئــورکیش[٣] پەرســتگەی نێرگــالی[٤] بینــاکرد[٥]، ئــەم پەرستگەیە[٦] کە[٧] لوباگادا با (بریـا) بیپارێزێـت[٨] ئەمـەی کـە لـە ڕاسـتیدا[٩] دەیڕوخێنێت[١٠] ئەوە[١١] لوباگادا با (بریا) لە نێوی بەرێت[١٢] خواوەندانی ئـان نزای[١٣] با بەجێ نەهێنێت[١٤]. خواوەنـدەکان نـین. نـا. گـار (ژ) شـیمیگان[١٥] تیشوب دەبا دە هەزار جار دە هەزار جار (؟)[١٦] نەفرەتی لێ بکەن[١٧].

تێبینی

١– نێوی تایبەتییە، ڕستەیە ، -ar-i/e کاری فەرمانە – بدە، -ś Tiś نازنێوی خواوەندی مانگە (؟) Tiśś-ari– سەرکاری ڕستەی: Tiśś-ari endan UR.KÈŠ^ki تیشاری (هەیە) پاشای ئورکیش.

٢– وشەی enda بەپێی ئەو تێکستەی بەردەست واتای–ئەو پاشای ئورکیش (هەیە) دەگەیەنێت، بەلاّم لە نێو تێکستانی دیدا بەرچاو نەکەوتووە.

٣– لەگەڵ تێبینی ژمارە (١)دا بەراوردی بکە.

٤– واتای پڕ بەپڕی purli خانوو دەگەیەنێت.

٥– pah– ڕەگی کارە، نیشانەی (a) لە زمانی کۆنی ئەکەدیدا بۆ دەربڕینی ha،ha بەکار هاتووە.

٦– addi لە زمانی خووری کۆنتردا andi بووە.

٧– وشەی halliی خووری لەگەڵ atəی ئورارتوودا بەراورد بکە، کە واتای (ئە ئەوە، ئەوەی کە، کە)ی بەخشیوەو هێندێك لە خووریلۆژان وای بۆ دەچن، کەوا جێناوی نیشانەی anniی هەر addi-he-alli بێت، کە مانای ئەوە–هەتا دەبەخشێت، کە مەبەستی لە ئەم خواوەندە هەتا پەرستگەیە.

٨– دەتوانرێت کاری šagr-u-in وا ڕوون بکرێتەوە. کەوا لە شێوەی کاری فرمانە بۆ کەسی سێیەمی تاك.

٩– je– هەتا، -me- هی وی (ئەو)، ni//nin لە ڕاستیدا، halli–
کە.

١٠– وا دیارە کرداری کارا بزری کارێکی تێ پەڕە.

١١– واتای پڕ بەپڕی (ئەوەی کە)یە.

١٢– لە ڕووی داڕشتنەوە لەگەڵ تێبینی ژمارە (٧)دا بەراوردی بکە.

١٣– -a- جێناوی هەیی کەسی سێیەمی تاکەو لە کۆنتردا لە شێوەی (j)a-دا بووە، دوور نییە تیپی w و u وo بووبێت، لەگەڵ پاشگری -u/ohhe دا بەراوردی بکە.

١٤– جۆری ناکراوی šagr-u-in, tašp-u-in دانانی هاوتەریب بووە، -u- لە (کۆنتردا -i-) نیشانەی تێ پەڕ بووە، -w(a)- نیشانەی بەرکاری بوون.

١٥– لێرەدا an- ئامرازی پێوەندییەو ئەگەرچی لە زمانی کۆنتری خووریدا بە کۆتاییی ناوی Teššobەوە لکاوە

١٦– i-na-u-be//i-nu-be لە ڕووی گکردنەوە inobe بووە.

١٧– لە باری کۆی هەمان شێوەی ئەم دوو وشەیە šagr-u-in و tašp-u-inدایە (i)d(o)- نیشانەی کۆیە -ido-in>din لەگەڵ -tinəی ئورارتوودا، کە فەرمانەو لە باری کۆدایە بەراوردی بکە.

تێکستێك بەزمانی ئورارتوو

لە نووسراوەکانی پاشا– ڕووسای دووەم کوڕی ئەرگیشتی، کە بۆ سەدەی (٧) (پ.ز.) دەگەڕێتەوە:

$^{d}$Hal-di-e[1] EN-ŚŪ[2] i-ne $^{NA}$pu-lu-še $^{m}$Ar-giš-te-hi-nė-še[4] ku-ju-ne $^{d}$Hal-di-nė-nė[5] uš-ma-ši-nė[6] $^{m}$Ru-sa-a-še $^{m}$Ar-giš-te-hi-né-še- a-le $^{KUR}$Ķu-ub-li-nė hu-bE-i[7] ķi-ú-ra-a-nė šú-le-e ma-nu[8] ú-i jė-e-i[9] iš-ti-nė ma-nu-r[e][10] š[ú]-ki[11] $^{d}$Hal-di-še[12] ú-bar-du-du-né[13] i-e-še-i-né $^{GIŠ}$ul-de-e[t]e-ru-be[14] … URU[15] šú-he[16] iš-ti-né-šá-tú-ú-ú-le[17] pi-le $^{ID}$IL-da-ru-ni-a-né[18] a-gu-ú-bé[19]…. i-nu-ka-hi-ni-e[21,22] $^{m}$RU-sa-i-ni-e[21,23] hu-bi-jè[21] a-še[20] pi-le-ni-ke-du-le[24] UDU.MÁŠ.TUR $^{d}$Hal-di-e ni-ip-se-du-le-ne[25]… a-še A$^{meš}$ e-ši-a[26] si-u-le[27] MÁŠ.TUR $^{d}$Hal-di-e ni-ip-se-du-le…[$^{m}$]Ru-sa-a-né[28] $^{m}$Ar-gis-te-he-e LUGÁL DAN.NU[29] LUGÁL al-su-i-né[30] ILUGAL-ne $^{KUR}$šú-ra-u-e[31] LUGÁL $^{KUR}$Bi-a-i-na-u-e[32] LUGAL LUGAL $^{meš}$-ú-e a-lu-s-e[33] $^{URU}$Ţu-uš-pa-e[34] pa-ta-re $^{[m]}$Ru-sa-aše [$^{m}$]Ar-giš-te-h-né-še a-le-a-lu-še[35] i-né DUB-te-e [t]ú-li-e[36] a-lu-še pi-tu-li-e…a-lu- se u-li-še[37] ti-ú-li-e i-e-še z/ṣa-du-ú-bé a-lu-š-ti- ne-ne[38] tú-li-e ma-se-e[39] [t]i-né te-li-i[40] e-a-i $^{KUR}$Bi-a-i-né-še[41] e-a-i lu-lu-i-ne-še $^{d}$Hal-di-še $^{d}$IMse $^{d}$UTU-né-še DINGIR$^{meš}$-še [m]i-i ti-i-ni mi-i ar-mu-ze-i mi-i zi-il-bé-i[42] ķi-ra-i-di[43] [k]u-li-tú-ú-n[é][44] (ДЬЯконов1967)

واتای بەزمانی کوردی:

(خواوەنـدی) خالـّدی[١] پاشـایەتی خـۆی[٢] (دەسـەلأتداری خـۆی) بـە ڕووسا[٣] (کوڕی) ئەرگشتی[٤] (دا)، نووسـی: خالـّدی[٥] (لـە) چاکەی ڕووسـا[٦] (کوڕی) ئەرگشتی ئەئاوا (دەدوێت): لە دۆڵی کۆبلی[٧] زەوی بیٚ بەر بـوو[٨]، هیچی[٩] تێدا نەبوو[١٠] من (یش)[١١] خالّدی[١٢] فەرمانی دا (؟)[١٣] من ئـەم ڕەزەم ڕێك خست[١٤] گوندەکان[١٥] سـەرلەنویٚ[١٦] لەوێـدا ئـاوەدان بوونـەوە[١٧] کـەنال لـە[١٨] (ڕووبـاری) ئولـّدارونا (م) ڕاکێـشا[١٨] بـۆ[٢١] ئـەوەی[٢٢] هەرکـە[٢٩] ڕژایـە (هاتـە)[٢٤] نێـو کـەناڵ، ڕووسـا[٢٣] مـەڕ بـۆ (خواوەنـدی) خالـّدی (بکەنـە) قوربانی[٢٥]... هەرکە لە ئاسمانەوە[٢٦] ئاو دەچۆڕێتە خـواریٚ دەبـا بـزن بـۆ (خواوەندی) خالّدی (بکەنە) قوربانی ڕووسا (کوڕی) ئەرگشتی[٢٨] پاشـای بەتوانا[٢٩] پاشـای مـەزن[٣٠] پاشـای هـۆزانی[٣١] (سـەربەخۆ) پاشـای بیاینـا[٣٢] پاشای پاشایان، دەسەلأتدار[٣٣] شاری توشپی[٣٤] ڕووسا (کوڕی) ئەرگـشتی ئەئاوا (دەدوێت): ئەو کەسەی[٣٥] ئەو (نووسراوە) بسڕێتەوە، ئەو کەسـەی دروستی کـرد[٣٧] وای پـیٚ دەڵێـت:" مـن (ئـەوەم) دروسـت کـرد" ئـە ئـەو کەسەی (ئەو) ناوە لە نێو بەرێت[٣٨] و نێوی خۆی[٣٩] لـە شـوێنی دابنێـت[٤٠]، بیاینا[٤١] و بێگانە[٤٢] —خالّدی تەیشیپا شیڤین‌و خواوەندانی (دی) نە نێو نە نەوەی[٤٣] (؟) نە تۆی ئەو (ان) با بۆ زەوی (لێیان) بەجیٚ نەهێڵێت[٤٤].

تێبینی:

١– (d) نیشانەی خواوەندە، Haldi-jə لە دۆخی مەبەستدایە.

٢- به ewri-je دەخوێندرێتەوەو واتای پاشا، دەسەڵاتدار دەگەیەنێتو له دۆخی مەبەستە.

٣- m نیشانەی نێوی تایبەتییەو له دۆخی بزرە.

٤- ئاوەڵنـاوی هـەیی لـە دۆخـی بزریدایـەو بەیارمـەتی ئـامرازی -he داڕێژراوەو له باری دیارخەریدایە.

٥- Haid(i)-inə ئاوەڵناوی هەیییەو له دۆخی داناندایە.

٦- نێوی ئۆبستراکتەو له دۆخی داناندایە.

٧- ku-ub-ne واتای خۆیی دەبەخشێتو بەیارمەتی inə و hu-be-i له دۆخی خستنە سەرەو kur نیشانەی کێوە.

٨- man-oمـان، شـێوەی کـۆنی مـان بـووە. (o-) نیـشانەی کـۆنی تێنەپەڕ بووە بۆ کاری man.

٩- شێوەی ناکراوی جێناوی نادیاری ji(i) بووە. که واتای هەر کەسێك، هەر شتێك، هەر چییەکی گەیاندووە.

١٠- ناوی بکەر و ناوی کراوی ئەنجامدارە.

١١- جێناوە له دۆخی تیاندایە.

١٢- له دۆخی بزردایە.

١٣-کاری گێڕاوەیی کەسـی سـێیەمە، -u نیـشانەی کـاری تـێ پـەڕە، d کارە – فرمانیدا.

١٤- کاری تێ پەڕە بۆ کەسی یەکەمی تاك.

١٥- لــه بــاری كۆدایــەو لــە ڕووی گرافیكــەوە دەرنــەبڕاوە، بــەڵام بــە paatare-lə دەخوێندرێتەوەو شێوەی تاكی ئەم وشەیە patarə.

١٦- ئاوەڵناوەو ڕۆڵی ئاوەڵوشەی كاریدایە.

١٧- كاری تێ پەڕە.

١٨- لە دۆخی مەبەستدایە.

١٩- كاری تێپەڕەو لەگەڵ ag- ی خووریدا بەراوردی بكە.

٢٠- ئامرازی گەیەنەرە.

٢١- لــە دۆخــی مەبەســتدایەو لــە ڕووی گرافیكــەوە واتــای (هــاتووە)ی بەخشیوە.

٢٢- ئـەم وشـەیە لـە بنـچینەدا بـەمجۆرە بـووە: in(a) uka(i)-he-nə-jə، كە واتای (ئە ئەوەی "من" )ی گەیاندووە.

٢٣- ئاوەڵناوی هەیە.

٢٤- كاری تێ نەپەڕی ناتەواوەو لە دەمكاتی داخوازی دایە.

٢٥-كاری تێ نەپەڕە.

٢٦- لە دۆخی شوێندایە بەیارمەتی (a-).

٢٧- كاری تێ نەپەڕی تەواوەو لە دەمكاتی داخوازیدایە.

٢٨- Rusa-nə لـە دۆخــی ئەبــسۆلۆتدایەو نیــشانەی ناســیاری لەگەڵـدا هاتووە.

٢٩- LUGAL وشــەیەكی ســومەرییەو بــەواتای پاشــا، NU،DAN وشەیەكی ئەكەدییەو بە erel tara(i)eی خوێندراوەتەوە.

٣٠– ئاوەڵناوەو بە inə- کۆتاییی هاتووە.

٣١– šur ، لە باری تاکدایەو واتای شێر، چەکی گەیاندووە šuršələ لەباری کۆدایەو واتای کەرتەی نیمچە سوپایی (گوندەکانی) بەخشیوە.

٣٢– دەوڵەتی ئورارتوو بەخۆی گوتووە Biainil، کە کۆی ئاوەڵناوی ئەتنیکی وشەی bin-in، بووە.

٣٣– ئاوەڵناوەو وەکو ناو بەکار هاتووەو کۆتایی بە usə هاتووە.

٣٤– وشەی Tušpa-e لێرەدا بۆ patarə- شار دەگەڕێتەوەو هەروەك دەبینین گیترۆگرامی URUی (شار)ی لەسەر دانراوەو واتای شاری توشپای گەیاندووە.

٣٥– لە باری بزردایەو جێناوی ale-laluی لەگەڵدا هاتووە.

٣٦– ə(i)ə<tur-u-l-e(i)ə -tulej دەمکاتی داخوازیو مەرجە، لەگەڵ نووسینی پاشا– مینەوا (س) بەراوردی بکە: a-lu-še pa-ha-n [e-le] iš-ti ne-ne کە لە دۆخی داناندایە، کێ (مانگایان) (لە باری کۆدایە) لێرەوە لەگەڵ خۆی دەبات (دەیڕفێنێت)، -ši-u-l- eja-lə بەرکارەو کەسی سێیەمی کۆیە، بەڵام -a-lu-še ni-ri bé iš-ti-né-ha-a-n-lie-e (کێ لێرەدا (مێگەلە) مەڕ دەبات بڕوانە (Меликиґшвили 1965).

٣٧– لە دۆخی بزردایە.

٣٨– له باری ناسیاریدایه (n-) لـه ئاوەڵنـاوی tinə<tiwe-(i)nəەوە هاتووە، کە ڕۆڵی ناوی گێڕاوە، خووری tiwe– وشە، کسە، بەڵێن .

٣٩– جێناوی ئاوەڵناوییەو لە ma-(u)se وە داڕێژراوە.

٤٠– لە ter-u-e(j)ə وە هاتووە.

٤١– ئاوەڵنـاوەو لـە دۆخـی بزردایـەو بـە inə کۆتـاییی هـاتووەو لەگـەڵ خاڵی ژمارە (٣) دا بەراوردی بکە.

٤٢– جێناوی هەیی کەسی سێیەمی تاکە.

٤٣– دۆخی ڕێچکەیە qəwra-edə.

٤٤– داڕشـتنەکەی ئەوەنـدە ڕوونو دیـار نییـەو لەوانەیـە ku(l-u)-l- ejə-ito-ne بێـت، کـە شـێوەی کـۆی u-l-ejə– ەو نیـشانەی بەرکاریشی هاتووەتە سەر، کە کەسی سێیەمی تاکە.

# زمانی ئێرانی سەردەمی کۆن

لە نێو شوێنەواری نووسراوی سەردەمی کۆنـدا نێـوی هێنـدێك هـۆزانی ئێرانی زمان تۆمار کراوە: هەروەك نووسراوانی ئاشوورییان، کە نێوی دوو هـۆزی ئێرانـی —مـاد و سـەکەس لـەو بارانـەدا دەبـەن، کـە ئاشـوورییان هێرشیان بردوونەتە سەر و بەرەنگاریان بـوونو ڕووداوەکـان بـۆ سـەدەی نۆیەم_حەوتەمی (پ.ز.) دەگەڕێتەوە.هەروا لە نێو نووسـراوانی جێمـاوی زمانـانی ئورارتـوو و ئیلامیـشدا نێـوی هـۆزانی ئێرانـی—مـاد لـە سـەدەی یەکەمی هەزارەی یەکی پ.ز.دا لە کاتی باسکردنی ڕووداوانی مێژوویی لە نێو خاکی ماددا نووسراوە سەرچاوە دێرینەکانی گـریکیش لـە باسـکردنی هێرشـەکەی ئەلیـسکاندەردا بـۆ سـەر ڕۆژهـەلات باسـی هـۆزانی ئێرانـی زمانیان کردووە، لـە سـەدەی پێنجـەمی (پ.ز.)دا لـەنێو دۆکۆمێنتـەکانی ئارامیشدا تیشك خراوەتـە سـەر لایـەنی جـەنگی هەخامەنـشیان. لـەنێوان سەدەی شەشەمو چوارەمی پ.ز.دا لـە سەرچـاوەکانی هیندیـدا کۆمـەڵێك زاراوەی جـوگرافیو ئیتنیکـی، کـە بەنـدیواری بەگـەلانو هـۆزانی ئێرانـی زمانەوە هەیە بەرچاو دەکەوێت، بەتایبەت لەنێو بەرهەمی پانینیدا.

لەگەڵ سەرەتای هەزارەی یـەکی (پ.ز.)دا کۆمەڵـەی گـەورە گـەورەی هۆزانی ئێرانی زمان لە نێو ئەو خاکانـەدا بـەدی دەکـران، کـە کەوتبوونـە بەری ڕۆژاوا و باشووری ڕۆژاوای ئاسیای نێوەڕاسـت بەتایبـەتی لـە بـەری ڕۆژاوای بەرزاییەکانی ئێرانـدا. دانیـشتوانی میزۆپۆتامیـاو بـەری ڕۆژاوای ئێـران بـەزمانی نێوچـەیی خۆیـان دەدوان، لـە کێوەکـانی بـەری ڕۆژاوای

ئێراندا هۆزانی شاخاوی– کاسیو لوولوویی دەژیان، کە بـەزمانێك دەدوان وا پیێ دەچێت خزمایەتی لەگەڵ زمانی ئیلامیدا هـەبووبێت ( Дbяконов 1960) هەر لەم سەردەمە کۆنەو لە سەردەمی پێشتریشدا بە واتا لەگـەڵ پەیـدابوونی نووسـینداا دانیـشتوانی کوردسـتان بـەزمانێك دواون هـیچ پێوەندییەکی بەزمانانی ئێرانێوە نەبووە، کە زمانی خووری بووە.

## زمانی ئاوێستا

ئاوێستا به كۆنترین و گرینگترین شوێنەواری نووسراوی كۆنی زمانانی ئێرانـی دەژمێردرێـت، تێكـستە ئاینییـەكانی پەیامبـەری ئێرانـی – زەردەشت–ی پێ نووسراوەتەوە، بۆیە بەزمانێكی دینی دانراوە.

دەستنووسـە ئۆریژینالەكـەی ئاوێـستا لـە هێرشـەكەی ئەسـكەندەری مەكەدۆنیدا لەنێو چووەو ئەو تێكستانەی ئاوێستا، كە ئێستاكە هـەن هـی كاتی ساسانییەكانە(The New Encyclopaedid Britannica 1986) هێندێك له زانایان وای بۆ دەچن، كـەوا ئـەو تێكـستانە بـۆ یەكـەمین جـار بەئـەلفوبێی ئـارامی لـە دەوربـەری كۆتـاییی سـەدەی یەكـەمی زاینیـدا نووسرابنەوەو هێندێكی دیش لەو باوەڕەدان، كەوا شێوەی نووسـینەوەی باوەڕپێكراوی له سەدەی چوارەم وه یا له نێوەڕاستی سەدەی شەشەمدا نووسـراوەتەوەو سـەردەمی نووسـینی ئاوێـستای جێمـاو بـەواتا كـۆنترین ئاوێستای دەستنووس بۆ سالی (١٢٧٨)ی زاینی دەگەڕێتەوە (sokolov 1967).

ئاوێـستای ڕۆژگـاری ساسـانییان (٣٤٥٧٠٠) وشـە بـووە، زەنـد، كـە كۆمینتـاری بـەواتا لێكدانـەوەی نـاوەڕۆكی ئاوێـستایەو لـە سـەردەمی ساسانییاندا بەزمانی فارسی نێوەڕاست نووسراوەتەوە (٢٠٩٤٢٠٠) وشـەو ئاوێستای ئەمڕۆ (٨٣٠٠) وشەی گرتووەتە خۆی (پورداود ١٣٤٣).

ئاوێستا هەر له بنچینەدا برێتـی بـووە لـە بیـست و یـەك كتێـب، هـەتا ئەوەی كه له سـەردەمی ساسـانییاندا كـۆ كراوەتـەوە هـەر بیـستو یـەك

پەڕتووك بووەو لێكدانەوەی ئەم بیستو یەك پەڕتووكە لـە نێـو بەرهـەمی دیدا كراوە هەروەك پەڕتووكی پەهلـەوی – دینكـردو هـی دی (پـوور دواد ١٣٤٣).

ئاوێستای دەستنووسی جێماو ئەم بەشانەی ژێروو دەگرێتەوە:

١– یەسنا: تێكستی ئاینی زەردەشتە، كۆنترین بەشانی ئاینی بـرێتین لـە (هوم یەشت، یەسنا هەپتاهاتی، كە ئەمەیان بەشێك لە گاتاكـان نییـە، ئەگەرچی بەهەمان دیالێكتی ئەو نووسراوەتەوە).

٢– ڤێسپەرد: بەتەواوكەری یەسنا دادەنرێت.

٣– ڤەندیدات: ڤیدیڤدات: كۆمەڵە باسێكە لە بارەی دژایەتی بەرامبـەر بـە خێوی شەڕدا.

٤– یەشت: لە ڕووی ناوەڕۆكـەوە بـەكۆنترین بەشـی ئاوێستا دادەنرێـتو برێتییە لە ٢٢ سروود.


٥– هـوردە ئاوێـستا – هەوتـەك ئەپەسـتەك: لایـەنی لایـستی گرتووەتـە خۆی.

دینـی زەردەشـتی بـۆ یەكـەمین جـار لـە باختریـادا بـە واتـا لـە بـەری ڕۆژهــەڵاتی ئێرانــدا ســەری هەڵــداوە، جــا لــەوێوە بــەرەو ڕۆژاوا بــڵاو بووەتەوەو میدیا بووە بەمەڵبەندی دینی زەردەشـتیو پیـاوانی ئاینـداری هۆزی ماگای وە یا ماگۆی "مەجووس" مادی مەشـخەڵی ڕێبەرایـەتی ئـەم دینەیان لە نێو هەموو هۆزانی ئاریاندا بەدەستەوە گرتووە.

زمانی ئاوێستا لـه ڕووی دارشـتنی ڕێزمانییـهوەی زۆر کۆنـه هـەروەکو زمانی ڤیدی–سانسکریت. له زمانی ئاوێستادا تایبەتێتی گەردانکردنی نێو و کـار هەیـەو چـەند جـۆره بناخـەی نێـو و کـاری تێـدا بـەدی دەکرێـت. بەشـەکانی ئاوێـستا لــه کــاتو شــوێنی جۆراوجــۆردا کــۆ کراونەتــەوەو نووسراونەتەوە، بۆیه زمانەکەی یەك ڕەنگ نییه، بەڵام مۆرکی تایبـەتێتی دوو دیالێکتی پێـوه دیـاره، یەکـەمیان دیـالێکتی گاتاکـان (کـه یەسـناش دەگرێتەوە) و دەڵێن زمـانی خـودی زەردەشـتەو لەوانەیـه زمـانی هـۆزی ماگای مادی بێت. دووەمیان دیالێکتی بەشەکانی دی ئاوێستا.

ئــەلفوبێی ئاوێـستا لەسـەر ئــەلفوبێی پەهلەوییـەکان داڕێـژراوە، کـه ئەویش له ئەلفوبێی ئارامی وەرگیراوە، ئەلفوبێی ئاوێستا برێتـی بـووه لـه چـوارده بـزوێنو سـی و پێـنج نـەبزوێن و نیمـچه بـزوێن، هـەروەکو لـەم خشتەیەی ژێرەوودا دیاره:

"ئەلفوبێی ئاوێستا بزوێن"




Opaнckuu 1988, Sokolov 1967

یەکەمین وەرگێڕانی ئاوێستا بۆ سەر زمانی بێگانە بەفەرەنسی بووەو لە ساڵانی ١٧٦١–١٧٧١دا بڵاو کراوەتەوەو ئەوەی ئاوێستای وەرگێڕاوەتە سەر ئەم زمانە گەنجێکی فەرەنسی بووە بەنێوی ( Anquetil du Perron 1805-1731) کە ماوەی شەش ساڵ (١٧٥٥–١٧٦١) لە

ڕۆژهەڵاتدا ژیاوەو دەسنووسی کۆکردووەتەوەو لە گەڕانەوەیدا بۆ پاریس وەری گێڕاوەتە سەر زمانەکەی خۆیو لێی کۆڵیوەتەوە. هەر لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەم بەرهەمەدا دەیان ڕۆژهەڵاتناس خۆیان بەتۆژینەوە لە لایەکی ئاوێستادا خەریك کردووە، بۆ وێنە زانا (K. Rask ١٧٨٧–١٨٣٢) ئەوەی پێشان دا کەوا زمانی ئاوێستا خزمایەتی لەگەڵ زمانی کۆنی هیندی–سانسکریتیدا هەیە، هەروا سانسکریتیلۆژی فەرەنسی (Burnof 1852-1851) بەڕێگەی بەراوردکردنی ئەو دوو زمانە خزمە – ئاوێستاو سانسکریت توانی ئەو تێکستانەی، کە ئەنگلیتیل بۆی نەلوابوو وەریان بگێڕێتە سەر زمانی سانسکریتییەوە ساغیان بکاتەوەو ئەو کارەش بەیارمەتی وەرگێڕانەکەی ئاوێستا بوو بۆ سەر زمانی فارسی نێوەڕاست، لە ساڵی ١٨٣٣دا هێندێك لە تێبینییەکانی ئەم زانایە لە ڕووی ڕێزمانی ئاوێستاوە بڵاو کراوەتەوە، هەر لەم بوارەدا (F.Bopp ١٧٩١–١٨٦٧) بەرهەمێکی بەراوردکاری نێوان زمانی ئاوێستاو سانسکریتو گریکی کۆنو لاتینیو چەند زمانێکی دیکەدا پەخش کردووەتەوە. بەدوای ئەم کارە مەزنانەدا دەیان زمانەوانو ڕۆژهەڵاتناس

لێکۆڵینــەوەی زانــستانەیان لــە بابــەتی جۆراوجــۆری ئاوێــستادا بــڵاو کردووەتەوە.

لـە سـەدەی نۆزدەمـدا لـە دوو لایەنـەوە لـە ئاوێـستا کۆڵدراوەتـەوە، لایەنی مێژوویی‌و لایەنی بەراوردکردنی لەگەڵ زمانی سانسکریتیدا، کە لـە ئەنجامــدا لێــک نێزیکبــوونی ئــەم دوو زمانــە کۆنــە بەدەرکــەوت (Sokolov1967). هەروەکو لەم خشتانەی خوارەوەدا دیارە:–

١– تەماشای گەردانکردنی کـاری (بـردن) بکـە، کـە لـە ئاوێـستادا ڕەگـی (بــەر–) لــە سانــسکریتدا ڕەگــی (بهــار–)ی هــەبووە، دەمکــاتی ڕانەبردووی بەمجۆرە گەردان کراوە:

| زمانی ئاوێستا | زمانی سانسکریت | کوردی ئەمڕۆ |
| --- | --- | --- |
| *barāmi* | *bhárāmi* | دەبەم |
| *barahi* | *bhárawi* | دەبەیت |
| *bara*$^{i}$*ti* | *bhárati* | دەبات |
| *barāmahi* | *bhárāmawi* | دەبەین |
| *barawa* | *bháratha* | دەبەن |
| *barənti* | *bháranti* | دەبەن |

٢– جێناوی (*azəm*) لە زمـانی ئاوێـستادا و (*ahám*) لـە زمـانی هینـدی کۆنـدا بـۆ کەسـی یەکـەمی تـاک لـەم دۆخانـەی ژێـرەوەدا بـەم شـێوەیە دارێژراون:

| دۆخ | زمانی سانسکریت | زمانی ئاوێستا |
|---|---|---|
| نێوی | *ahám* | *azəm* |
| بەرکاری | *mām,mā* | لکاو *mā، mām* |
| مەبەست | *mē* | *mē* |
| دانان | *mát* | *mat* |
| خستنە سەر | *mana,mē* | لکاو *mana,mē* |

٣- بەراوردکردنی ژمارە لە نێوان زمانی ئاوێستا و زمانی سانسکریتدا Burrow 1955,1965,1973, Sokolov 1967,Opahchuu, 1960,1963,1988.

| کوردی ئەمڕۆ | زمانی سانسکریت | زمانی ئاوێستا |
|---|---|---|
| دوو | *dvá-* | *dva-* |
| سێ | *trí* | *ϑ ri* |
| چوار | *čatvā̆r* | *čaϑwār* |
| پێنج | *pánča* | *panča* |
| شەش | *ṣáṣ* | *xŝvaŝ* |
| حەوت | *saptá* | *hapta* |
| هەشت | *aṣṭā* | *aṣta* |
| نۆ | *náva* | *nava* |
| دە | *dáśa* | *dasa* |

| | | |
|---|---|---|
| بیست | vīśati | Visaiti |
| سی | triśát- | ϑrisait- |
| سەد | śatá- | sata- |

٤– گۆڕانی دەنگ لە نێوان وشەی هاوچەشن‌و هاوواتا لە هەردوو زمانی ئاوێستاو سانسکریتدا بەتایبەتی گۆڕانی(z, θr,h)ی ئاوێستا بە (h,tr.s وە یا ĵ ):–

| کوردی ئەمڕۆ | زمانی سانسکریت | زمانی ئاوێستا |
|---|---|---|
| حەوت | saptá | hapta |
| لە ، ژ | sáča | hača |
| پاشایەتی | xšatrá- | xšaϑra- |
| کوڕ | putrá- | puϑra- |
| سێ | tri- | ϑri |
| دەست | hásta- | zasta- |
| بازوو | bāhů- | bāzu- |
| زەریا | jrāyas- | zrayah- |
| خێڵ | ĵantů- | zāntu- |

لە بەراوردکردنی ئەم پنتانەی ژووروودا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کەوا پێوەندی نێوان زمانی ئاوێستاو سانسکریتی کۆندا ئەوەندە بەهێز

بـووە، بۆیـە ناتوانـدرێت بـەراورد لـە نێوانیانـدا نـەکرێت، بـەڵام لـە ڕووی ڕێزمانـەوە جیـاوازی لـە نێـوان دەنگەکانیـشدا سـەری هەڵـداوە، ئـەویش بەهۆی گۆڕانی بـاری جـوگرافی، ئـاینی، ڕۆشـنبیری نێوانیانـدا ڕووی داوە .(Burrow 1973)

### تێکستێك بەزمانی ئاوێستا– ڤیدیڤداد II ، 2-I

*1. pərəsat zaraɈuštrō ahurəm mazdãm: «ahra mazda mainyō spəništa dātare gaēɈanãm astvitinãm ašāum, ķahmāi paoiryō mašyānãm apərəsə tūm yō ahurō mazdā anyō mana yat zaraɈuštrāi? ķahmāi fradaēsayō daēnãm yām āhūirīm zaraɈuštrīm?»*

*2. ãaṯ mraot ahurō mazdå: yimāi stīrāi hvã?wāi, ašāum zaraɈuštra, ahmāi paoiryō mašyānãm apərəse azəm yō ahurō mazdå anyō ?waṯ yaṯ zaraɈuštrāṯ, ahmāi fradaēsaēm daēnãm yãm āhūirīm zaraɈuštrīm.* (Оранскuu 1960, 1963)

واتای بەزمانی کوردی :

١– زەردەشـت لـە ئاهۆرامـازدای پرسـی:" ئـەی ئاهورامـازدا، گیـانی پیرۆز، دروستکەری تەن، دادپەروەر لەگەڵ کێدا بۆ یەکـەمین جـار بێجگـە لە من (زەردەشـت) تـۆ کـسەت کـردووە، ئاهورامـازدا ئـاینو بیروبـاوەڕی ئاهورا و زەردەشتیت پێشانی کێ داوە؟

٢– ئـاهورامزدا بـەمجۆرە وەڵامـی دایـەوە (کـسەی کـرد): "بـەنێوی ئـەوەی، کـە خـاوەنی کۆمـەڵێکی باشـە، زەردەشـتی ڕاسـتو دادپـەروەر لەگەڵ ئەودا بۆ یەکەمین جـار لـە نێـو خەڵکدا بێجگـە لـە تـۆ زەردەشـت

(کــسەم نــەکردووە)، مــن—ئــاهورامزدا ئــاینو بیروبــاوەڕی ئــاهورا و زەردەشتیم هەر پێشانی ئەو داوە".

لێکدانەوەی وشەکان:

pərəsat کاری ڕابردووە بۆ کەسی سێیەمی تـاك، وشـەی کـار لێـرە فرێزی کارییە (پرسی).

zaraϑustra نێوی تایبەتییە، تاکە، سەرکاری فرێزی ناوییە.

ahurəm mzdam نێـوی تایبەتییـە، نێـوی خـودێی گـەلانی کـۆنی ئێرانە، بەرکارە.

Mainyo نێوە، تاکە، لە دۆخی بانگکردندایە (گیان).

Spensta ئاوەڵنـاوە، لـە پلـەی بالآدایـە، لـە دۆخـی بانگکردندایـە (پیرۆز، پاك).

Dātare نێـوە، لـە دۆخـی بانگکردندایـە (دانـان، دروسـتکردن، دامەزراندن).

Gaeϑanām نێوە، کۆیە، لە دۆخی خستنە سەردایە، دیارخەرە.

Astvaitinām ئاوەڵنـاوە، لـە دۆخـی خـستنە سـەردایە، کۆیـە، دیارخەرە (تەن، بەدەن).

Aşaūm ئاوەڵنـاوە، تاکـە، لـە دۆخـی بانگکردندایـە (دادپـەروەر، چاکەکار).

Kahmāi جێناوی پرسیارە بۆ کەسی تـاكو لـە دۆخـی مەبەسـتدایە (کێ).

Paoiryō ئاوەڵناوەو لە دۆخی نێویدایەو ئاوەڵ٘وشـەی کـاری کاتـە (یەکەم، پێشوو).

Maşyanam نێوە، کۆیە و لە دۆخی خستنە سەردایەو دیارخەرەو لە وشەی Maşyaەوە هاتووە (مرۆڤ ، پیاو).

Apərəsə کاری ڕابردووە بۆ کەسی دووەمی تاک.

Tūmجێناوی کەسی دووەمی تاکە، سەرکاری فرێزی ناوییە (تۆ).

Yō جێناوی هەییی نسبییەو تاکە.

Anyō ئاوەڵناوە، تاکە (هی دی، دیکە، تر، بێجگە).

Mana جێناوی کەسی یەکـەمی تاکـەو لـە دۆخـی خـستنە سـەردایە (من).

Yat جێناوی هەییی نسبییەو لە شێوەی دۆخی نێویو بەرکاریدایە.

Fradaēsayo کاری ڕابردووی کەسی دووەمی تاکـە لـە Fradaes داڕێژراوە، کە مانای (فێربوون، پێشاندان) دەبەخشێت.

Daēnam نێوەو تاکەو ڕەسـەنی مێیـەو لـە دۆخـی بەرکاریدایـە لـە Daena داڕێژراوە، کە واتای (دین، ئاین، باوەڕ) دەگەیەنێت.

Yam: جێناوی هەییی نسبییە.

Ahūirîm ئاوەڵناوە، تاکە، ڕەسەنی مێیەو لە دۆخـی بەرکاریدایـەو لە وشەی Ahūirīی داڕێژراوەو دیارخەرە.

Zaraϑustrim ئاوەڵناوە، تاکە، لە دۆخی بەرکاریدایەو دیارخـەری Dacmanە.

Āat ئاوەڵكـارەو تاكـە لـە دۆخـی داناندایـە، لـە جێنـاوی (Aa) وەرگیراوە، كە واتای "ئەوسا"ی هەیە.

Mraot كاری ڕابردووە بۆ كەسی یەكەمی تـاك ( كسەكردن، گـوتن، نزاكردن).

Yimāi ناوی تایبەتییەو لە دۆخی مەبەستدایە.

Srīrāi ئاوەڵناوەو تاكە لە دۆخـی مەبەسـتدایەو دیارخـەرە (جـوان، نایاب، باش).

Ahmāi جێناوی نیشانەیەو لە دۆخی مەبەستدایە.

Azəm جێناوی كەسی یەكەمی تاكەو لە دۆخی نێویدایە (ئەز).

Fradāesāem كاری ڕابردووی كەسی یەكەمی تاكە.

# زمانی فارسیی کۆن

گرینگترین شوێنەواری ئەم زمانە لـە ڕووی قـەوارەو نێوەڕۆکـەوە ئـەو نووسینە مێخیانەن، کە بەزمانی فارسیی کۆن (باسـتان)، ئیلامـیو بـابلی نووسـراوەتەوەو لـە چـەپەوە بـۆ ڕاسـت، بەپێـچەوانەی نووسـینی زمـانی ئاوێستاو پەهلەوی. ئەم نووسینانەی، کە بەم زمانە کۆنە نووسـراونەتەوە باسـی سـەرکەوتنەکانی داریوشـی یەکـەم لـە سـالآنی ٥٢٢–٤٨٦ پ.ز. دەکەنو ئەم شوێنەوارانە لە کێوی بێستون نێزیکی کرمانشا، لـە سـووس لە چیای ئەلوەند بەجێ ماون، هەروا ئەرتاخشێر (کسێرکسیس) یەکـەمی کوڕی داریوشی یەکەم ٤٨٦–٤٦٥ پ.ز. شوێنەواری نووسـراوی لـە پـاش ماوەتەوە.


بۆ یەکەمین جار گەڕۆکی ئیتالی (Pietro delle Valle 1586-1652) بایەخی بەم نووسراوانە دا بەتایبەتی ئەوانەی پەرسیپۆلیس، کە لە شاری شـیرازی ئـەمڕۆ دوور نییـەو ئەوسـا پێتـەختی هەخامەنـشییەکان بـووە، نێـوبراو لـە سـالّی ١٦٢١دا هێنـدێك لـەو نووسـراوانەی بەدەسـتی خـۆی ڕوونووس کرد و بلاّوی کردنەوەو لە ڕووی شێوەی نووسینەکەیەوە نێـوی نووسـینی مێخـی لـێ نـا، ئـەم نێـوە لەمـەودواش بەسـەر ئـەم جـۆرە نووسینانەدا چەسپا و بەکار هات. لە دوای ئەمدا گەڕۆكو شارەزایانی دی وەك (Chardin –١٧١١)، (Cayius–١٧٦٢)، (Niebuhr Carsten – ١٧٦٥ ) هەوڵیان دا ئەم جۆرە نووسـینە مێخییانـە شـی بکەنـەوەو تێـی بگـەن، تـا لـە سـالّی ١٨٠٢دا (G.F.Grotefend 1773–1853) تـوانی

کلیلی خوێندنەوەی ئەم نووسینە مێخییانە بدۆزێتەوە، کـە کـارێکی سـانا نەبوو، چونکە نە شارەزای زمانو نە شارەزای جـۆری نووسـراوەکە بـوو، بەلاّم ئەو زانیارییانەی کە ف.مۆینتر بلاّوی کردبوونەوە زۆر یارمەتیان دا، کە وای بۆ چووبوو، کەوا ئەم نووسینانە بۆ سـەدەی پێنجـەمو چـوارەمی (پ.ز.) دەگەڕێنەوەو ناوەڕۆکیشی بەشێوەیەکی سەرەکی برێتین لـە نێـو و نازنێوی پاشایانی هەخامەنشی.


ئـەوەی سـەرنجی زانایـانی ڕاکێـشابوو، چـەند کۆمەڵـە نیـشانەیەکی دووپاتکراو بوون لە نووسراوانی چیای بێستونو پرسیپۆلیسدا، بـۆ وێنـە کۆمەڵەی (٢–٣، ٤–٥) لە پارچـە نووسـراوی یەکـەمو پارچـە نووسـراوی دووەمدا هەروەکو یەك وان، هەروا کۆمەڵەی (٩–١٠) لە پارچە نووسـراوی یەکەمـدا هــەروەکو کۆمەڵـەی ژمـارە (٨–٩)ی پارچـە نووسـینی دووەم بوون، هێژ چەند نیشانەیەکی دی هاوچەشنی یەك لە نووسـراوی جێمـاوی هــەردوو شـوێندا هــەبوون. (Grotefend) وای بـۆ چـوو، کـەوا ئـەو دوو پارچـە نووسـراوە بـۆ دوو پاشـای جیـاواز دەگەڕێنــەوە، ئـەو کۆمەڵـە نیشانانەی لێکیش دەچن، دەبێت نازنێوی هەردوو پاشایان بن، بەلاّم ئەو نیشانانەی لێك جیاوازن دەبێت نـاوی تایبـەتی هـەردوو پاشـاکان بـن، لـە پاڵ ئەوانەشدا دیسانەوە کۆمەڵێك نیشانەی لێکچوو هـەر لـە نێـو هـەمان پارچەکەدا دووپـات بوونەتـەوە، بـۆ وێنـە کۆمەڵـەی نیـشانەی (٢–٤) لـە پارچە نووسراوی دووەمـدا هێنـدێك جـاریش چـەند نیـشانەیەك خراونەتـە سەر کۆتاییی کۆمەڵەی نیشانەکان "بـۆ وێنـە بـەراوردی کۆمەڵـەی ژمـارە

(٥)ی پارچە نووسراوی یەکەم لەگەڵ کۆمەڵە نیشانەی (٥) و (٧)ی پارچە نووسراوی دووەم بکە" Grotefend و لە پێش ئەویشدا Fr.Munter لەو باوەڕەدا بوون، کە ئەم کۆمەڵە نیشانانە دووبارە و سێ بارە کراونەتەوە هەر دەبێت واتای وشەی پاشا بگەیەنن، کە خراونەتە سەر کۆتاییی ئەو وشەیەی پاشا دەگەیەنێت لەوانەیە کۆتاییی ڕێزمانی بن.

پارچە نووسراوی یەکەم



پارچە نووسراوی دووەم



| ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئـ | پاشا | آ | پاشا | پاشا + | ز-پاشا | ن | ى+ڤـ | س | د |

نووسراوی دووەم

| ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ز | پاشا | آ | پاشا | پاشا+ز | ئـ | پاشا+ڤـ | س | د |

<u>تێبینی:</u>

لەبەر ڕۆشـنایيی نـازنێوی ساسـانيانـدا ئـەم نيـشانانه لـەم دوو پارچـه نووسراوەدا هاتوون ئەمانەيان گەياندووه:

(ئـ) گەورەيیو مەزنی.

(أ) کۆتـايی دۆخـی خـستنه سـەره لـه بـاری کـۆدا: ( پاشـا+أ⟵ پاشايان).

(ڤـ) کۆتـايیی دۆخـی خـستنه سـەره لـه بـاری تاکـدا: (پاشـا+ڤـ ⟵پاشای)

(س) کوڕ

(د) نێوی دەوڵەتی هەخامەنشی بووه، که بـەهۆی سەرچـاوەی کـۆنی گريکييانەوه ڕوون بووەوه.

Grotefend له دوای سـەرنجدانو تێڕامـانێکی زۆر وای سـەلماند، کـە دەبێت وشەی یەکەمی هەردوو تێکستەکە نێوی پاشایەك بێت، کـە کـوڕە پاشـا نـەبووبێت، لەمـەوە ڕێگەیـەکی بـۆ خوێندنـەوەی نووسـراوەکان بەدەست هێنا و بەیارمەتی بەرهەمی مێژوونووسانی گریکییوە، کـە نێـوی پاشایانی هەخامەنشیان تۆمار کردبوو دوو زنجیرە نێوی دۆزییەوە.

١- کامبیز- کە باپیر بووە، بەڵام پاشا نەبووە.

کۆرش- باوك بووەو پاشا بووە.

کامبیز- کوڕ بووەو پاشاش بووە.

٢- گیشتاسپ- باپیر بووەو پاشاش نەبووە.

دارای یەکەم- باوك بووەو پاشاش بووە.

کسرکسیس- کوڕ بووەو پاشاش بووە.

ئەم دوو زنجیرە نێوە بەمجۆرەی ژێرەوەن:

کۆرشو کامبیز یان داریوش (دارا)و کسرکسیس؟


زنجیرە ناوی بۆچـووی یەکـەم پـشتگوێ خـرا، چـونکە هـەردوو نێـوی تایبـەتی کـۆرشو کـامبیز بـە (ك) دەسـت پـێ دەکـات، کەچـی لـە نێـو نووسراوەکاندا یەکەم تیپی هەردوو نێـو جیـاوازن، بێجگـە لەمـەش نێـوی یەکەم لە پارچە نوسراوی یەکەمدا لە حـەوت نیـشانە پێـك هـاتووە، بۆیـە Grotefend پشتی بە بۆچـوونی دووەم بەسـتو لـە دوای بـەراوردکردنی نێوە تایبەتییەکان لەگەڵ نیـشانەی نووسـراوەکاندا بـەدانانی تیپـی (د)ێ بـۆ یەکـەمو (أ) بـۆ دووەمو (ر)ێ بـۆ سـێیەمو...بـەمجۆرە تـوانی ئـەم تەلیسمە بکاتەوەو کە بەهۆیەوە توانرا نووسراوی مێخـی بێـستوونیش لـە سـاڵی ١٨٤٧ بخوێندرێتـەوەو مێژوونووسـانو زمانـەوانانیش هەریـەك لـە

بـواری خۆیـدا لـەم سـەردەمە دێـرینو ناوچـە دەوڵەمەنـدە بکۆڵنـەوەو نووسراوەکانی زمانانی ئیلامی، بابلیو ئاشووریش بخوێننەوە.

لـە شـوێنەواری نووسـراوی جێمـاوی سـەردەمی کـۆن، کـە بـەزمانی فارسـیی کـۆن نووسـرابنەوە، ئـەو دوو پارچـە نووسـراوەن، کـە بـە زێـڕ نووسـراونەتەوەو بـۆ ئاریـارمنو ئارشـام دەگەڕێنـەوەو لـە هەمـەدان دۆزراونەتەوە. سێ پارچە نووسراوی دیش، کە بۆ (کۆرشی گەورە ٥٥٨–٥٢٩ پ.ز.) دەگەڕێتـەوە بـە سـێ زمـان (فارسـی کـۆن، ئیلامـیو بـابلی) نووسراون لە نێزیك شیراز بەجێ ماون، هـەروا نووسـراوەکانی (دارا ٥٢٢–٤٨٦ پ.ز.) کـە لـە ڕووی بابـەتی ناوەڕۆکـەوەی گرینگییـەکی تایبـەتی هەیە، لە بەرزاییی حـەفتا مـەتر بـە سـێ زمـانی فارسـیی کۆنو ئیلامـیو بابلی لەسەر کێوی بێستوون هەڵکەنراونو لە ساڵی ١٨٣٦دا بـۆ یەکـەمین جـار ئـەم نووسـراوانەی کێـوی بێـستوون لـە لایـەن H.c.Rawlinson ڕوونووس کراونو لە ساڵی ١٨٤٧دا چاپ کرانو بلاو کرانەوە.

دارا شوێنەواری نووسراوی لە پرسیپۆلیس، نەقشی ڕۆستەم، سووسو سیناش بەجێهێشتووە.


کەیخساری یەکەم کـۆڕی دارای یەکـەمیش شـوێنەواری نووسـراوی لـە پاشدا بەجێ ماوە، کە بەدوو زمانی فارسیی کـۆنو بـابلی وە یـا فارسـیی کۆنو ئیلامی، یان هەر تـەنێ بـەزمانی فارسـیی کـۆن، کـە لـە سـەردەمی دارای دووەمو ئەرتاکسی دووەمو سێیەمدا نووسـراون زۆر نـینو لـە ڕووی قەوارەش گەورە نین.




بروانه (H.C.Rawlinson, 1847)

## تێکستێك بەزمانی فارسیی کۆن

### (نووسینی مێخی)



**واتای بەزمانی کوردی:**

منم، دارا، پاشای مەزن، پاشای پاشایان، پاشا لە فارسدا، پاشای ولاَت، کوڕی گیشتاسپ، نەوەی ئەرشامی–هەخامەنشی.

**لێکدانەوەی وشەکانی ناو تێکستەکە:**

$Ad^am^a$ جێناوی کەسی یەکەمی تاکەو لە دۆخی نێویدایە، لە زمانی ئاوێستادا ezem:ezm بەرامبەر بە (ئەن)م لە دیالێکتی کرمانجی ژووروودا.

$D^a\ ar^a\ yav^a\ us^a$ نێوی تایبەتی (دارا)یەو لە دۆخی نێویدایەو نێوێکە لە ڕەگی دار– هەبوونی، توانایی + ڤەهو– چاك، باش پێك هاتووە.

$X^a\ s^a\ ay^a\ vi^a\ y^a$ نێوەو لە دۆخی نێویدایەو تاکە، بەواتای پاشا دێتو لە ڕەگی Xseyی (دەسەلاَت) وەرگیراوە.

$V^a\ z^a\ r^a\ k^a$ ئاوەڵناوە، مەزن، گەورە دەبەخشێت.

$X^a\ s^a\ ay^a\ v^a\ iy^a\ anam^a$ نێوە لە دۆخی خستنە سەردایەو کۆیە بەیارمەتی نیشانەی کۆی anam دیارخەرە.

$P^a\ ar^a\ s^a\ iy^a$ نێوە، تاکە، لە دۆخی شوێندایە iya پاشگرە.

$D^a\ h^a\ y^a\ un^a\ m^a$ نێوە، کۆیە، دیارخەرە، $d^a\ h^a\ y$ – ولاَت، نێوچە، هەرێم دەگەیەنێت، لەگەڵ دە هیوی ئاوێستاوە دەه (أ)ی تاجیکیو دەهی فارسیو دێ–ی کوردیدا بەراوردی بکە.

$V^{i}\ s^{a}\ t^{a}\ as^{a}\ p^{a}\ h^{a}\ y^{a}\ a$ نێوی تایبەتییە بۆ ڕەسەنی نێر، باوکی دارای یەکەم بووە، دیارخەرە، لە $V^{i}\ s^{a}\ t^{a}$ – (هەتا ئێستە نەزانراوە چی دەگەیەنێت) + ئەسپە (ئەسپ) پێك هاتووە.

$P^{a}\ uV^{ra}$ نێوی تاکە واتای کۆڕ دەبەخشێت.

$Ar^{a}\ s^{a}\ am^{a}\ h^{a}\ y^{a}\ a$ نێوە تاکە لە دۆخی خستنە سەردایە، لەوانەیە لە $r^{a}\ s^{a}\ am^{a}$ وەرگیرابێت، کە واتای مێرد، پاڵەوان دەگەیەنێت.

$N^{a}\ p^{a}\ a$ نێوە، تاکە، واتای نەوە دەگەیەنێت لەگەڵ nepat ی ئاوێستا و نەوەی کوردی بەراوردی بکە.

$H^{a}\ x^{a}\ am^{a}\ n^{a}\ is^{a}\ iy^{a}$ پاشایەتیی هەخامەنشی دەگەیەنێت، لە دۆخی نێویدایە $h^{a}\ x^{a}$ واتای هەڤاڵ، برادەر دەبەخشێت $m^{a}$ nis– بیر و هۆش، iya– پاشگری ئاوەڵناوییە.

# پێوەندی نێوان زمانانی ئێرانی سەردەمی کۆن

پرۆسێسی لێک جودابوونەوەی هۆزانی ئێرانی زمانی وەك ماد و فارس‌و هی دی لە نێو خۆیاندا لە هەزارەی دووەم‌و یەکی (پ.ز.)دا ڕووی داوە، کە لە سەرەتای هەزارەی یەکی (پ.ز.)دا چەندین کۆمەڵی هۆزانی ئێرانی زمان بەرەو ڕۆژاوای بەرزاییەکانی ئێراندا کۆچیان کرد، بوو بەهۆی دابڕانیان لە هەوارگەی خۆیان، کە ئاسیای نێوەڕاست بوو، چونکە لە نێوان بەری ڕۆژاوای ئێران‌و ئاسیای نێوەڕاستدا دوو دەشتی پان‌و بەرین هەیە، کە دەشتی کافر و دەشتی لوتی پێ دەڵێن هاتوچۆکردن تێیدا سەخت بووە، ئەم لێک جودابوونەوەو دوورکەوتنەوە بوو بەهۆی جیاوازی لە ڕێڕەوی پەرەسەندنی زمانەکەیان، چونکە هەر کۆمەڵێك لە چارەنووسی مێژووی داهاتوویدا ڕێچکەی تایبەتی خۆی گرت، بەڵگەش بۆ ئەم لێك جوودابوونەوەیان ئەو جیاوازییەیە، کە لە نێو نووسراوانی کۆنی ئێرانیدا—ئاوێستا و نووسراوی مێخیدا بەدی دەکرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا نابێت ئەوەشمان لەیاد بچێت، کەوا ڕادەی لێك جودابوونەوەیان نەگەیشتبوو بەپلەی ئەوەی لێك نەگەن، چونکە هەتا چەند سەدەیەکیش ئەم کۆمەڵە لێك دابڕاوانە زمانی بنجی خۆیان هەر تێدا پارێزرا بوو، بۆیە لێك گەیشتوون، هەروەکو سترابون لە دەوروبەری ٦٥ پ.ز. تا ٢١ پ.ز.دا) لە نێو بەرهەمەکانی خۆیدا ئەو بەڵگانەی لێك نێزیکی ئەم دیالێکتە ئێرانییانەی پاراستووە، کە لە کاتی خۆیدا ئێراتوسفین لە دەوروبەری ٢٧٦–٢٩٤ (پ.ز.)دا تۆماری کردبوو و گوتبووی کەوا

دانیشتوانی ماد، فارس، باختەری‌و سوغدی یەك زمانن، بەڵگەیەکی دی لێك نێزیکی ئەم زمانانە بۆ سەدەی دووەمی (پ.ز.) دەگەڕێنەوە، کە دیپلۆماتو گەڕۆکی چینی (جان چیان)، کە خۆی لە ساڵانی ۱۲۸و ۱۲۹ پ.ز.دا لە ئاسیای نێوەڕاست بووەو نووسیویەتی‌و دەڵێت: لە داوانی بەری ڕۆژاواییەوە، هەتا فەرمانداریێتی ئەنسی: پورثی ، ئەگەرچی جیاوازییەکی زۆر لە نێو دیالێکتەکانیدا هەن، بەڵام زۆریش لێك دەچنو لە کسەکردندا لێك دەگەن (Бичурин 1950-1953، Оранский 1988).

ئەم ووشانەی خشتەی ژێروو بەڵگەی نێزیکایەتیی زمانانی کۆنی ئێرانی لەیەکەوە پێشان دەدەن (Oранckuu, 1988).

| کوردی | ماد | سەکەسی | فارسیی کۆن | ئاوێستا |
|---|---|---|---|---|
| ئاریایی | *arya* | *arii* | *arya-* | *airya-* |
| ئەسپ | *aspa* | *aspa* | *asa-* | *aspa-* |
| برا | | *brātā* | *brātar-* | *brātar-* |
| ڕەگی کاری هەبوون | | *dār-* | *dār-* | *dār-* |
| دایك | | *mada* | *mātar-* | *mātar* |
| باوك | | *pit,* | *pitā* | *pitā* |
| کوڕ | | *puϑra* | *puϑra-* | *puϑra-* |
| سەسەگ | *spaka* | | | *span-* |
| ئەز، من | | | *adam* | *azəm* |
| دەست | | | *dasta-* | *zasta-* |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| زێڕ | | | *daranya-* | *zaranya-* |
| پا، پێ | | *pāda* | *pāda-* | *pāδa-* |
| هەرە مەزن | | | *mazišta-* | *masišta-* |
| ماڵ، بەرە،<br>بەرەی پاشا | | | *viɈ* | *vis* |
| سەنگ، بەرد | | | *azɈanga-* | *asənga-* |
| ساڵ | | | *Ɉard* | *sard* |
| زەریا | *Xš*aϑrita- | *Xš*aϑra- | *Xš*aϑra- | *Xš*aϑra- |
| نوێژ دەکات | | | *yadataiy* | *yazaiti* |
| سەرچاوە | | | *ČiɈ*$^r$*a* | *ČiɈra-* |
| سێیەم | | | *Ɉ*$^r$*itiya* | *Ɉritiya* |
| مرۆ، مێرد | | | *martiya-* | *martiya-* |
| تیژ، تیر | *tigri-* | | *tigra-* | *tiϒi* |
| مەچەك | | *arma* | | *arma-* |
| پاشایەتی،<br>دەسەڵاتداریێتی | *xš*aϑrita | *xš*aϑra- | *xš*aϑra- | *xš*aϑra- |

.

## زمانانی ئێرانی سەردەمی نێوەڕاست

٤,٣ پ. ز – ٩,٨ ز

زمانـانی ئێرانـی سـەردەمی نێوەڕاسـت لـە مێـژووی زمانـانی ئێرانیـدا بەپردێك دادەنرێت لە نێوان زمانانی ئێرانی کۆنو زمانـانی ئێرانـی نوێـدا، ئەم سەردەمەی نێوەڕاست بەنەمانی زمانانی ئێرانـی کـۆن دەژمێردرێـت، چـونکە گـۆڕینێکی وا بەسـەر زمانـانی ڕووی داوە، کـە بـە قۆنـاخێکی سـەربەخۆ نێـو بنرێـت، ئەگەرچـی لـە سـەرەتای دەسـتپێکردنی ئـەم قۆناخەدا جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێـو زمانـانی ئێرانـی پەیدا نـەبووە، کـە دانیشتوانی لێکنەگەن، بەلاّم ئـەو نووسـینانەی، کـە بەتێپـەڕبوونی چـەند سەدەیەك لەسەر ئەم قۆناخەدا بۆمـان جـیٚ مـاون، بـۆ وێنـە لـە سـەدەی شەشەمی زاینیدا ئەوە پێشان دەدەن، کەوا گۆڕینێکی وا بەسەر زمانـانی گرووپـی ڕۆژاواو ڕۆژهەلاّتـدا هـاتووە، سـوغدێك لـە کـسەکارێکی فارسـی نێوەڕاست تیٚ نەگەیشتووە (Оранский 1963).

نووسـراوەکانی زمانـانی ئێرانـی سـەردەمی نێوەڕاسـت بـە سـیٚ جـۆر ئەلفوبیٚ "ئارامی، هیندیو گریکی" نووسراونەتەوەو ئەو سەرچاوانەی کە بۆ ڕوونکردنەوەی بارودۆخی ئەم سەردەمەدا سـوودیان لیٚ وەردەگێرێـتو وەکـو بەلگەیـەك بـەکار دێـن نووسـینەکانی یۆنـانی، ئەرمـەنی، چـینی، هیندی، عەرەبین.

ئەگەر شوێنەواری نووسراوی زمانانی ئێرانی سەردەمی کۆن ئـەوەمان پێـشان بـدەن، کـەوا وشـە بـەپێی دۆخ گـۆڕاوەو گـەردان کـراوە، ئـەوە

نووسـراوەكانی زمانـانی ئێرانـی سـەردەمی نێوەڕاسـت نەخـشەیەكی جیاوازمان پێشان دەدەن، ئەویش بەنەمانی وەیا كەمبوونـەوەی گـۆڕانی وشە لە زۆربەی زمانەكانیدا، بۆ وێنـە گـۆڕانی نێـو بـەپێی دۆخ بەتـەواوی مـردووەو نـەماوە. لـەو زمانانـەی، كـە بـەری ڕۆژاوای دەكـەون ڕەسـەن نەماوە، كە بەپێی هـەموو كەسـەكان بـۆ نێـر و مـێو بێلایەنیـدا دەگـۆڕا، كۆتاییەكانی جێناوی كەسی لەنێو چووە، هێزی سەر وشـە گـۆڕا، هـەروا كۆتـاییی ئـەو كارانـەی بـەدەنگێكی بـزوێن كۆتاییـان پـێ دەهـات لـە سـەردەمی نێوەڕاسـتدا بەنـەبزوێن كۆتاییـان پـێ هـاتووە، دیـسانەوە هێندێك گۆڕینی فۆنۆتیكیش لەم سەردەمەدا لە گـۆڕینی دیفتـۆنگی e < ai، au < o بەرچاودەكەوێت.

ئەوەی شایانی باسە ئەو زمانانـەی ئێرانـی سـەردەمی نێوەڕاسـت كـە بـەر گرووپـی ڕۆژهـەڵاتی دەكـەون، هێنـدێك لـەو تایبەتێتییانـەی كـە لـە زمانانی كۆندا هەبوون، لەوێدا هەر بەپارێزراوی مابوونەوە.

ئەم گۆڕانە زۆرەی بەسەر دەنگ و بەشـەكانی ئاخـاوتن و ڕسـتەدا لـە گرووپـەكانی بـەری ڕۆژاوایـدا پەیـدابوون بوونـە هـۆی ئـەوەی ئـەم زمانـە ئێرانییە كۆنانەی كەوا لە هەموو بارێكی زمانەوانییەوە لێك نێزیـك بـوون، لێـك دوور بكەونـەوەو هەریەكـە زمـانێكی سـەربەخۆ پێـك بهێنێـت، كـە بەرێگەی چەند تایبەتییەكی زمانەوانییەوە سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت.

لەم قۆناخـەدا دوو ڕووداوی زۆر گـرنگ لـە ڕۆژهەڵاتـدا ڕووی داوە، كـە كـارێكی بـێ ئەنـدازەیان كردووەتـە سـەر گـەلانی ئێرانـی زمـان، ڕووداوی

یەکـەم هێرشــەکەی ئەلیکـساندەر مەکـەدۆنی بـوو بـۆ سـەر دەوڵـەتی ئـەخمینیو لـەنێوبردنی فەرمانداریـەتیان، بـەڵام بـەمردنی ئەلیکـساندەر (٣٢٣ پ.ز.) ئەم خاکـە زەوتکراوانـە دابەشـکرانە سـەر چـەند هـەرێمێکی ڕامیاری جودا جودا، کە سەرلەشکرەکانی گریکو مەکەدۆنی سەرپەرشـتی ئەم نێوچانەیان دەکرد، کە بە ساتراب نێو براون، لە ئەنجامدا نـەیانتوانی دەسەڵاتداریەتییان بەتەواوی بەسەر ئەم خاکە فراوانەدا بچەسپێنن، ئەوە بوو لەو دوو هەرێمە مەزنانەی کە باختریو پورثی تێدا بـوون، لـە شـوێنی ساترابی باختریدا پاشایەتێکی سەربەخۆی گریکو باختری پێـك هـات، کـە لـەو کاتـەدا دانیـشتوانی سـوغدیو مـەرغیان لـە ئاسـیای نێوەڕاسـت و بەشێکی زۆری ئەفغانستانی ئەمڕۆ و بەری باکوری ڕۆژاوای هیندستانیشی دەگرتەوە. پاشایەتیی پورثیش لە دوای ڕاپەڕینێکی چەکدارانە دامـەزرا و نێزیکـەی پێـنج سـەدەی خایانـد، کـە بەدامەزرانـدنی دەوڵـەتی ساسـانی بەســـەرکردایەتیی ئەردەشـــێری پاپـــەکان لـــە نێـــوان (٢٢٤–٢٢٦ ز.)دا فەرمانداریێتی پورثیان کۆتاییی پێهات.

دووەم ڕووداوی مێـژوویی سـەرهەڵدانی ئـاینی موسـڵمانێتی بـوو، کـە دەوڵـەتی ساسـانی لـە بارێکـدا بـوو نـەیتوانی بـەری هێـزی موسـڵمانانی عەرەب بگرێت، ئەوە بـوو لـە سـاڵی (٦٥١ ز.)دا ئیمپراتۆریـەتی ساسـانی ڕووخاو هێرشبردنی هێزی موسڵمانان بۆ سەر خـاکی کوردسـتان، ئێـرانو ئاسیای نێوەڕاست تا ساڵی (٧٥١ ز.) خایاند و بەیەکجاری ئەم هەرێمانـە

کەوتنــە ژێــر فــەرمانڕەوای ڕامیــاریو کاریگــەریی کولتــوور و ئــابووریی موسڵمانێتیدا.

لــە نێــو نووســراوانی ســەردەمی نێوەراســتدا زاراوەی پەهلــەوی بەشێوەیەکی فراوان بەرچـاو دەکـەوێت، ئەگەرچـی لـە بـەکارهێنانی ئـەم زاراوەیەدا لە زۆر باردا هەر مەبەست لە زمانی فارسیی نێوەڕاسـت بـووە، بەڵام لە ڕاسـتیدا بـەکارهێنانی بـۆ ئـەم چـەمکە ئەوەنـدە دروسـت نییـە، چونکە پەهلەوی زمانی پورثیشی گرتووەتەوە بەمە بەرهـەمی نووسـراوی پورثیش هەر بەبەرهەمی سەردەمی فارسیی نێوەڕاست لە خامە دراوە.

زمانی پەهلەوی لە سەدەی دووەمی (پ.ز.)دا تا حەوتی زاینـی زمـانی مــیری بــووە، کتێبــی ئاوێــستای پەیامبــەری ئێرانــی — زەردەشــت بەشێوەیەکی ئەم زمانە نووسراوەتەوە، زمانی پەهلـەوی سـێ شـێوەزاری هەبووە:

١– باکوری ڕۆژاوا، کە بەپەهلەویكو هەروا بەنێوی ئەرشاکیش هاتووە.

٢– باشووری ڕۆژاوا– پارسیك وەیا بەساسانیش نێو براوە.

٣– شــێوەزارەکانی ڕۆژهــەڵاتی ( The New Encyclopacdia Britannica 1986).

لەم سەردەمەدا هەروا زاراوەی فارسیی دەرییش تا ئەندازەیەك بـەکار هاتووە، کە ئەویش زمانی میری دەربـار و تـەیسەفون– پێتـەختی ئێـران بـووە، لـە دوای نیـشتەجێبوونی دەربارییـان لـە سـەردەمی یـەزدیگردی ساسانیاندا لە بەری ڕۆژهەڵاتی ئێران، خۆراسان، مـەر و بـەلخو هـی دیـدا ئەم زمانە بـڵاو بـووەوە، کـە خـۆی لـە بنـچینەدا شـێوەزاری پەهلەوییـەو

زمانی خاسانو گەورەپیاوانی ساسانییان بووە، جا لەوێوە بەئێرانـدا بـڵاو بووەتەوەو ئێستەش دانیشتوانی خۆراسـان، ئەفغانـستانو تاجیکستانو هەموو نێوچەکانی "ما وراء النهـر" بـەزمانی فارسـیی دەری نێـودەبرێنو هێندێك جار بەرامبەر بـەم زمانانـەی ڕۆژهـەڵات زاراوەی فارسـی نـوێن بـۆ زمانـانی ڕۆژاواو بـاکوری ئێـران بـەکار دەهێنـدرێت (دکـتر حـسینقلی — ١٣٦٩).

لـە سـەردەمی نێوەڕاسـتی زمانـانی ئێرانیـدا ئـەو نووسـراوانەی کـە بەئەلفوبێی ئارامی نووسراون شێوە نووسینو خوێندنەوەیەکی تایبەتییان هەبووە، کە بەنێوی ئـەزوارش (هـەزوارش) نێـو دراوەو "ابـن النـدیم" لـە بەرهەمی (الفهرست) کە لە سـەدەی دەیـەمی زاینیـدا نووسـیویەتیو ئـەم دیاردەیەی باس کـردووەو هـەروا گوتوویـەتی نێزیکـەی هـەزار وشـەیەکی ئارامی لە نووسـینی پەهلەویدا بـەکار هـاتوون، بـەڵام بـەزمانێکی ئێرانـی خوێندراونەتەوە.

ئەلفوبێی پەهلەوی ٢٢ نیشانەی هـەبووە، کـە پـڕ بـەپڕی دەنگـەکانی نـەبوون، بۆیـە هێنـدێکیان بـۆ دوو دەنـگ بـەکار هـاتوون ( Mackenzie 1971).

# زمانی پورثی

زمانی پورثی بەر گرووپی زمانانی ئێرانی– باکوری رۆژاوا دەکەوێت، پێشەکی زمانی پورثی هەر لە باشووری رۆژهەلاتی کەزویندا بەکار هاتووە، بەلاّم لە دوای دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی پورثیدا لە سەدەی دووەمی پێش زایندا و کە تا سەدەی سێیەمی زاینی خایاند زمانی پورثی بوو بەزمانی میری (The New Encyclopacdia Britannica 1986) هەرێمێکی فراوانی، کە ئەمڕۆ بەنێوی ئێران، عێراق، کوردستان، ئەرمەنستان، ئازەربایجان و تا باکوری سووریا نێودارە، کەوتبووە ژێر رکێفی ئەم ئیمپراتۆریەتەو پێتەختیشیان شەهرستانان بوو، بەواتا سەلمان پاکی نێزیکی بەغدا (فەرهەنگی پەهلەوی ١٣٤٦).

نووسراوانی پاشایانی ساسانی بەدوو زمانی هاوتەریب نووسراونەتەوە، لە سەرەتادا زانایان وای بۆ چووبوون، کە ئەم تێکستانە جیاوازییان هەر تەنێ لە رووی تایبەتییەی نامەکەوە هەیە، بەلاّم لە دوای دۆزینەوەی دۆکیومێنتەکانی مانی لە تورفاندا، کە بەدوو زمانی لێك جودا تۆمار کرابوون (پارسیك–فارسی نێوەڕاستو پەهلەویك– پورثی کۆن)و لێکۆلّینەوە لێیان وای بۆ زانایان دەرخست، کەوا نووسراوانی پاشایانی ساسانیش هەر بەم دوو زمانە نووسراونەتەوە، کە فارسی نێوەڕاست سەر بە گرووپی زمانانی باشووری ڕۆژاوایە و زمانی پورثیش سەر بەزمانانی ئێرانی باکوری ڕۆژاوایە.

له شوێنەواری نووسراوی جێماوی نێوداری پورثی درەختی ئاسووریك و یادگاری زەریران، کە لە ئازەربایجانی ئەمڕۆدا نووسراونەتەوە (کسروی ١٣٠٤).

**تێکستێك بەزمانی پورثی**

Ź pd zwš śťnń
Ẁd frwz'n pd bźwr
br ž hrw zẃr'n
ẃd xšynď'n (w)ystmbg

(بڕوانە Oранckuu 1963, Boyce 1954)

**واتای بەزمانی کوردی:**

من بەویستەوە (سۆز)ەوە لە پێش تۆدا بەباڵەکانم بەرز دەبمە سەر هەموو هێزێکی (بەد) و شایەکی ستەمکار.

لێکدانەوەی وشەکانی ناو تێکستەکە:

Ź جێناوی کەسی یەکەمی تاکەو لە دۆخی ڕاستەوخۆدایە لەگەڵ (ئەز)ی کوردیدا بەراوردی بکە.

Pd ئامرازە، ڕۆڵی ئاوەڵوشەیکار دەگێڕێتو واتای (بە) دەگەیەنێتو لەگەڵ paytî ئاوێستادا بەراوردی بکە.

Zwš نێوە، واتای (سۆز، ویست، ئارەزوو، خواز و حەز)ی گەیاندووە.

Śť'n'n کارە بۆ کەسی یەکەمی تاك، بۆ کاتی داهاتوو و لە بناغەی Śť'n– ستاندن، وەرگرتن وەرگیراوە.

ẃd,ud ئامرازی (و)یە ، لە ئاوێستادا Ute.

Frwz'n کـاره بـۆ کەسـی یەکـەمی تـاك لـە کـاتی داهـاتوودا و لـە بناخـەی کـاتی ئێـستە Frwz – فـڕین وەرگـیراوە لەگـەڵ Fravezی ئاوێستادا بەراوردی بکە.

bzwr نێوە، واتای بـاڵ دەگەیـەنێت، لەگـەڵ bazuwی ئاوێـستا و بازووی فارسی نویٚ، بۆزووی تاجیکیدا بەراوردی بکە.

br ئـامرازە، واتـای سـەر، (لـە) بـەر، لەگـەڵ Upeyrîی ئاوێـستادا بەراوردی بکە.

ž ئامرازە، واتای لە دەبەخشێت، لە ئاوێستادا heje لە فارسی کۆندا هەجا، فارسی نێوەڕاست– ئەز، تاتی (ئە)ز، کوردی–ژی.

hrw جێناوی دیارە واتای هەموو دەبەخشێت.

zẃr'n نێوە لە باریکۆدایە لە zwr – هێز، زۆر وەرگیراوە.

Xšyd'n نێوە لەباری کۆدایەو لە xsynd – شا، میر وەرگیراوە.

(w)ystmbg ئاوەڵناوە، واتای ستەم دەبەخشێت.

## زمانی فارسیی نێوەڕاست ( پارسیك )

زمانی فارسیی نێوەڕاست لە نێوان ساڵانی (٢٢٦–٦٥٠) زاینیدا کسەی پێ کراوەو زمانی میری دەوڵەتی ساسانیش بووە.

شوێنەواری ناسراوی زمانی فارسیی نێوەڕاست (پارسیك) لەوانەی کە لە پاشایانی ساسانی بەجێ ماون چەند جۆرێکن، وەك ئەردەشیری یەکەم (٢٢٦–٢٤١) و شاپووری یەکەم (٢٤١–٢٧٢) لە نەخشی ڕۆستەمو رەجەب و حاجی ئاباد، نووسراوانی نەرسی (٢٩٣–٣٠٢)، شاپووری دووەم (٣٠٩–٣٧٩) و شاپووری سێیەم (٣٨٣–٣٨٨) و هی دی. لەگەڵ ئەوەی شوێنەواری جێماوی ئەم پاشایانە لە ڕووی قەوارەوە کەمن، خراپیش پارێزراون و بەشێوەیەکی سەرەکیش برێتین لە نێو و نازنێوی خۆیانو هێندێك جاریش هێمایان بۆ باو و باپیرانی خۆیان کردووە، لە نێو ئەم جێماوانەدا نووسراوەکانی نەرسی شوێنی دیاریکراوی خۆی هەیە، چونکە ئەم ڕووداوە مێژووییانە باس دەکات، کە لە سەدەی سێیەمو چوارەمی زاینیدا ڕووی داوەو ئەم شوێنەوارە نووسراوەی نەرسی لە پەیکولی، کە کەوتووەتە بەنی خەیلانی نێزیك دەربەندیخان لە ساڵی ١٨٣٦دا لە لایەن Rawlinson دۆزراوەتەوەو لە ساڵی ١٨٦٨ بەرهەمەکەی لە بارەی ئەم شوێنەوارەدا بڵاوکردووەتەوە.

شوێنەواری نووسراوی دی سەردەمی نێوەڕاست لە نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدەمو نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەمدا لە لایەن گەڕۆکەکانی ڕۆژاواییەوە دۆزراونەتەوەو لەسەریان نووسیونو هەروا

نووسراوی ئەم سەردەمە لەسەر پارە و پوول و کەرەستەی خواردنو خواردنەوەی وەك دەفر و کاسە و شتی دیشدا بەرچاو دەکەون.

لەم سەردەمەدا کۆمەڵێك نووسراوی ئاینیو لایستیش بەجیێ ماون، هەروەکو زانراوە ئاوێستا لە سەردەمی ساسانییەکاندا کۆ کراوەتەوەو وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی نێوەڕاستو لێکدانەوەیەکیشی خراوەتە پاڵ (زەند)، ئەم وەرگێڕانو لێکدانەوەیە بەبەرهەمێکی ئاینی گرینگو بەنرخ دادەنرێت. لەو بەرهەمە نێودارانەی، کە سەر بەجیهانی زانستو زانیاری زەردەشتین، پەرتووکی دینکەرد، پونداهیشن، ئەرداڤیراف نامەگ، پەندنامەگی زەراتشتو هی دین (Dresden 1970، The New Encyclopaedia Britannica 1986).

تێکستەکانی پەیامبەر مانی ٢١٦-٢٧٧ی زاینی شوێنێکی دیاریکراویان لە نێو زمانی فارسی نێوەڕاستدا هەیە، کە ئاینەکەی لە خۆراسانو ئاسیای نێوەڕاستو تورکستاندا بلاّو بووبووەوە.

لە سەردەمی ساسانیاندا بەرهەمێکی زۆری بیر هەبووە، بەلاّم ئەوەی کە ماوەتەوە زۆر کەمە، چونکە لە کاتی بلاّوکردنەوەی دینی موسڵمانێتیدا زۆری بەدەم ئاودا فڕێ دراوە. وەیا سووتێندراوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هێندێك لەو بەرهەمانەی کە بەزمانی پەهلەوی نووسرابوون، بە یارمەتی زانایانی ئێرانییەوە وەرگێردرانە سەر زمانی عەرەبی، لەوانە کەلیلە و دمنە، کە لە زمانی سانسکریتییەوە وەرگێڕدرابووە سەر زمانی پەهلەوی، بەختیارنامە، (راحة الارواح في سرور

المفـراح)، سـندبادنامه، چـترنگ (شـطرنج) پەندنامـەگ، وزرگ مـەهر، پەندنامەگی زەرتەشتو هی دی (فەرهەنگی پەهلەوی ١٣٤٦).

ڕێزمـانی پەهلـەوی- بـەری باشـووری ڕۆژاوای (پارسـیك) بەتـەواوی فارسییە. هـەتا لـە مامەڵەکردنیـدا لەگـەڵ وشـەی ئارامیـدا، بـۆ وێنـە کـە وشەی (مـەلکا) پاشـایان نووسـیوە، نیـشانەی (ان)ی کۆیـان خـستووەتە سەر کۆتاییيەوە.

زمانی فارسی نێوەراست–پارسـیك، کـە لەسـەر زمـانی فارسـی کۆنـدا بنیات نراوە، هەروەکو زمانانی دی ئێرانی پەرەی سەند و گۆڕا، بـۆ وێنـە ئەو گۆڕانانەی لە ڕووی دەنگ، وشە، بەشەکانی ئاخاوتنو ڕستەدا بەسـەر زمانی فارسی کۆندا هات، بوون بەتایبـەتێتی زمـانی فارسـی نێوەڕاسـتو بەهۆیەوە لە زمانی دی جودای کـردەوەو پاراسـتی، یـەکێك لـە نموونـەی جیاوازیی زمانی فارسی نێوەڕاسـت لەگـەڵ زمـانی فارسـی کۆنـدا نـەمانی نیشانەکانی دۆخە، کە لـە کـاتی گـەردانکردنی وشـەدا بەرچـاو دەکـەوێت (Оранскии 1963).

| دۆخ | فارسی کۆن | فارسی نێوەڕاست |
|---|---|---|
| نێوی | parsa | pars |
| خستنە سەر | parsahya | para(e)>pars |
| بەرکاری | parsam | pars |
| شوێن | parsaiy | pars |
| دانان | parsa | pars |

تێکستێك بەزمانی فارسی نێوەڕاست (پارسیك)

Pad kārnāmay i Ardaxşeri papayān ēdōn nifişt ēstand ku pa az margi Alaskandari hrumiy ander Ēranşahr 240 kadayxˇaday būd (OpaHckuu 1963).

**واتای بەزمانی کوردی**

لە پەڕتوکی کارنامەی ئەردەشێری کوڕی پاپەکدا ئـاوا نووسـراوە، کـە لـە دوای مردنـی ئەلیکساندەری مەکدۆنیـدا لـە ئێرانـدا ٢٤٠ مـیر هـەبووە (هاتووە).

pad : ئامرازی پێوەندییە بەواتای (لە).

kārnāmay: نێـوێکی لێکـدراوە لــە kār+nāme لێـرەدا نامــە بەواتای پەڕتووك (کتێب) دێت.

Ardaxşer i papayān: نێــوی تایبەتییــەو دامەزرێنـــەری ئیمپراتۆریەتی ساسانی بوو.

edon: ئاوەڵکارە، واتای ئاوا، بەم شێوەیە، بەمجۆرە دەگەیەنێت.

nifişt ēstand: کـاری لێکـدراوە لـە کـاتی ڕابـردوودا و بـۆ کەسـی سێیەمی تاك، بەواتای نووسی بوودێت.

ku: ئامرازی گەیەنەرە (کە).

pas:ئاوەڵکارە، بەواتای پاش، پاشان، دوایی.

az: ئامرازی پێوەندی (لە).

merg: نێوە (مەرگ).

Alaksandar: نێوی تایبەتییە.

hrummiy: ئاوەڵناوە بەواتای رومی (گریکی) یۆنانی دێت.

ander: ئامرازی پێوەندییە (لە).

Ēranşahr: نێوێکی لێکدراوە و بەواتای میری ئێران دێت.

٢٤٠: نێوی ژمارەیە (٢٤٠).

kadayxˇaday: نێوە بەواتای کەیخودا، میر، بەگ دێت kaday (دەرەبەگ، خێوێتی) لەگەڵ وشەی کەدەی فارسی نوێدا، کە بەواتای (ماڵ) دێت بەراوردی بکە لەگەڵ xˇaday (خێویتی، پاشایەتی) دەبەخشێت.

būd: کارە لە دەمکاتی ڕابردوودایە (بوو).

## زمانی ماد ( کوردی ) نێوەڕاست

شوێنەواری نووسراو بەزمانی کوردی لە سەردەمی نێوەڕاستی کۆمەڵە زمانانی ئێرانیدا دۆکیومێنتەکانی هەورامانە لەگەڵ تێکستێکی کورتی کلێسەییە.

بەڵگەنامەکانی هەورامان لە دێی پالگان نێزیك کەلای ئەردەلان- تەنگی بەر لە سەرچاوەی ئاوی سیروانەوە لە کوردستاندا دۆزراوەتەوە. ژمارەی بەڵگەنامەکان زۆر بوون، بەلام هەرسێ دانەیان لە ساڵی ١٩٠٩دا بەهۆی دکتۆر سەعیدخانەوە گەیشتوونەتە بەردەستی شارەزایانی ڕۆژهەلاتناسی ڕۆژاواوە، دووان لەو بەڵگەنامانە، کە بۆ سالانی ٨٨و ٢٢ی (پ.ز.) دەگەڕێنەوە بەزمانی گریکی نووسراون لە ساڵی ١٩١٥دا لەلایەن پرۆفیسۆر مینسەوە لە کۆواری لێکۆڵینەوەی هیلینیدا شی کراوەتەوەو سێیەمینیشیان کە بەتیپی ئارامی بووەو بۆ ساڵی ١٢و ١١ی (پ.ز.) دەگەڕێتەوە لە لایەن کاولی لە ساڵی ١٩١٩دا تیشکی خراوەتە سەر.

لە دوای تێپەڕبوونی سێ چارەکە سەدە لەسەر دۆزینەوەی ئەم بەڵگەنامانەدا د. جەمال ڕەشید ئەحمەد بۆ یەکەمین جار لە بواری ڕۆشنبیری کوردیدا تیشکی زانستی خستە سەر و بەندیواری ئەم دۆکیومێنتانەی بەزمان، مێژوو و باری ئابووری و یاسایی کورد و کاریگەری ناکوردیشی بەلێکۆڵینەوەیەکی زانستانە پێشکێش بەنامەخانەی کوردی کرد (د. جەمال ڕەشید، ١٩٨٨).

ئــەو دۆکیومێنتــەی، کــە بــۆ ســاڵی ١٢و ١١ (پ.ز.) دەگەڕێتــەوە بەئــەلفوبێی ئــارامی نووســراوەتەوە لــە ڕووی نێــوەڕۆکی زمانەوانییــەوەی هەژارە، چونکە هەر تەنێ ٢٣ وشەی تێدایە، کە سەر بەکۆمەڵەی زمانـانی ئێرانی (پورثی و کـوردی) بێـت و ١٥ لـەم ٢٣ وشـانەش نـاوی تایبــەتین، وشەکانی دی ئـارامین‌و هـەروا تێکستەکە کاریگـەری سـەردەمی هیللینــی (یۆنـانی)یـشی پێـوە دیـارە، کـە لـە کـاتی تۆمـارکردنی بەڵگەنامەکـەدا چەسپێندراوە.

**بەڵگەنامەی هەورامان**

١- شەنەت/// ق. یەرەخا ئەروتات مەیبانو پەتەسپەك بەری توورین.

٢- /// ..و؟ یەکی کرەما ئەسمەك من ئەبیکە شەکەن پەلزیات.

٣- رە زبانو ئەریل بەری بەشنین داد کولە زوزین ١٠ ٢٠ ٢٠ ٥.

٤- مە من بومخوتی ئا..خ هەمی ئەدلو قیدە متە.

٥- شەهدین تیریك بەری ئەپینی.. بەری رەشنۆ ئەرشتەت.

٦- بەری ئەبنو گریپنهی میثراپای سینەك بەری ماتبەنگ.

٧- .. کەرما ئەسمتن کەرما زینت (؟) ئەربل من.

٨- پەتەسپەك کولە زوزین ١٠ ٢٠ ٢٠ ٥. (د. جەمال ڕەشید، ١٩٨٨).

**واتای تێکستەکە بەزمانی کوردی هاوچەرخ**

١- ساڵی ٣٠٠، مانگی ئەرۆتات، مەیوان پەتەسپەك کوڕی تۆرین..

٢- نرخی (؟) ڕەزی ئەسمـەك کـە (؟) داوە بـۆ گەڕاندنـەوەی خـاوەنێتی (؟) بۆ..

٣– ڕەزوان ئەربل کوڕی بەشنین، ئەمـەش دای، هـەمووی بەگشتی (بـە) ٥٥ زۆزین.

٤– ئەوەی کە لای خێوی زەوییە...دانیپیێ داناوە (؟) لە پێش.

٥– شاهێدان تیریك کوڕی ئەپین، ی، کوڕی ڕەشنۆ ئەرشتاد.

٦– کوڕی ئەبنو گریپنهی کوڕی میپراپادی، سنەك کوڕی ماتبەگ.

٧– نرخی (؟) ڕەزی ئەسمتن، ڕەز دەگرێتەوە (؟) بۆ ئەربل، لە...

٨– پەتەسپەك، سەرجەم ٥٥ زۆزین.

**سەرجەمی واتای تێکستەکە بەزمانی کوردی هاوچەرخ**

ئەو نیوە پارچە زەویی (ڕەز)ەی، کە بۆ ئەربل بەجێ ماوە، لە مـانگی ئەروتات (جـۆزەردان) سـاڵی ٣٠٠ (سـەلوکی بەرامبـەر بـە ١٢ وە یـا ١١ی پ.ز.)ە. لـە پـێش شـاهێدان: تیریـك کـوڕی ئـەپین، ی.. کـوڕی ڕەشـنۆ ئەرشـتاد، ئـەبنۆ گریپنهـی کـوڕی میثـراپـادی، سـینەك کـوڕی ماتبەنگدا بەپەتسپەك بەرامبەر بە ٥٥ زۆزین پێشکێش کرا (فرۆشرا).

شـوێنەوارێکی نووسـینی دی، کـە بەنـدیواری بـەم سـەردەمەی زمـانی کوردییەوە هەبێت، ئەو تێکستە کلێسەییەیە، کە لـە پـاڵ شـەش زمـانی دی (گریکـی، ئاسـووری، گـورجی، عـەرەبی، فارسـی‌و تـورکی) لـە نێـو دەستنووسێکدا دۆزراوەتەوە، کە بـە ئـەلفوبێی ئـەلبانی نووسـراوەتەوەو ترانسکریپـچی هـەر حـەوت تێکـستەکەش بـەزمانی ئەرمـەنی دراوە، لـەم دەستنووسەدا نێوی کورد لە پاڵ ئەم تێکستەدا نـەهاتووە، بـەڵکو نێـوی (مار) هاتووە، کە ئەویش شـێوەی گـۆکردنی ئەرمەنـە بـۆ وشـەی (مـاد).

ئـەوەی شـایەنی باسـە لـە نێـو فەرهـەنگێکی ئەرمەنیـدا، کـە لـە نیـوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەمدا نووسراوەتەوە، بەرامبەر بە (مار:ماد) بەزمانی تـورکی بـەکوردی شـێروانی ماناکـەی لێکدراوەتـەوە ( Аветикяна .(Юрмеляна и Авгеряна UnδτлΣ pшnwΣшΣ1837

ئەمە و ئەمڕۆ ئـەم تێکستە بـەر زمـانی کـوردی "دیـالێکتی کرمـانجی (کـوردی) بـاکور" دەکـەوێت، هـەروا توێـژەری ئـەم دەستنووسـە باسـی ئەوەی کردووە، کەوا لـە شـوێنانی دی ئـەم دەستنووسـەدا تێکستی دی بـەزمانی (مـاد) هەیـەو هێماشـی بـۆ ئـەوە کـردووە کـەوا مادەکـانیش ئەلفوبێی تایبەتی خۆیان هەبووە.

لێکۆڵەرەوەکـە وای بـۆ دەچـێت، کـەوا ئـەم دەستنووسـە لـە سـاڵی ١٤٤١دا لە لایەن زێتر لە نووسەرێك تـەواو بووبێـتو دەستنووسـەکە ٣٤٦ پـەڕە و بابـەتی جۆراوجـۆری سـەردەمانی کـۆنو سـەردەمی خۆیـدا تێـدا کۆکراوەتەوە.

ئەگەرچی تەواوبوونی ئەم دەستنووسـە بـۆ نیـوەی یەکـەمی سـەدەی پازدەم دەگەڕێتەوە، بەڵام من لەبەرئـەو هۆیانـەی ژێـروو وای بـۆ دەچـم، کەوا تێکستە کوردییەکەو ئـەوانی دیـش بـۆ کۆتـاییی سـەدەی هەشـتەمو سەرەتای سەدەی نۆیەمی زاینی بگەڕێتەوە:

١- نووسین بەزمانی ئەلبانی لە نێوان سـەدەی ٥-٧ زاینیـدا لـە ناوچـەی کەفکازدا لە پاڵ زمانی گورجیو ئەرمەنیدا بووژابـووەوە لـە سـەدەی هەشـتەمدا بـەر بـارودۆخی موسـڵمانێتیبووندا کـەوتنو لـە سـەدەی دەیەمینیشدا لەبەر هێرشی مەغۆلدا دەسـەڵاتدارێتیان لـە دەسـت دا،

بۆیە لە سەدەی پازدەمدا ئەلفوبێکەی ئەم کاریگەرییەی نەماوە، بۆ ئەوەی بەچەندین زمان تێکستی کلێسەیی پیّ بنووسنەوە.

٢- دەبێت تێکستی کلێسەیی لە سەردەمێکدا نووسرابێت، کە هێژ خەڵکێکی زۆر لە گەلانی وەك کورد و فارسو گورجیو... لەسەر دینی ئیسایی مابنەوە، کە ئەویش هەر بۆ سەرەتای بڵاوبوونەوەی موسڵمانێتیدا دەگەڕێتەوەو موسڵمانێتی لە دەوروبەری ٦٣٩ ز. کوردستانی گرتەوەو لە ساڵی ٧٥١دا هەڵمەتی موسڵمانکردنی گەلان وەستا.

٣- لەم دەستنووسەدا هەر باسی بابەتانی سەردەمی نووسینەوەی ئەم دەستنووسە ناکات، بەڵکو نێوەڕۆکەکەی دەیان بەرهەمی بیری سەدانی پێش سەردەمی خۆی دەخاتە ڕوو هەروەکو باسکردنی نووسینەکانی واردان (١٢٢ ز.) کە لە بەرهەمی بیری خۆیدا ناوی ئەو گەلانە دەبات، کە ئەلفوبێی تایبەتی خۆیان هەبووەو یەك لەوانەی ناوی دەبات مادە.

٤- لە سەدەی تەواوبوونی نووسینەوەی ئەم دەستنووسەدا، کە نیوەی یەکەمی سەدەی پازدەمە نێوی (ماد) باو نەبووە. بەڵکو هەر لە نێو گێڕانەوە ڕووداوانی ڕابردوودا نێوی هاتووە، هەروەکو لە نێو دەستنووسی واردان و دەیان دەستنووسی دیدا.

٥- شێوەی داڕشتنی فرێزی دیارخەری تێیدا، کە ئاوەڵناو (دیارخەر) بە پێش ناو (ناوی دیارخراو) کەوتووە. هەروەك (Pakəž xodé) ،

کە (Pakəž) ئاوەڵناوە (دیارخەر)ەو بەپێش (xodé) ناو (ناوی دیارخراو) کەوتووە، کە ئەم بارە ڕێزمانییە تەنێ بەزۆری لە نێو تێکستەکانی کۆنی ئێرانیدا بەرچاو دەکەوێتو بەرە بەرە لە سەردەمی نێوەڕاستدا کەمتر بەکار هاتووە و لەسەردەمی نوێدا لە فرێزی دیارخەریدا بەزۆری نێوی دیارخراو بە پێش دیارخەر کەوتووەو بەگشتیش بەیارمەتی ئامرازی خستنەسەر داڕێژراوە وەك (خودێ: خوای پاگژ: پاك)، لە کاتی بەکارهێنانی دیارخەر لە پێش ناوی دیارخراودا یاسای ڕێزمانی تایبەتی خۆی هەیە بۆ وێنە دەوترێت ( پاکترین خوا): (خودێ هەرە پاك– پاگژ–پاکژ–پاقژ). هەروا هەبوونی دیارخەر لە دەرەوەی کەوانەی فرێزی دیارخەریدا هەروەك pakəž vemark ،pakəž zahm تەنێ لە نێو زمانانی کۆنی ئێرانیدا بەرچاو دەکەوێت، بەڵگەیەکی دی زمانەوانی، کەوا ئەم تێکستە بۆ سەردەمی نێوەڕاستی کۆمەڵە زمانانی ئێرانی دەگەڕێتەوە شێوەی داڕشتنی وشەی vamark (بێمەرگ)ە، کە هێژ (V)یێ بە (b)یێ نەگۆڕاوە، هەروەکو لەم وشانەی سەردەمی نێوەڕاستی کۆمەڵە زمانانی ئێرانیدا بەرچاو دەکەوێت (vang) بانگ، (vark) بەرگ، (vemar) بیمار، (vastan) بەستن، (vavar) باوەڕ، (varan) بارانو.. (فەرهەنگی پەهلەوی ١٣٤٦).

تێکستێك بەزمانی ماد (کوردی نێوەڕاست)

Pakəž xodé,  pakəž zahm, pakəž vemark, koj hat i xače əškərma, rahmat e ma.

**لێکدانەوەی وشەکان:**

Pakəž : پـاك، پاکـژ، پاقـژ، لێـرەدا ئاوەڵنـاوەو ڕۆڵـی دیارخـەری گێڕاوەو بەپێش نێـو کـەوتووەو لەگەڵیـدا فرێـزی دیارخـەری داڕشـتووەو هیچ ئامرازێکی سینتاکسی بەشداری ئەو داڕشتنەی نەکردووە.

Xodê: خـودێ، خـوا، خـولا، ئیـزد، یـەزد، نێـوی دیـارخراوەو کەوتووەتە دوای دیارخەرەوە.

Zahm: بەتوانا، بەهێز، نێوی دیارخراوە.

Vemark: نەمر، نێوی دیارخراوە.

Koj: ئەوەی کە، ئامرازی گەیەنەرە.

Xac: خاچ– وشەیەکی ئەرمەنییە.

ešker: سپاس، پێزانین، لە (شکر)ەوە هاتووە.

Ma: ما، مە، ئێمە.

Rahmat: بەزەیی، میهرەوانی، لە (رحمة)ەوە هاتووە.

ئەمە و ئەو باسەی (شیخ ابوبکر احمد بن وحشیة النبطي) ، کە لە نێو بەرهـەمی خۆیـدا لـە ژێـر سـەرنێوی "شـوق المستهام في المعرفـة رمـوز الاقلام" و لە ساڵی ٢٤١ی کۆچیدا (٨٢١ ز.) نووسـیویەتی باسـی جـۆری نووسـینی کـوردی کـردووە، کـەوا دوو نووسـەر (بینـو شـاد و ماسـی الـسوراتی) هـەموو جـۆرە زانیـاری و هونـەر و کتێبـی کوردییـان

کۆکردووەتەوەو ئەلفوبێیەکی تایبەتیشیان بۆ زمانی کوردی داناوە (زاری کرمانجی، ژمارە (١٨) لاپـەڕە ٢و٣. ١٦ی شـوال ١٣٤٧ هـ/ ٢٧ اذار ١٩٢٩ سـاڵی سـێیەم. دکتـۆر سـەعیدخان ١٩٣٥. گیـوی موکریـانی ١٩٦١. د. جەمال ڕەشید ئەحمەد ١٩٨٨).

## زمانی سەکەسی ( خوتەنی )

سەکەسی زمانی ئەو کۆمەڵە ئێرانیانە بووە، کە لە شوێنەواری دەستنووسەکانی زمانی گریکی کۆندا بە (سکیف) و لە فارسی کۆندا (ساکا) و لە زمانی هیندی کۆندا بە (شاکا) نێویان هاتووە.

دەسەلاتداریتی ئەم هۆزانە لە سەدەی دووەمی (پ.ز.)دا هەرێمێکی زۆر فراوانی گرتبووەوە لە لێواری زەریای ڕەشەوە تا بەری باکوری ڕۆژاوای هیندستانو سنووری چین.

زمانی سەکەسی لە هێندێك نێوچەی تورکستانی چینیدا بلاو بوو بووەوە. وەك نێوچەی خوتەن، ئەو تێکستانەی لەم نێوچانەدا نووسراونەتەوە بۆ سەدەی پێنجەم تا دەیەمی زاینی دەگەڕێنەوەو زۆرجار نێوی ئەم تێکستانە بەزمانی سەکەسی — خوتەنی نێو دەبرێن، چونکە کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە خوتەندا لە تورکستانی چینیدا کۆمەڵێك دۆکومێنت دۆزراونەتەوە لە رووی نێوەڕۆکەوە لە بارەی ئاینی بووداوە بووەو بەئەلفوبێی هیندیش نووسراونەتەوەو لە زمانی سانسکریتییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی سەکەسو بۆ سەدەی حەوتەم تا دەیەمی زاینی دەگەڕێنەوە.

وەنەبێت نێوەڕۆکی تێکستی خوتەنی هەر گێڕانەوەی ئەفسانەکانی بودا بێت، بەڵکو ئەوەش ڕوون دەکەنەوە، کەوا بودا خۆی سەری لە گردی گۆشرنگا لە خوتەندا داوەو بیروباوەڕی ئاینی خۆی تێدا بلاو کردووەتەوە (Bailay H.W. 1938, 1967,1979).

هـۆزانی سەکەسـی لـە خـاکی کوردسـتاندا لەگـەڵ ئـەوەی کاریگـەریی زمانـەوانییان هـەبووە، شـوێنەوارێکی زۆریـشیان لێ بـەجێ مـاوەو شـاری (سەکز: سەقز) بەنێوی ئەوان کراوەو دەبێت ئەوان بنیاتیان نابێت. زمانی ئۆستینی ئەمڕۆ خزمایەتی لەگەڵ زمانی سەکەسیدا هەیە.

**تێکستێك بەزمانی سەکەسی:**

Ttiya va gyasta naga u hvamda avatsare aysamna panta balysi patana vastata u hamju dasta namda ugyasta balysa tta hvatanda, Muha gyastanu gyasta balysa datu vata ttarrama hambera (gyastanu gyasta balysa mavu bissanu) uzysnauranu atama. (Sten K. 1932).

**واتای تێکستەکە بەزمانی کوردی:**

ئەوجا خودێیان ناگا(س) و پییاو ئەڤاتسەرە، هەر یەکێك (لـەوان) لـە شوێنی خۆیان پەیدابوون و جێگەی خۆیان گۆڕیوەو، لە بەرامبـەر خـودێ و پێکـەوە دەسـتی یـەکتریان گـرت، بـۆ خێـوی خـودێی پێـشبینی ئـاوا کسەیان کرد: ئەی خێو، خودێی خودێیان، ئێمە تینووی دادین، خواسـتی ئێمە لە هەموو لایەنێکی هەبووندا بهێنـە دی، جـا خـودێی پێشبینی لـەو کاتەدا بزەیەکی کرد (لەسەر ڕوخساردا پەیدا بوو).

لێکدانەوەی وشەکان:

Ttiya: ئامرازە –جا، ئەوجا).

va: ئامرازە.

gyasta: خوا، خودێ

naga: نێوە (هەبوونی)

u: ئامرازە (و).

hvamda: پیاو (؟).

aysamna-asana: دانیشت.

pantana: هەر (کەسێك، یەکێك).

balyasi: خێو، خاوەن.

gyastanu gyastabalisa: خێوی (خاوەنی) خودێی خودێیان.

ptana (=panate) بە (gyasta)ش هاتووە.

vastata (=vasta): ویست، ئارەزوو.

hamju: پێکەوە، تێکڕا، هەموویان پێکڕا.

dasta: دەست.

namda: گرت.

hvatanda-hvan: ئاخاوتن، کسەکردن.

Muhu بە (madana, maha)ش هاتووە (ئەم، ئێمە، مە).

datu- data: داد، ڕاستی، یاسا.

ttarrama- ttarra: تێنووێتی.

hembera- hembera: هەست.

bissanu: هەمو جۆرێك، هەموو لایەك.

uzysnaura: هەبوون، هەیی.

atama: تەما، خواست، ئارەزوو.

badu: کات.

khanau: خەندە، بزە.

yade: کەسی سێیەمی تاک (yan)ە — کردن.

# زمانی سوغدی

زمانی سوغدی بەر گرووپی زمانانی ئێرانی بەری ڕۆژهەڵات دەکەوێت، کە لە سەدەی یەکەمی زاینیدا باو بووە. ئەو هەرێمەی کە دانیشتوانی کسەیان پێ کردووە، ئۆزبەکستانی ئەمڕۆ دەگرێتەوە. زمانی یاگنوبی کە لە ناوچەی یاگنوبدا پێی دەدوێن بەبەردەوامبووی زمانی سوغدی دادەنرێت.

بەزمانی سوغدی چەند نووسینێکی ئاینی ماونەتەوە، کە زۆربەیان بۆ پەیامبەر – مانی دەگەڕێنەوە، نێوبراو هێندێك گۆڕینی خستووەتە نێو دینی زەردەشتییەوە، کە لەگەڵ باری کۆمەڵایەتیو ئابووری ئەوسا دەگونجا، ئەو شوێنەوارانەی نووسراو کە لە تورکستانی چیندا دۆزراونەتەوە بۆ سەدەی سێیەمی زاینی دەگەڕێنەوە. لە ساڵی ١٩٣٢دا لە ژێر چاودێری (Фрейман) لە کێوی موگدا، کە بە ١٢٠کم لە شاری سەمەرقەند دوورە، نێزیکەی نەوەد دۆکیومێنت دۆزراونەتەوە، کە لەسەر پێست نووسراون وەیا لەسەر جۆرە کاغەزێك، کە لە چیندا دروست کراوە، لە بەشی هەرە زۆری ئەم دۆکیومێنتانە نێوی پاشای سوغدی– دیڤاشتیچ هاتووە (Фрейман 1936).

تێکستێك بەزمانی سوغدی لەگەڵ وەرگێرانەکەی

| | |
|---|---|
| *ZKn pnčy MR'Y* | پاشا پـەنچی |
| *δyw'štyč* | دیوا شتیچ |
| *'št srδ' 'γ* | هـەشت سالآنـە |
| *m'γy nysnuč* | مانگی نیسنوچ |
| *myδ γwrrwč* | ڕۆژی خورروچ |
| *rty βyr 'γwšmryk* | لـە سـەر کـردە |
| *MN prm'nδ'r* | ژمارکار م وەرگرت |
| *'wtt 20—20—3* | کردی ٢٠ ـ ٢٠ ـ ٣٠ (= ٤٣) |
| *pwst čw'w'ry'k* | پێست(چـەرم)ی هـەڵبژاردە |

لێکدانەوەی وشەکان:

ZKn-: ئامرازە و بەیارمەتی نیشانەی تیانی n دادەڕێژرێت.

pncy: نێوی تایبەتییە.

MRy: فەرماندار، پاشا.

dywstyc: نێـوی تایبەتییـە، پاشـای سـوغدی بـووە، فەرمانـداری سـەمەرقەند بـووە، کـە لـە چـارەکی یەکـەمی سـەدەی هەشـتەمدا لـە شەڕێکدا، کە لەگەڵ چەند هێزێکی عەرەب ڕووی داوە، کوژراوە.

st: هەشت، ژمارەیە.

sro: ساڵ.

Y: کاری یارمەتیدەرە بۆ کەسی سێیەمی تاك.

m yy: مانگ.

nysnyě: نیوەی مانگی سێیەمی سوغدییانە.

myb: ڕۆژ.

ywrrwc: نێوی یازدەمین ڕۆژی مانگە.

-Byr: کاری کەسی سێیەمی تاکە، هێنای وەری گرت.

ywsmryk: ژمارکار، ژمێرکار.

-Mn: ئیدیۆگرامی ئامرازی (ط) زمانی سوغدییە.

prmnbr: سەرکار، بەڕێوەبەر.

wtt: نێوە لە باری کۆدایە، لە (wt) هاتووە، بەواتای هەرێم، مەیدان دێت.

pwst: پێست، چەرم.

cwwryk: هەڵبژاردە، wryk هەڵبژاردن.

## زمانی باختری

له هەزارەی دووەمی (پ.ز.)دا له لایەن هـۆزانی سـەكەس و توخاریـدا خاكێك داگیر كراوە، نێوی توخارستانی لێ نراوە، ئەم هەرێمـە كـەوتبووە سەروو نێوەڕاستی ئەموداری له نێوان زنجیرە چیای كەیسەری له باكور و گینـدوكوش لـە باشـووردا، دانیـشتوانی ئـەم ناوچـە داگیركـراوە بـەزمانی باختری دواون.

له نێو هۆزانی توخاری– سەكەسیدا چەند پاشایەتێك دامـەزرا، لەوانـە پاشایەتی كوشـان، پارەیـەكی زۆری ئـەم پاشـایەتییە بـەجێ مـاوە و لـە سالأنی چلەكانو پەنجاكانی ئـەم سـەدەیەدا دۆزرانـەوە، هـەروا كۆمـەڵێك نووسراویش كه زۆربەیان نامەنو بۆ توخارییان دەگەڕێنەوەو بـەدیالێكتی هۆزانی سەكەسی–توخاریو خیونیتی نووسراونەتەوە له بەری ڕۆژهەلأتی توركستاندا بەدەست كەوتوون، له ساڵی ١٩٥٧دا لـە سـورخ–كوتـاڵ، كـە كەوتووەتـە بـاكوری ئەفغانـستان شـوێنەواری نووسـراو بـەزمانی بـاختری دۆزراوەتەوە ( Franz Altheim 1975, Henning 1960).

### تێكستێك بەزمانی باختری

Eido malizoma kanesko oanindo bagolaggo sido I bago sao kaneski namobargo kirdo (Opaнckuu 1963, 1988).

**واتای تێکستەکە بەزمانی کوردی:**

" ئەم بنیاتە (کەلا، پەرستگە) پیرۆزەی کانیشکۆی سەرکەوتوو، کە نێوی کانیشکای لێن درا".

**لێکدانەوەی وشەکانی ناو تێکستەکە:**

Eido: جێناوی نیشانەیە. ئەم...ە.

malizoma: نێوە. بنیات، پەرستگە دەگەیەنێت بۆ وشەی کۆنی ئێرانی ma-diz دەگەڕێتەوە، کە diza واتای کەلای گەیاندووە، mo تیپێکی لکاوە.

kanesko: نێوی تایبەتی پاشای سێیەمی پاشایەتی کوشانە " لە دەوروبەری سەدەی یەکەمو دووەمی (پ.ز.)دا".

oanindo: ئاوەڵناوە، سەرکەوتوو.

bagolaggo: نێوە، پەرستگە یا پیرۆز.

sido: جێناوی گەیەنەرە.

bago: نێوە، پاشا، گەورە، مەزن.

sao: نێوە، پاشا.

namobargo: وشەیەکی لێکدراوە، نێوهەڵگر، نێونراو.

kirdo: کارە بۆ کەسی سێیەمی تاک، ڕابردووە، کرد.

# زمانی خەوارزمی

زمانی خەوارزمی بەر گرووپی زمانانی ئێرانی– ڕۆژهەلاّتی دەکەوێتو لە زمانی سوغدی نێزیکە. لە کۆتاییی سالاّنی سی ئەم سەدەیەدا لە ژێر چاودێری س.پ.تۆلستۆیدا لەنێو ئەو خاکەی، کە خەوارزمییکان فەرمانڕەوایەتییان تێدا کردووە، شوێنەوارێکی دەولّەمەند دەست کەوت، کە زۆر لایەنی کولتووری خەوارزمییان دەخاتەڕوو، لە نێو ئەم شوێنەوارەدا دراوێکی زۆری پاشایانی خەوارزمی هەن، کە بە ئەلفوبێی ئارامی نووسراون، بەلاّم لە سەرەتای سەدەی دەیەمی زایینیدا ئەلفوبێی عەرەبییان بەکار هێناوە. بیرونی (٩٧٣–١٠٤٨) نێوی ڕۆژ و هەفتە و مانگو جێژنەکانی خەوارزمی تۆمار کردووە، هەروا (ابن فظلان و اصطخري) لە سەدەی دەیەمدا و یاقووتی حموی لە دەوروبەری (١١٧٦–١٢٢٩)دا و نووسەرانی دیش هێندێك لە شێوەکانی دەستووری زمانی خەوارزمییان بەزمانی خەوارزمی نووسیوە، بەلاّم بەبێ وەرگێڕان .(Фрейман 1951, Толстов 1948)

لەو سەردەمەی کە ئەم گەڕۆكو زانایانەی لە ژووروو نێوبراودا تێبینییان لەسەر خەوارزمییان لە نێو بەرهەمی خۆیاندا نووسیوە، تا ئەوسا خەوارزمیان زمانی خۆیان پاراستبوو، بەلاّم بەماوەیەکی کەم لە دوای ئەم سەردەمەدا زمانی خەوارزمی هیچی دی بەکار نەهاتووەو لە برێتی ئەو بەزمانی تورکی دواون کە جێگەی زمانی خەوارزمی گرتووەتەوە.

## پێوەندی نێوان زمانانی ئێرانی سەردەمی نێوەڕاست

لێکۆڵینەوەی زمانەوانی لە لایەن مێژووی پەرەسەندنی دیالێکتۆلۆژی زمانانی ئێرانی سەردەمی نێوەڕاستدا ئەوەی پێشان داوە، کەوا ئەو جیاوازیی زمانەوانییەی، کە لە سەردەمی کۆندا لە نێوان دیالێکتەکانی ئێرانیدا سەری هەڵدابوو، لەم قۆناخەدا هەر بەردەوام بوو، بەڵام بەڕادەیەکی زێتر و کوولێتر و لەگەڵ هاتنە سەری جیاوازیی زمانەوانی نوێتریش، کە کەلێنێکی فراوانی خستە نێو دوو گرووپی سەرەکی زمانەوانی ئێرانی ڕۆژاوایو ڕۆژهەڵاتیدا، چونکە لە پاڵ جیاوازی فۆنۆتیکیو وشەی فەرهەنگی جیاوازیی داڕشتنی ڕێزمانی (مۆرفۆلۆژی و سینتاکس)دا پەیدا بووەو شێوەی گەردانکردنی لە بەری ڕۆژاواییدا زۆر خێرا پەرەی سەندووە تا بەری ڕۆژهەڵاتی.

ئەو زمانە ئێرانییانەی سەردەمی نێوەڕاست، کە لە بەری ڕۆژاوادا هەبوون، هەر بەردەوامبووی زمانانی ئێرانی سەردەمی کۆنن، زمانی فارسی نێوەراست بەردەوام بووی زمانی فارسی کۆن– هەخامەنشییە، کە بەر گرووپی باشووری ڕۆژاوای زمانانی ئێرانی دەکەوێتو زمانی پورثیو کوردی لە سەردەمی نێوەڕاستدا بەردەوامبووی ئەو زمانە کۆنانەی ئێرانین، کە سەر بەگرووپی باکوری ڕۆژاوانو بەتایبەتی زمانی ماد.

جیاوازی فۆنۆتیکی لە نێوان زمانی فارسی نێوەڕاستو زمانی پورثیـدا بەمجۆرە بووە:

| زمانانی ئێرانی نێوەڕاست | | | زمانانی ئێرانی کۆن | |
|---|---|---|---|---|
| | پورثی | فارسی نێوەڕاست | فارسی کۆن | ئاوێستا |
| کوڕ<br>سێ<br>رەگی<br>کاری زانین<br>دڵ<br>ڕەگی<br>لێدان ژێکرن، کوشتن<br>ژین | Puhr<br>hre<br><br>zan<br>zird<br>zan<br><br><br>zivand<br>ag<br>ژیاو | pus<br>se<br><br>dan<br>dil<br>zan<br><br><br>zindaga<br>n | puv $^{r}$ a<br>vri<br><br>dan<br><br>jan<br><br><br>jin<br>رەگی کاری ژین | puv<br>ra<br>v ri<br><br>zan<br>zard<br>aya<br>jan<br><br><br>jiv<br>رەگی<br>کاری ژین |

جیاوازی نێوان زمانی فارسی نێوەڕاست و زمانی پورثیدا لە بواری دی ڕێزمانیدا بەرچاو دەکەوێت، بۆ وێنە لە جێناوی نیشانە، پێشگر، پاشـگر، ئـامرازی پێوەنـدی و نیـشانەی ڕێزمـانی ( Оранский 1936, 1968, 1988).

| زمانی فارسی نێوەڕاست | زمانی پورثی | |
|---|---|---|
| en | im | ئەم |
| (h)an | ho | ئەوە، هۆوە |
| -ih | -eft | پاشگرە بۆ داڕشتنی نێوی ئەبستراکت |
| i | -ce | ئامرازی خستنە سەر |
| kun- | kar- | ڕەگی کاری (کردن)ە |
| goB- | vaz- | ڕەگی کاری (وێژەن: بێژتن: وتن)ە |

لەنێو بەرهەمی نووسراوی زمانانی ئێرانی بەری ڕۆژهەڵاتیدا لە قۆناخی نێوەڕاستدا نێزیکایەتییەکی بەتین لە نێوان زمانانی سوغدی و خەوارزمیدا هەبووە، ئەم دوو زمانە لە ڕووی هێندێك تایبەتێتی فۆنۆلۆژیو مۆرفۆلۆژییەوە نێزیکایەتییان لەگەڵ زمانی سەکەسیدا بووە، ئەوەی شایەنی باسە لە دوای سەدەی سێیەمو چوارەمی زایینیدا زاراوەی سەکەسو سەرمات لە نێو سەرچاوەکانی ئەو سەردەمە و لە پاشتریشدا بەرچاو ناکەوێت، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کەوا ئەم دوو زمانە ئێرانییە نەما بن و لەپڕ لەنێوچوو بن، بەڵکو دیالێکتەکانی سەکەسی لە نێو زمانی ئالاندا خۆیان نواندووەو کە ئەمڕۆ زمانی ئۆستینی بەبەردەوامبووی زمانی ئالانی دادەنرێت، بۆ وێنە لە زمانی ئالانیدا (دان، کەم، سورخ) لە

ئۆستینیدا (دۆم، کۆم، سورخ)، کە واتای (ڕووبـار، کـۆرت: قـۆرت، سـۆر: سوور) دەگەیەنێت.

لە نێوان سەدەی پێنجەم تا چوارەمدا، کە هۆزانی ئالانی لە ئەورووپادا بڵاوبوونەوە، کۆمەڵێك وشـەی سەکەسـیان لـە نێـو زمـانی فینـی ئوگریـدا بەجێهێشتووە.

| سەکەسی (ئالانی) | فینی ئوگری | ئۆستینی | کوردی |
|---|---|---|---|
| kard | kard | kord | کێرد، چەکۆ |
| zuld | zuld | zuld | زەرد |
| alder | alder | alder | سەردار |

لـە نێـوان دیالێکتـەکانی سەکەسـیو لکەکانیـدا لـە لایـەك و زمانـانی سـوغدی و خـەوارزمی لـە لایـەکی دیـدا ئەوەنـدە نێزیکایـەتیو لێکـچوون هەیە، دەتواندرێت لە نێو یـەك کۆمەڵـە زمانـدا کـۆ بکرێنـەوە، کـە نێـوی سەکەسی یا کۆمەڵە زمانانی باکور وەیـا هێنـدێك جـار بەکۆمەڵـە زمانـانی ئێرانـی بـاکوری ڕۆژهــەڵات نێـودەبرێن. هێنـدێك تایبـەتێتی (خوتــەنی) سەکەسیو دیالێکتەکانی باکتریش کۆ دەکاتـەوە بـۆ ئـەوەی بەباشـووری ڕۆژهەڵاتی زمانانی ئێرانی سەردەمی نێوەڕاستیان نێو بنرێن ( Herzfeld 1924, 1938, 1947, Фрейман 1936, 1951, Оранский 1936 ).

# زمانانی ئێرانی سەردەمی نوێو هاوچەرخ

پۆلکردنی زمانانی نوێ و هاوچەرخی ئێرانی لە رووی پۆلکردنی زمان، دیالێکت، بەشە دیالێکتو نیمچە بەشە دیالێکت مەزنترین گیروگرفتێکە، کە ئێرانیناسان رووبەڕووی دەبن، بەتایبەت لە بارەی ئەو زمانە ئێرانییانەی کە بەر لایەنی ڕۆژهەلاتی دەکەون، ئەوانەی کە تەنێ زمانو دیالێکتی کسەکردنن و هی نووسین نین، ئەم کێشەیە تا ڕادەیەك هێندێك دیالێکتو زمانانی دی ئێرانیش دەگرێتەوە، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ کەمی لێکۆڵینەوەی زانستی لە بارەیان.

زۆرجار پێوانەی لینگویستی، دووری یا نێزیکی ستركتووری زمانانو دیالێکتانی هاوچەرخ یان نیشانەی لێك گەیشتنو لێك نەگەیشتن لە پێناو سنوور دانان بۆ زمانێك ڕەچاو ناکرێت، بۆ وێنە زمانانی فارسیو تاجیکی لە رووی دارشتنی رێزمانیدا وەك یەکن و هەروا لەلایەن وشەی فەرهەنگییەوەش ئەوەندە هاوبەشن لە کسەکردندا هەردوو لا بەباشی لێك دەگەن، بەلام لەبەرئەوەی ڕێڕەوی مێژووی تاجیکیان لە باری ئابووری، ڕامیاریو رۆشنبیریدا چۆنیەکی ڕێبازی مێژووی فارس زمانیان نییە، چونکە دەیان سالّ بوو زمانی وێژەیی تاجیکی لە ژێر فەلسەفەی کۆمۆنیزمیو زمانی وێژەیی فارسیشی لە دۆخی کۆلۆنیکراودا پەرەیان دەسەند، ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی لە کاتی هاوچەرخدا بەدوو زمانی لێك جودا لە کەلەم بدرێن، ئەگەرچی لە دارشتنی رێزمانیاندا وەك یەکنو هەروا لە مێژووی لەوە لە پێشتریشیاندا هاوبەشن، ئەم لێك جودا کردنەوەی زمانانی چۆنیەكو دانانیان بەزمانێکی سەربەخۆ گرانێکی

تایبـەتی خـستووەتە سـەر پـۆلکردنی ئـەم دیالێکتانـەش، کـە سـەر بـەم زمانــەن، هــەروەك ئــەو کۆمەڵــە دیالێکتــەی ســەر بــەزمانانی فارســیو تاجیکین، کە لە ئێـران، ئەفغانـستانو ئاسـیای نێوەڕاسـتدا کسەیان پـێ دەکرێت.

ئەم دیاردەیەی ژووروو لای تاکو تەرا لە زمانناسانی کـورد بـەجۆرێکی دیـی ڕەنگـی داوەتـەوە، ئـەویش بـەدانانی دیالێکتـەکانی زمـانی کـوردی بەزمانێکی سەربەخۆی کوردی هەروەك دانانی دیالێکتی کرمـانجی ژووروو (بادینی) و دیالێکتی کرمانجی نێوەڕاست (سۆرانی) بەدوو زمـانی کـوردی سەربەخۆ، ئەمە لە کاتێکدا ئـەم دوو دیالێکتـە لـە باشـووری کوردسـتاندا (کوردسـتانی عێـراق) مێژوویـەکی هاوبەشـیان هەیـە و پێکـەوە پـەرەیان ســـەندووەو لێــك دانـــەبڕاونو تێکـــەڵاوێکی واش کەوتووەتـــە نێـــوان کــسەپێکەرانیانو نووســەرانیانو بەرهــەمی بیریــان زۆر لێکــی نێزیــك کردوونەتـــەوە، پێویـــستە زمانـــەوانی کـــورد ئـــەم دیاردانـــەی لێـــك نێزیکبوونەوەی دیالێکتەکانی زمانی کـوردی ڕەچـاو بگرێـتو هـەروا هـەر تــەنێ شـارەزایی لــە دیالێکتەکـەی خۆیـدا نـەبێت، بـەڵکو لـە هـەموو دیالێکتــەکانی دی زمـانی کوردیـدا، بـۆ ئـەوەی بیروبـاوەڕی کوردناسـێك دووبارە نەکاتەوە، کە مەبەستی زێتر لێك دابڕاندنی کـوردە، هـەروا هـەوڵ دەدات نەك هەر ئەم دوو دیالێکتە بەزمانێکی سەربەخۆ لـە کەلـەم بـدات، بەڵکو لەگـەڵ دانیـشتوانی هـەر گونـدێکی کوردیـدا مامەڵـەی دیـالێکتێکی سەربەخۆی لەگەڵدا دەکات.

## زمانی فارسی نوێ

لە نێوەڕاستی سەدەی حەوتەمدا، کە دەوڵەتی ساسانی لە لایەن هێزی موسڵمانەوە ڕووخا، بەرە بەرە زمانی عەرەبی لە برێتی زمانەکەی خۆیان هاتە نێوەوەو لە نووسیندا بەکار هات و ئەم بارەش هەتا سەرەتای سەدەی نۆیەمی خایاند.

لە سەردەمی عەباسییاندا لە ئێراندا چەند ئیمارەتێك پەیدابوون، کە لەگەڵ دامەزراندنیاندا چەند زمانێکی نوێ سەریان هەڵدا، بووژانەوەی زمانی فارسی (تاجیکی) لە دوای پەیدابوون و بڵاوبوونەوەی موسڵمانێتیدا پێوەستی بەدامەزراندنی دەوڵەتی سامانی (٨٧٥-٩٩٩) هەبوو، کە سەربەخۆییەکی تەواوی لە دەوڵەتی عەباسی وەرگرت و لێی جودا بووەوەو زمانی فارسی (تاجیکی) زمانی ڕەسمی ئەم دەوڵەتە بوو.

یەکەمین کەسێکی، کە لە دوای پەیدابوونی موسڵمانێتیدا هۆنراوەی بەزمانی فارسی هۆنیوەتەوە ئەبو یووسف یەعقوب بووەو لە دەوروبەری ساڵی (٨٦٧)ی زایینیدا بووە، لە دوای ئەمدا بوێژێکی زۆر هۆنراوەیان بەزمانی فارسی هۆنیوەتەوە، وەك (ڕوودەکی، دەقیقی، فردەوسی، ناسری خوسرەو، عومەری خەیام و... Opaнckuu 1988) ئەم زمانە فارسیە نوێیەبەتیپی عەرەبی نووسراوەتەوەو هەر لەوساوە دەست لە بەکارهێنانی تیپی پەهلەوی هەڵگیراوەو ئەلفوبێی عەرەبی جێگەی گرتووەتەوەو هەتا ئەمڕۆش لە بەکارهێنانیدا هەر بەردەوامن ( Lazard 1970).

له زمانی فارسی نوێدا ئاڵوگۆڕێکی زۆر له فۆنیم و وشـەی فەرهەنگیـدا ڕوویـدا، کـە زۆربـەی ئـەم گۆڕینانـەش بـەهۆی تێکـەڵبوونی هێنـدێك لـە دیالێکتەکانی زمانی فارسی نێوەڕاست بەزمانانی دیدا بووە، وەك پـورثـی و سوغدی، هێندێك لـە وشـەی ئـەم دوو زمانـە بـە تایبـەتیو زمانـانی دی بەگشتی له کسەکردنو نووسـینی زمـانی فارسـی نوێـدا بـەکار هـاتووە و چەسپیوە، دیسانەوە گۆڕان له هێندێك لایـەنی ڕێزمـانی فارسـیدا هەسـت پیێ دەکرێت بەتایبەتی له بەشەکانی ئاخاوتندا، بۆ وێنـە کـاری ڕابـردووی تێپـەڕ لـە زمـانی فارسـی نێوەڕاسـتدا هــەروەکو زمـانی فارسـی کـۆن داڕێژراوەو کەس و ڕووداو له دۆخی تریاندا بـووە یـا بەیارمـەتی جێنـاوی لکاوەوە داڕێژراوە:

دید—و—م    من دیتم، من دیارم.

دید—و—ت  تۆ دیتت، تۆ دیاریت.

دید—و—ش  ئەو دیتی، ئەو دیارە.

له زمانی فارسی نوێدا کار هەر خـۆی گـەردان دەکرێـت بـۆ وێنـە: مـن دیدم، تو دیدی، او دید... هـەروا گـۆڕانێکی زۆر لـە بەشـی نێـودا بەرچـاو دەکـەوێت، کـە بـەرەو شـیکردنەوە لـە ڕووی ئـامراز و تەواوکارییـەوەی پەرەی سەندووە، ئەم جۆرە گۆڕانە لەگەڵ بەشی کاریشدا ڕووی داوە.

**تێکستێك بەزمانی فارسی نوێ**

در شهر کرمانشاه کوه بزرگی پارچه سنگ هست، کـه انـرا بیـستوون می نامند (لاهوتی دونشان، ١٩٣٦،٧).

**واتای بەزمانی کوردی**

لـە شـاری کرمانـشادا کێـوێکی گـەورە هەیـە، کـە یەکپارچـە بـەردەو بەبێستوون نێو نراوە.

## زمانی فارسی هاوچەرخ

زمانی فارسی هاوچەرخ بەشێوەیەکی سەرەکی لە نێو خاکی ئێراندا بڵاو بووەتەوەو بووەتە زمانی ڕەسمی دەوڵەت، ئەگەرچی کسەپێکەرانی زمانی فارسی نیوەی دانیشتوانی ئێران، لە پاڵ گەلی فارس زماندا لە ئێراندا گەلانی دی ئێرانیی زمان هەن وەك کورد، بلوج، تات، تالیش، مازندەران، گیلەك، سیمنانو...هەروا ژمارەیەك لە دانیشتوانی ئێران بەئازەری دەدوێن، کە زمانێکە بەر گرووپی زمانانی تورکی دەکەوێت، ئەگەرچی ئەم ئازەرانە لە ڕووی نەژادەوە ئێرانین و لە دەوروبەری شاری زەنجانو لە تەورێزیشن و نیوەی شاری ورمێو نەغەدەش بوونەتە ئازەریی زمان، زۆربەی دانیشتوانی بەری باشووری ڕۆژاوای ئێران بەزمانی عەرەبی دەدوێن، ئاسووریی زمانیش لە دەوروبەری ورمێ نیشتەجێبوونو ئەرمەنیی زمانیش لە ئازەربایجانو ئیسفەهانو ئەباداندا دەژین، بەسەدان هەزار فارسیی زمان لە (نەجەف و کەربەلا و بەسرە)دا دەژیان، بەڵام زۆربەیان لە سەردەمی جەنگی نێوان عێراق و ئێراندا لەگەڵ کوردی فەیلیدا ڕەوانەی ئێران کران، چەند هەزار ئێرانی زمانێکیش لە دەوڵەتی عەرەبی "سعودی" و "ظهران"و "بحرین"یشدا هەن. هەروا ئێرانیی زمان لە ئۆزبەکستان، تورکمانستانو ئەو کۆمارانەی کەوتوونەتە ئەمبەرەی کێوی کاف هەنو ئەو ئێرانییانەی کە لە ئاسیای نێوەڕاستدان نیشتەجێی ئەسڵیو بنجی ئەو هەرێمانەن، کە بەڕووخانی بوخارا لە کۆتاییی سەدەی

هەژدەمو سەرەتای سەدەی نۆزدەمدا و پەیدابوونی ڕەگەزی تورکی بەرە بەرە لە نێویاندا توانەوە (کسروی ١٣٠٤).

زمانی فارسی هاوچەرخ لـە ڕووی ڕێزمـان و لێکسیکۆلۆژییەوە لەگـەڵ زمانی فارسی نوێدا جیاوازییەکی هەستپێکراوی تێـدا بـەدی دەکرێـت، بـا وەکـو کـەمیش بێـت، لەوانـە کەمبوونـەوەی مۆرفۆلـۆژیو سینتاکـسدا دیسانەوە گۆڕین ڕووی داوە بەتایبەتی لـە ئـەرکی نیـشانەی دۆخـی (را)و زۆربوونی ئامرازی لێکدراو و .... (Windfuher 1979).

زۆر لەو وشانەی لە زمـانی فارسـی کلاسـیکیدا بـەکار دەهـاتن، ئـەمڕۆ بەکار نایەن و وشەی دییان هاتووەتە شـوێن، جـا چ هـی فارسـیو چ هـی بیـانی، بـەڵام وا مـاوەی چـەند سـاڵێکە بـەبێ ئەنـدازە وشـەی عـەرەبی خراوەتە نێو وشەی فەرهەنگی زمانی فارسی هاوچەرخەوە.

ئەوەی شایەنی باسـە کۆمەڵـە دیالێکتێـك هـەن، کـە هـەر کسەی پـێ دەکرێت و پێی نانووسرێت، سەر بەهەرێمی فارسن، لەوانە لاری کە شێوە دیالێکتێکی فارسە و لە بەشی باشـووری ڕۆژاوای فارسـدا لـە دەوروبـەری لارستاندا کسەی پێ دەکرێت، شاری لار کەوتووەتە نێوەڕاستی لارستانو لـە نێزیـك شـاری لارەوە گونـدی گـاروش، ئـاواز، بانـەروو، بەسـتەك هـەر بەهەمان شێوە دەدوێن.

دیـالێکتی کـوهزاری کـە هێنـدێك هـۆزی کۆچـەر فـارسو بلـوج لـە نیمچەدوورگەی (ابن موسـا)دا پێـی دەدوێـنو ئـەم دوورگەیـە کەوتووەتـە ئەوبەری بەندەر عەباس (Thomas 1930).

دیـالێکتی باشـگەردی هـەر لـە هـەرێمی نێوچـەی فارسـدا کسەی پـێ دەکرێت، ئـەم دیالێکتـە لـە نێـو خۆیـدا دابـەش دەبێتـە سـەر دوو بەشـە دیالێکـت: باشـگەردی بـاکور و باشـگەردی باشـوور، کسەپێکەرانی ئـەم دیالێکتـە لـە زمـانی فارسـی دەگـەن، بـەڵام فـارس زمـان لـەوان ناگـەن .Gershevith 1959, Оранский 1988

**تێکستێك بەزمانی فارسی هاوچەرخ:**

بدین ترتیب اولین اقدام مسلمانه بر علیه کمپانی تالبوت، که به عنوان بزرکترین جنـبش ضـد امپریالیـستی ایـران در سـده ١٩ شـناخته گردیـده است. از مهاباد و به بهانه ماجرای دختر گرانفیلد اغاز شد. (ماجرای دختر گرین فیلد–کچە هەرمەنی ١٣٧١// ١٩٩١، ٢٨).

**واتای تێکستەکە بەزمانی کوردی:**

بەمجۆرە یەکەم دەستپێکردنی چەکدارانە دژ بەکۆمپانیای تالبوت، کە بەنێونیشانی گەورەترین بزووتنەوە دژ بەئیمپریالیستی ئێران لـە سـەدەی ١٩دا ناسراوە، لـە مـەهابادەوە بـەبیانووی ڕووداوی کـچەکەی گـرین فیلـد دەستی پێ کرد.

## زمانی تـاجیکی

زمـانی مـیری کۆمـاری تاجیکـستانە، هـەروا ئـەم زمانـە لـە هێنـدێك نێوچەی ئۆزبەکستان، کرگیز و کازاخستانیش کسەی پیٚ دەکرێت.

زمانی تاجیکی وەکو زمانی فارسی هاوچـەرخ بـەزمانی بـەردەوامبووی زمـانی فارسـی نـویٚ دەژمێردرێـت، بـەهۆی دەستنووسـەکانی سـەدەی نۆزدەمو بیستەمەوە ئەوە ڕوون بووتـەوە، کـەوا ئـەم دوو زمانـە زۆربـەی تایبـەتێتی ڕێزمـانی بـەفۆنیم، مـۆرفیمو سینتاکسەوەو لـە ڕووی وشـەی فەرهەنگییەوەش بەرهەمی وێژەیی کلاسیکیان پاراسـتووە، تاجیکێـك یـا فارسـێك بەئاسـانی دەتوانێـت بەرهـەمی سـەدەی دەیـەم، یـازدەمو دوزادەمو... وەکو ڕوودەکی، فردەوسـیو سـەعدی شـیرازی بخوێنێتـەوە ئەمـەش ئـەوە ناگەیـەنێت، کـەوا ئـاڵوگۆڕ و گـۆڕان لـە زمانەکـەدا ڕووی نـەداوە، بـۆ وێنـە لـە ڕووی فۆنیمـەوە زمـانی تـاجیکی هـەروەکو زمـانی فارسـی دەنگـە بزوێنـەکانی لـە هەشـتەوە کـورت بووەتـەوەو گـۆڕینیش بەسەر چەند جێناوی لکاو و ئامرازدا ڕووی داوە.

جیاوازی نێوان زمانی فارسی هاوچەرخو تاجیکیـدا بـۆ جیـاوازی بـنجو بنەوانیان ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ چارەنووسی مێژووییان دەگەڕێتەوە، کە بەهۆیـەوە ئـەم دوو دیالێکتـە (تـاجیکی و فارسـی) بـوون بـەدوو زمـان. سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم لێك جودابوونـەوەش بـۆ دەوروبـەری سـەدەی شازدەم دەگەڕێتەوە، چونکە لەم کاتەدا پێوەندیی ڕامیـاریو فەرهـەنگی ئابووری لە نێوان ئاسـیای نێوەڕاسـت و ئێرانـدا بـەرەو کـزی دەڕۆیـشت،

هـەروا تێکـچوونو ڕووخـانی مـەروش دەوری لـەم کزبوونـەوەدا هـەبووە، چونکە مەرو لەگەڵ ئەوەی بەدەوڵەمەندترین بنکەی ئـابووریو کولتـووری خۆراسان دەژمێردرا، گەورەترین مەڵبەندی زمانی تاجیکیو فارسی بووە.

لە کۆتاییی سەدەی هەژدەمو سـەرەتای سـەدەی نۆزدەمـدا مـەرو لـە لایەن لەشکری بوخارییانەوە ڕووخێنـراو دانیشتوانیـشی بـۆ سـەمەرقەندو بوخـارا دوور خرانـەوەو بەمـە ڕێگـەی پێوەنـدی نێـوان هـەردوو لایـەنی ئاسیای نێوەراستو ئێران بەتەواوی بڕا.

لـەم چـەند سـەدانەی ڕابـردوودا ئەوەنـد ڕووداو ڕوویـان داوە، وایـان کـردووە، ئـەم دوو زمانـە (فارسـیو تـاجیکی) زێـتر لـە ڕووی وشـەی فەرهەنگییەوە لێك دوور بکەونەوە، بـەهۆی ئـاینی موسـڵمانەوە کۆمـەڵێك وشەی عەرەبی کەوتنـە نێـو هـەردوو زمانـەوەو لـە دوای ئەمـەدا هـەردوو زمان وشەیان لە زمـانی تـورکیو مـەغۆلی وەرگرتـووە، بەتایبـەتی وشـەی تورکی–ئۆزبەکی بەزۆری لە نێو زمانی تاجیکی ئاسیای نێوەڕاستدا بەدی دەکرێت، دیسانەوە وشەی زمانی ڕووسی لە بـواری زانـستی، کولتـووریو تەکنیکیدا کەوتووەتە نێو زمـانی تـاجیکی، بـەڵام لـە زمـانی فارسـیدا لـە کۆتـاییی سـەدەی نۆزدەمـەوە تـا ئـەمڕۆ وشـەی فەرەنـسیو ئینگلیـزی کەوتووەتە نێویو ئیستەش بەزۆری وشەی عەرەبی تێ دەخرێت.

ئەم دوو زمانە لە ڕووی بەکارهێنانی ئەلفوبێوەش دووچـاری جیـاوازی بوون، چونکە تاجیکی تاجیکستان لە نووسیندا ئەلفوبێی کریلی (سلاڤی) بـەکار دێـنن. بـەڵام زمـانی فارسـی هاوچـەرخ هـەر لەسـەر بـەکارهێنانی ئەلفوبێی عەرەبیدا بەردەوامە.

هێندێك دیاردەی ڕێزمانی هەن، كە لە زمانی تاجیكیدا بەدی دەكرێتو لە زمانی فارسیدا نییە، بەتایبەتی لە بەشەكانی ئاخاوتندا، بۆ وێنە كار لە زمانی تاجیكی هاوچەرخدا لە ڕووی بەشەكانی ڕابردوو و ڕانەبردووەوە، كە لەگەڵ كاری یاریدەدەری (استدن) دادەڕێژێت شێوەی تایبەتی خۆی هەیە لەم زمانەدا وەك دەڵێن "نویشته استدم" واتە (من "ئێستە" لەم كاتەدا دەنووسم) دەبەخشێت، كە لە كاتێكی دیاریكراودا لە رابردوودایە، دیسانەوە لە ڕووی كرداری كارا بزردا شێوەی تایبەتی خۆی هەیە، كە لە زمانی فارسی هاوچەرخدا بەدی ناكرێت.

جیاوازی نێوان ئەم دوو زمانە لە ڕووی فۆنیمەوە چەند دەنگێك دەگرێتەوە، وەك (ا)، كە لە زمانی تاجیكیدا بە (و) دەخوێندرێتەوە، بەلاّم لە زمانی فارسی هاوچەرخدا دەنگی (ا)، (ە)و (ۆ) لە گۆكردندا گۆڕاون ( Расторгуева 1962, Lazard 1970, Оранский 1988).

**تێكستێك بەزمانی تاجیكی:**

پسر جونم، نوری دیدم، در خونه جیز ندورم، كی ترو مهمون كنم، دلت گردسنه بودگیست، گریه كرد مادری سالم (أسعدو صمد، ١٠٠).

**واتای تێكستەكە بەزمانی كوردی:**

گیانە كوڕم، ڕووناكی چاوم، لە ماڵەوەدا هیچ شك نابەم، تا مێوانداریت بكەم، دڵت تەنگ (زویر) نەبێت، دایكی سالم گریا.

# زمانی تـاتی

تـاتی زمـانی ئـەو نەتەوەیەیـە، کـە لـە کـەفکاز و بـەری ڕۆژهـەڵاتی ئازەربایجانی ئێرانو کۆماری ئازەربایجانو داغستاندا دەژیـن، بەتایبـەتی لەم ئاوایییانـەدا (خلخـال، رودبـاری گـەیلان، چـاڵ، هەرزەنـد، کرینگـان، زەنوور، حەسنۆ، قەرەداخ، سووراخانی، بالاخانی، لاهیجـان، مەترەسـی، گوناهکەنـد، ئـەڤروج، چیـچی، گینـداب، داغ کوشـچ، دیڤـیچ، سـیازان، دەربەنـد، مەخەچـگال، بویناکسك، قیلـزەر، مـوردوك، کـوبین (عبـدالعلی کارنگ ١٩٤٥).

بـەکارهێنانی زمـانی ئـازەری لـە بڕێتـی زمـانی تـاتی لـە سـەدەی نۆزدەمەوە لە لایەن ئەکادیمیك A.Dorin تێبینی کراوە، کەوا هەر ژنو پیاوی لە تەمەن بەساڵاچوو بەزمانی تاتی دواون، هەروا لە ساڵی ١٩٢٩دا B. F. Muller لە باسکردنی زمانی تاتی لە هەرێمی خیزینو کوسـیندا پیاو و ژنی بەرچاو کەوتووە، کە زمانی ئازەرییان نەزانیوە، کەچی ئـەمڕۆ زمانی تاتی لە ئازەربایجانی ئێراندا هەر تـەنێ لـە گونـدی کرینگانـدا، کـە هەر ٤٠–٥٠ ماڵێك دەبێتو ١٤ فرسەخ لە شاری تەورێزەوە دوورە کسەی پێ دەکرێت، بۆیە مەترسی ئەوە هەیە کەوا لە دوای چـەند سـاڵێکی دیـدا لە ئازەربایجانی ئێراندا هیچ تاتێك نەدۆزرێتـەوە بـە زمـانی تـاتی بـدوێت، چـونکە گەنجـەکانی ئـەم گونـدەش هـەموو بـەزمانی ئـازەری دەدوێـنو بەزمانی فارسیش دەخوێنن، هەروەکو خۆم لە ١٩٩١/٥/٣١دا لـە نێویانـدا بوومو هێندێك تێبینیم لەسەر زمانی تاتی لەوێدا تۆمار کرد.

وشــەی تــات لــە لایــەن نووســەرانی موســڵمانەوە وەك (مــەولا جــلال الدین)ی رومی بەواتای ئێرانی بەکار هاتووەو (ملك الـشعراء – بـەهار) لـە ڕوونکردنــەوەی وشــەی (تــات)دا دەڵێــت: " لــە دێرزەمانــدا ئێرانییــان بەهەموو خەڵکێکی بیانییان گوتـووە تاجیـك یـان تاژیـك تـا گـۆکردنی لـە زمانی دەریدا بووە بـەتازی و ئەوسـا هـەر تـەنێ عـەرەبی گرتبـووەوە لـە دوای تێکەڵبوونی ڕەگەزی تورك لەگەڵ ئێرانییان، هـەمان وشـە بەهـەمان واتا لە لایەن تورکەوە بەکار هاتو بـە فـارس زمانیـان دەگـوت تاجیـك". (عبدالعلی کارنگ ١٩٥٤). کەواتە زاراوەی (تات) بەمانای ئێرانێکی فـارس زمان هاتووەو تاجیکیش لە زمانی تورکیدا هاووتای (ئێرانی) بووە.

بـەپێی سـەرژمێری سـاڵی ١٩٧٠ ژمـارەی تاتیـانی سـەر بـەکۆماری ئازەربایجانو داغستان ١٧ هەزار کەس بوونو لە ساڵی ١٩٧٩دا ٢٢ هەزار کەس، بەلاّم لە ڕاستیدا ژمارەیان دەگاتە ١٠٠ هەزار کەس، ئەگەر تاتیانی ئازەربایجان خۆیان بە تاتی ناونووس بکەن Оранский 1988.

لەلایەن تاتیاتی داغستانەوە چەند ڕۆژنامەو کۆوارێك بلاّو دەکرێنـەوەو بە زمانی خۆشیان لە خوێندنگەدا دەخوێنن، بەلاّم ئەو تاتییانەی کـە بـەر کۆمــاری ئازەربایجــان کــەوتوون، بــەزمانی ئــازەری دەخــوێنن و بەئازەریشیان دادەنێن، بۆیە لە نێویاندا دەتوێنەوە.

تاتییان لە ڕووی بیروباوەڕی ئاینییەوە دابەش دەبنە سەر سێ بـەش: تاتییانی موسڵمان، گاور و جوولەکە.

**تێکستێك بەزمانی تاتی:**

چە من بێروا بیروما شین بە کرینگان، ئێم مەهال شارندا داد بە چەمی دی شوش سەئات بێشێی، ئێسا ڤوتی جل کائینا موندا، ئێم ئودە مێو، کە ئەگونە نێشتیێو نومی شونتاتندیو تاتی رونوشان قسە کاردی.*

**واتای تێکستەکە بەزمانی کوردی:**

دوێنیێ منو براکەم چووین بۆ کرینگان، ئەم نێوچەیە لە شارەوە (تەورێز) شەش سەئات دوورە، ئێستە تەنیێ چلێ مالێ لەوێدا ماون، ئەو میللەتەی، کە لەوێدا دەژین بەنێوی تاتی بەنێوبانگن و بەزمانی تاتی دەدوێن.

---

* ئەم تێکستەم لە زاری عەلی عەبدوڵڵا پەنجووری، کە تەمەنی ٥٢ سالێ لە شاری تەورێز لە ١٩٩١/٥/٣٠دا وەرگرت.

# زمانی کوردی

زمـانی کـوردی زمـانی گـەلی کـوردە، کـە خـۆیو خاکەکـەی لـە دوای جـەنگی یەکـەمی جیهانیـدا دابـەش کـرا سـەر دەوڵـەتانی عێـراق، ئێـران، تورکیا و سووریا.

ژمـارەی دانیـشتوانی کـورد بـەپێی سـەرژمێری ئـەو دەوڵەتانـەی کـە بەسەریاندا دابەش کراوە، لە باشووردا (کوردستانی عێراق) ٤-٥ ملیـۆن، لە ڕۆژهەلأت (کوردستانی ئێـران) ٥-٦ ملیـۆن، لـە بـاکوردا (کوردسـتانی تورکیا) لە ١٠ ملیۆن زێتره و لـە رۆژاوادا (کوردسـتانی سـووریا) ١ملیـۆن کورد هەن.**

زمــان کــە مــەرجێکی نەتەوەییــە، لەلایــەن داگیرکــارانی کــوردی کۆلۆنیکراودا ئاسـتەنگ خراوەتـە بـەر کسە پێکـردن، پـێ نووسـین، پـێ چـاپکردنو پەرەسـەندنی، لـە بـاکور و ڕۆژاوای کوردسـتاندا چـاپەمەنی بــەزمانی کــوردی، وێــستگەی ڕادیــۆ و تەلــەڤزیۆن و خوێنــدن لــە خوێندنگــەکانی کوردنــشیندا نییــەو ســەرەڕای ئــەوەش لــە بــاکوری کوردستاندا ئاخاوتن بە زمانی کوردی تا دەیـان سـاڵ قەدەخـە بـوو و لـە ڕۆژاواشدا دان بەهەبوونی بەشێك لە خاکی کوردستان لە سووریادا نـانێن،

** ئەز لەو باوەڕەم ژمارەی کورد لەو ڕەنووسانە زێترە، کە لەم سەرچاوەی ژوورەودا هاتووە، چونکە ئەم ڕەنووسانە لە لایەن داگیرکارانی کوردەوە تۆمار کراوە، کە هیچیان سەبارەت بەژمارەی کورد دان بەڕاستیدا نانێن، لەگەڵ ئەوەشدا نەتەوەی کورد بەمەزنترین نەتەوە دادەنرێت کە دەوڵەتی سەربەخۆی نەبێت.

له ڕۆژهەلاّتی کوردستاندا ئەگەرچی کسەکردن بەزمانی کوردی بەربەند نییە و بۆ ماوەی چەند ساتێك ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن بەزمانی کوردی هەیەو یەك دوو کۆواریش بەزمانی کوردی بلاّو دەکرێتەوە، بەلاّم ئەمانە هەرگیز مافی نەتەوەیەك نین بۆ ئەوەی بتوانێت پێی ببوژێتەوەو لەنێو نەچێت، بەتایبەت لە بارێکی وادا، کە ئازەرییان بەهەموو ڕێگەیەك هەولّیان داوەو دەدەن بۆ بەئازەریکردنی سەرتاپای کوردستانو ناونانی بەشێك لە خاکی کوردستانی ئێران بە (ئازەربایجانی غەربی) مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر کورد.

چاپەمەنیو وێستگەی ڕادیۆ بۆ ماوەیەکی کورت بۆ دانیشتوانی کوردی سەر بە یەکێتیی سۆڤیەتی جاران هەیەو هەروا چەند بەشێکی زانستیش بۆ لێکۆڵینەوە لە زمانو وێژەو مێژوو و.... هەن، کە چەندین زانای لە نێوەوەو دەرەوەدا پیّ گەیاندووە، بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا هێژ دان بەوەدا نانێن، کە یەزیدییەکان کوردن، بەلّکو هەر بەیەزیدییان تۆمار دەکەن، ئەوە لە کاتێکدا، کە بیروباوەڕی ئاینی لە فەرهەنگی هەموو دانیشتوانی سۆڤێتدا ڕەش کرابووەوە هیچ جۆرە دانێکی پێدا نەدەهێنرا.

بارودۆخی زمانی کوردی لە باشووری کوردستاندا لە چاو بەشەکانی دی زۆر چێترە، چونکە ئازادترە، هەروا لە ڕووی رامیارییەوە کوردانی باشوور دوای خەباتێکی چەکدارانەی بیّ وچان لە ساڵی ١٩٧٠دا ئۆتۆنۆمییان دەست خستو میرێکی ناوچەیان پێك هێنا، لەدوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١دا کورد ئازاد بووە. زمانی کوردی بوو بەزمانی


فــەرمی هــەموو داوودەزگــەکانی حکوومــەتو لــە زۆربــەی هــەرە زۆری خوێندنگەکانـدا بــە زمــانی کــوردی دەخوێنــدرێتو هــەموو کەناڵــەکانی ڕاگەیاندنیش بەزمانی کوردی پەخش دەکرێن.

زمانی کوردی لە ڕووی تایبەتێـتی دیالێکتولۆژییەوەی دابەش دەکرێتە سەر چوار دیالێکت:

– **دیالێکتی کرمانجی (کوردی) ژووروو.**
– **دیالێکتی کرمانجی (کوردی) نێوەڕاست.**
– **دیالێکتی کرمانجی (کوردی) ژێروو.**
– **دیالێکتی کرمانجی (کوردی) ناوچەیی**

بـۆ زانینـی ناوچـەی بـەکارهێنانیان بڕوانـە ئـەم نەخـشەیەی لاپـەڕەی دادێ .

(نەخشەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی).




Diyalêktî Kirmancî Nawçeyî (Zaza) — دیالێکتی کرمانجی ناوچەی زازا

Diyalêktî Kirmancî Jûrû — دیالێکتی کرمانجی ژووروو

Diyalêktî Kirmancî Nawerast — دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست

Diyalêktî Kirmancî Jêrû — دیالێکتی کرمانجی ژێروو

ئەمڕۆ لە کوردستاندا دوو شێوەی وێژەییی زمانی کوردی هەیە، کە دیالێکتی کرمانجی (کوردی) ژووروو و دیالێکتی کرمانجی (کوردی) نێوەڕاستە، لە نێو ئەم دوو شێوەیەدا دیالێکتی کرمانجی نێوەڕاست تا رادەیەك هەنگاوی بەرەو زمانێکی ستانداردی کوردی ناوە، بەلاّم دوو دیالێکتەکانی دی (ژێروو و ناوچەیی) ئەمڕۆ زمانی نووسین نین، بەڵکو هەر زمانی ئاخاوتنن، ئەگەرچی کەلەپوورێکی زۆر بەم دوو دیالێکتە نووسراونەتەوە.

دابەشکردنی گەلی کورد و خاکی کوردستان بەسەر چەندی دەوڵەتێکی زمان جیاواز و نەبوونی دەوڵەتێکی یەکگرتووی کوردی کاری کردووەتە سەر نەبوونی ڕێنووسێکی یەکگرتووی کوردی بۆ وێنە لە باشووری کوردستانو بەری ڕۆژهەلاّتی کوردستاندا پێڕەوی ئەلفوبێی عەرەبی– فارسی دەکرێت، لە باکوور و ڕۆژاوادا ئەلفوبێی لاتینی لە لایەن کوردانی سۆڤیەتیی جاراندا لە پاڵ ئەلفوبێی لاتینی، ئەلفوبێی کریلیش بەکار دێت جلوەو مەسحەفی ڕەشیش بەجۆرە ئەلفوبێیەکی تایبەتی نووسراونەتەوە (د. کوردستان موکریانی ١٩٩٠، لاپەڕە ٤٥–٤٨).

کۆنترین نووسراوی کوردی لە سەردەمی نوێدا بۆ سەرەتای دەستپێکردنی ئەم سەردەمە دەگەڕێتەوە، ئەویش چوارینەکانی بابەتایەری هەمەدانییە، کە لە کۆتاییی سەدەی دەیەمو یازدەمدا ژیاوە، جا بەرهەمەکانی فەقێ تەیران (١٣٠٢–١٣٧٥)، مەلای جزیری (١٤٠٧– ١٤٨١)، ئەحمەدی خانی (١٩٥١–١٦٥٢) سمایلی بایەزیدی (١٦٤٢–

١٧٠٩)، بێسانی (١٧١٤–١٨٠٢)، نالی (١٧٩٧–١٨٥٥)، حاجی قادری کۆیی‌و وەفایی‌و کوردی و سالم‌و.... (Бакаев 1973، تۆفیق وەهبی ١٩٧٤، د. جەمال نەبەز ١٩٧٦، 1976 Курдоев).

**تێکستێك بەدیالێکتی زازا:**

Ewro dîroka kurdan de dolima yewîna ke, pêroyê ziwanê kurdî ser ro êno qesekerdene. Nayêrê jî ez wazena verde Çiyanê ke, hetanî nika tarî de mende, niyamê zanayene, niyamê qesekerdene, , niyamê nivisnayene, ser ro vinderî û bado jî bêrê têversanitena zaravanê ziwanê kurdî. (Lêkolîn. Hejmar 1. Adar 1995. înstîtuya Kurdî-Berlin).

| ئەلف و بێی کوردی بە تیپی لاتینی | ئەلف و بێی کوردی بەتیپی کریلی | ئەلف و بێی کوردی بەتیپی عەرەبی |
|---|---|---|
| a | а | آ |
| b | б | ب |
| c | ч | ج |
| ç | ч' | چ |
| d | д | د |
| e | ә | ە |
| ê | ә' | ێ |
| f | ф | ف |
| g | г | گ |
| h | һ | ھ |
| ȟ | һ' | ح |
| i | ь | بزرۆکە |
| î | й | ی |
| j | ж | ژ |
| k | к | ک |
| l | л | ل |
| ľ | л' | ڵ |
| m | м | م |
| n | н | ن |
| o | о | ۆ |
| p | п | پ |
| q | q | ق |
| r | р | ر |
| ř | р' | ڕ |
| s | с | س |
| ş | ш | ش |
| t | т | ت |
| u | ү | و |
| û | у | وو |
| v | в | ڤ |
| w | w | و |
| x | х | خ |
| ẍ | г' | غ |
| y | й | ی |
| z | з | ز |

ئەلفبێت بە زمانی کوردی نوێ - دیالێکتی کرمانجی ژووروو

حضرت پێغمبر علیه الصلوة والسلام گوتی یه "العلماء ورثة ألانبیـاء" انکو علما وارثێن انبیانـه ژ طـرف خدیـده مـأمورن وعـظ و نـصیحتی بـدن خلکی ریا قـنج نیـشا وان بکـن لومـا گلـی علمـایێن کـردا چـاره اون وعـظ نصیحتا نمیژی ددن ولی دڤی اون میرو اغاو کرمـانجێن دنـاس وان تـشویقا ظانینا علمو معرفتی بکن ریا قنج نیشا وان بکن هکـی اون وی نکـن گنهـی حمیا سطوی وه‌یه (کرسـتان. سـالا عـولی ٣٠ ذو القعـدة ١٣١٥، ٩ نیـسان ١٣١٤ عدد ١. رێکه‌وتی ١٨٩٨ ز.)

**تێکستێك به‌زمانی کوردی نویێ–دیالێکتی کرمانجی نێوه‌ڕاست**

له‌ پێش هه‌موو شتێکدا ئه‌مه‌ویێ فرقێکی لغوی بینی ئافره‌تو ژن بیان بکه‌م به‌ ظنـی مـن ئـه‌مڕۆ ئێمـه‌ کـه‌ زووانه‌کـه‌مان تێکـو تێکـه‌ڵاوه‌، لازمـه‌ هه‌ندیێ کلمات، که‌ یه‌ك معنی ده‌گه‌یه‌نیێ و... وه‌یا یه‌ك کلمـه‌ی وا کـه‌ دوو معنی ده‌گه‌یه‌نیێو بۆ دوو مفهوم استعمال ئه‌کریێ به‌لای منه‌وه‌ ئافره‌ت بـه‌ ته‌واوی نسوانو ژنیش به‌رامبه‌ر زوجة–عقیلـه‌ی عربییـه‌. (کـۆواری دیـاری کوردستان ١٩٢٦).

**تێکستێك به‌زمانی کوردی هاوچه‌رخ– دیالێکتی کرمانجی ژووروو**

هه‌می هونه‌رمه‌ند و تۆره‌ڤان لهه‌ر چوار قولاچێت دنیێ خه‌باته‌کا ژ دلو بزافه‌کا بیێ راوه‌ستان دکه‌ن سـه‌خمه‌راتی پـێش ئێخـستنا وڵاتو مللـه‌تێت خو له‌وما هه‌می مله‌تێت جیهانیێ نرخه‌کیێ مه‌زنو بهایه‌کیێ چاك دده‌نه‌ ڤـا توخمه‌ که‌سا، ئه‌و که‌سێت هه‌می شیانو بزاڤێت خو گـووری وڵاتێـت خـو

دکەن ژ بو سەر بلندیا سەرێ مللەتێ خو. (شەڤ رەشـە، هـۆزانێن ڤـەهێل ئامێـدی، کـومکرنو بەرهەڤکـــرنا: رێکـێش ئامێـدی. دهـۆك ١٩٩٦ لاپـــــەڕە ٤).

**تێکستێك بەزمانی کوردی هاوچەرخ (کرمانجی نێوەڕاست)**

ئەوڕۆ کـە ٢٨ی مـانگی مارتـە؛ دەقـی تـەواوی ئـەو بانگـەوازەی، کـە بەبۆنـەی جێـژنی نـەورۆزەوە بلاوتـان کردبـووەوە گەیـشتە دەسـتم، هەرچەندە بەداخەوە کەمێك درەنگ، بەلام بەخوێندنـەوەی دڵـشاد بـووم، چونکە وتەکان بۆنی خۆشی ئاشتبوونەوەو هێوریو ژیرێتیو هەوڵدان بـۆ ڕێککەوتنی گشتیو یەکخستنی ڕیزەکانی گەلی لێ دەهات. هیوام وایە ئـەو وتانــە بەزوویــەکی زوو، بــە تێکۆشــینی هــەموو لایــەك ببنــە بناخــەی ئاشتییەکی نیشتمانیی وا پتەو، کە بـەهیچ جـۆرە ڕەشـەبایەکی نـاکۆکیی لاوەکی لە جێی خۆی نەبزوێ (د. جەمال نەبەز. نامەی تایبـەتی بـۆ کـاك مەسعوود بارزانی لە ١٩٩٦/٣/٢٨).

**تێکستێك بە زمانی کوردی (دیالێکتی لوڕی)**

هەبو نەبی، ئەشرەتێکی ئازا و کارامە هەبی، زەویوزار پر لە بوسـانو مەرزە داشت. کاوڕ بزنەگـەیان تـا ئـەهات زیـا ئـەبوون، کەسـی نەداشـتن دەس کول بی، رووژی لە رووژگار بای سییگە ئـەڵکرد، هـەچ، کـە داشـتن لەناوچوون...(زارە کوردییەکان ١٩٨٧).

**تێکستێك به زمانی کوردی (دیالێکتی هەورامانی)**

لای ئێمە گەلکەردەی فرە باوە، بەتایبەتی جە وەختێوەنە کە گەرمەو هەرمانا بۆ، گەرمەو ڕزقو ڕۆزی گلێر کەردەیۆ بۆو پا گەرمەو هەر مانکەر دەیە ماچا مانگەو دوانزە مانگە.... (زارە کوردییەکان ١٩٨٧).

# زمانی بلوجی

زمـانی دانیـشتوانی بلوجـستانه، کـه لـه نێـوان دەوڵـەتی ئێـرانو پاکستانو ئەفغانستاندا دابەش کـراوەو بـەری ڕۆژاوای بـەر ئێـرانو بـەری ڕۆژهـەڵاتی بـەر پاکـستانو ئەفغانـستان کـەوتووەو هـەروا لـە باشـووری ڕۆژاوای هەرێمی پەنجاب لە هیندستاندا کسەی پـێ دەکرێـت، بلوجییـانی تورکمانستان، کە لـە سـەدەی نۆزدەمـەوە ڕوویـان تـێ کـردووە بـەزمانی بلوجی دەدوێن.

زمانی بلوجی برێتییە لە چەند دیالێکتێك، کە ئەمانەن:

١- دیالێکتی بەری ڕۆژهەڵات.

٢- دیالێکتی ڕاکشانی، کە ئەم شێوەزارانەی گرتووەتە خۆی:

أ- کەلاتی، چەگەنی، غارانی.

ب- ئەفغانی.

ت- سەرهەدی (دیالێکتی مەڕۆ سەر بەم شێوەیە).

پ- پەنج گوری.

٣- سەروانی.

٤- کیچی.

٥- لۆتوونی.

٦- کوەستەل.

یەکەمین دەنگوباسێکی مێژوویی، کە لەسەر بلوجیان باس کرابێت، لە سەدەی دەیەمی زاینی بووە، کە ئەوسا بلوج لە بـاکوری ڕۆژاوای کـەرمان

یـانی لـە نێـوان کـەرمانو فارسـدا، هـەروا لـە بـاکوری ڕۆژاوای ئـەمرۆی بلوجستاندا ژیاون (pacmopzyeөa 1966).

زمـانی بلـوجی لـە پاکـستان لـە چـاو هەرێمـەکانی دی زێـتر بایـەخی دراوەتیٚ، ڕۆژنامەی ڕۆژانەو کۆواری مانگانەشی پیٚ دەردەچێت، لـە هـەر سـیٚ دەوڵـەتی ئێـران و پاکـستان و ئەفغانـستاندا کـە خـاکی بلوجییـانی بەسەردا دابەش کراوە ماوەیەکیان لە بەرنامەی ڕادیۆدا بۆ زمـانی بلـوجی داناوە (Elfenbein 1966).

**تێکتسێك بە زمانی بلوجی:**

būt na būt, yak pādišáē būt, yak ĵinikkē dāšt. ē pādišá gušt: « ar kas sēta drōg bgūšīt, man watī ĵinikkā áirā dayīn».

yak garrōkē āt pādišáā gušt ki: «man drōgā bgūšin, ta watī ĵinikkā mnā bday» (*cokoЛola* 1953).

**واتای بە زمانی کوردی:**

هەبوو نەبوو، پاشایەك هەبوو، کچێکی هەبوو، ئەو پاشایە گوتی: "هەر کەسێك سیٚ چیرۆکی گاڵتەجاڕی بگێڕێتەوە (بڵێت)، من کچی خۆمی دەدەمیٚ".

گەڕۆکێك هات، بەپاشای گوت: "من چیرۆکە گاڵتەجاڕێکان دەگێڕمەوە، هەتا کچی خۆت بەمن بدەیت".

## زمانی تالیشی

تالیشی، که خۆیان بەخۆیان دەڵێن (تولیش) لە باکوری ڕۆژاوای ئێران لــە بــەری ڕۆژاوای زەریــای خــەزەر، هــەروا لــە کۆمــاری ئازەربایجانــدا نیشتەجێن، ژمارەی تالیشییانی ئێـران بـەپێی سـەرژمێری سـاڵی ١٠٧٥دا ٨٠ هەزار کەسن و ئەوانەی ئازەربایجانیش ٩٠ هەزار کەس دەبن، تالیشی لە ئاواییی تالیش، فومەن، ئەستارە، لەنگەران، خەلخال، رشتو...دەژین و لە سەردەمی دەوڵەتی سەفەوی و فـەرمانڕەواییی قاجارییانـدا تالیـشی لـە هەوارگـەی خۆیـان دوور خرانـەوەو لـە بیهـشهر، رامـسەر، تـەنگابانو موغاندا دەستبەسەر کـران. تالیـشییانی ئەسـتەری موسـڵمانی شـیعەن و ئەوانەی دەوروبەری ئەردەبیل موسڵمانی سوننەن (عەلی عبدلی ١٣٦٩).

ئەحمــەد کــسروی لــەو باوەڕەدایــە، کــەوا تالیــشی هــەر کادوســی (کادوشـی)یـانی کـۆن بـن (ئەحمـەد کسروی ٢٥٣٦). هـەروا لـە هەنـدێك سەرچاوەدا دانیشتوانی ئەو هەرێمـەیان بـەکوردی تـالیش لـە قەڵـەم داوە (حوسێن حوزنی موکریانی ١٩٤٥).

کەمبوونەوەی بـەکارهێنانی زمـانی تالیـشی لـە سـەدەی دوازدەمـەوە دەستی پێ کرا، کە هۆزانی هێرشبەر و داگیرکەری تورك زمان روویـان لـە خاکیان کرد و ئێستەش زمانی تورکی بەترسناکترین کارەسـات بـۆ تـاتی، تالیشیو گیلیو مازندەرانیو کوردیش دەژمێردرێت، چونکە ئەم زمانە لـە بڵاوبوونەوەدا هـەر بەردەوامـە، بـۆ وێنـە تـا سـاڵانێکی نێزیـك عەنبـەران، ئەستارە، هەشتپەر تالیش زمان بوون، ئێستە گشتیان بـەزمانی ئـازەری

دەدوێنو هێندێك ئـاوایی دیـش کـە کەوتوونەتـە نێـوان ئـەم شـارانەی لـە ژووروودا نێوم بردن بەهەردوو زمانی تالیشیو ئازەری کسە دەکەن.

**تێکستێك بە زمانی تالیشی:**

" من چەمەنوم مەریەمە، من دار و باخ بەدونیا ئومایمە، بەخاتری ئەم جـەما ڤەلایـەت نواشـونا داری بـاخ، داری بـاخ دار و درەخـت زیـاد داریَ، شاری فومەن رەشتینە نێزکە" *

تێبینی/ ئەو تێکستەی ژووروم بەرێنووسی کوردی نووسیوەتەوە.

**واتای بەزمانی کوردی:**

"من نێوم (مەریەم)ە، لە داری باخ هاتوومەتە دنیا، لەبەرئـەوەی ئـەو گوندە پڕە لە دار و باخ بۆیـە ئـەم نێوەیـان لـێ نـاوە، شـاری فومـەن لـە شاری رشت نێزیکە".

---

* ئەم تێکستەی ژووروم لە ١٩٩١/٦/٥دا لە ئێراندا لەسەر زاری مریەم ئەکبەر تالیشی وەرگرتووە.

## زمانی گیلی ( گیلەکی )

بتلیمۆسی یۆنانی وای بۆ چووە، کە گیلی تیرەیەکی ماد بوون، پلوتارخیش بەکادوسی نێوی بردوون، کسرەویش لە(شهریاران گمنام)دا دەڵێت:" خێڵی گیلیو خێڵی دیلەم لە وڵاتی کادوسیاندا بوون، ئەوەی یەکەمیان لە بیەپسو لە سەردەمی موسڵمانێتیدا بەدەیلەم نێویان هاتووە".

دەیلەمییەکان لە کۆندا لە بەرزاییی خوارووی زەریای خەزەردا ژیاونو هەرێمەکەیان گەیشتووەتە چیای ئەلبورز لە باشووردا، هەتا تەبەرستان، بەڵام لەگەڵ کۆچکردنی هۆزانی دەیلەمی بۆ بەری ڕۆژاوا ئەو نێوە جوگرافییەیان فراوانتر بووە، مینۆرسکی لە کاتی خۆیدا وای بۆ چووە، کەوا کوردی زازا کە لە باکوری دیاربەکر تا پالوو و دەرسیم دەژین، بەخۆیان دەڵێن دیملی، ئەو کوردانەی بەشێوەزاری زازا دەدوێن ئێستەش خۆیان بەخۆیان دەڵێن دیملی، ئەوەی زانراوە بەرمەکییەکان بۆ هۆزی دونبلی دەگەڕێنەوە ژمارەی دانیشتوانی گەیلان بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٦٥، ١٧٥٥٣٦٩ کەس بوون (ئەحمەد مەرعەشی ١٩٨٣، د. جەمال ڕەشید، ئەحمەد کسروی ٢٥٣٦).

چوارخشتەکییەك بەزمانی گیلی:

کوچی کوره من تی نامره ندانم
تی نامره من ندانم تره دخانم
کوچی کوره من نامره بیمیرم
که بختر از تو یار گیفتن نتانم

( عەلی عبدلی ١٣٦٨)

واتای بەزمانی کوردی:

کچە چـــکۆڵە ! نێوت نازانـــم
نێوت نازانم، هـەتا بانگت بکەم
کچە چکۆڵـــە لـــــەنێوت بمرم
کەس لە تۆ چێتر ناگرم بەیارم

## زمانی مازندەرانی

کـسەپێکەران بـەزمانی مازنـدەران لـە بـەری ڕۆژهـەڵاتی گـەیلانو باشووری زەریای کەزویندا نیشتەجێبوون.

چوارخشتەکییەك بەزمانی مازندەرانی:

کیجارە بدیمە نیشت بیە کالە
انار بخردە بودیم ببیە لالە
شما بورین بوین نینا ببارە
عروسی هاگنین هادین امارە
(علی عبدلی ١٣٦٨)

واتای بەزمانی کوردی:

کچێکـــم دیت لەســەر ئـــەرد دانیشتبـوو
هەناری خواردبوو رووخساری وەك لالە بوو
ئێـــوە بڕۆن بـــە باوك و دایکتان بڵێــن
بتکەن بە بووك، ئەوجا تـۆ بدەن بە مـــن

# زمانی ئورمووری

خەڵکێکی کەم بەزمانی ئورمووری دەدوێن، کە لە ڕووی شوێنەوە بەشێکیان دەکەونە ئەفغانستان لە دۆڵی لۆگارا (نێوچەی بەراکی–راجان، بەراکی–بەراك لە باشووری کابوولدا) و بەشەکەی دی بەر پاکستان کەوتووە، لە نێوچەی کانی گورا (وەزیرستان– لە باکوری ڕۆژاوای دەری سمایل خان).

باسی ئۆرمووری بۆ یەکەمین جار لە سەرەتای سەدەی شازدەمدا لە نێو بیرەوەرییەکانی بابووردا هاتووە، کە لە کابوول و دەوروبەریدا ئەم زمانەی بەرگوێ کەوتووە، وا دیارە لە سەدەی نۆزدەمدا زمانی ئورمووری زێتر بەکار هاتووە لە چاو ئەم سالانەدا، چونکە ئەو نێوچانەی بەزمانی ئۆرمووری کسەیان دەکرد، ئەمڕۆ زۆربەیان چ بەزمانی تاجیکی چ بەزمانی ئەفغانی دەدوێن‌و هیچ نووسینێك بەزمانی ئۆرمووری نییە ( Оранский 1979).

# زمانی پاراجی

ئەم زمانە لە هێندێك دوورگەی جودا جودا و لە نێو خاكی تاجیكستان و ئەفغانستان (پشتۆ) و هیندستاندا خەڵكێكی كەم پێی دەدوێن، بەپێی ئەو زانیاریانەی، كە لە لایەن زانای ڕووس M.C.Ahдpeeв تۆمار كراوە، ئەم زمانە لە ساڵانی سەدەی بیستەمدا لە گوندی كورۆپ، كە كەوتووەتە دۆڵی ڕووباری پیانج شیر لە باكوری كابولدا كسەی پێ كراوە، هەروا لە هێندێك گوندی دەوروبەری دۆڵی ڕووباری شوتولو دیسانەوە لە نیجار، كە لە بەری باكوری ڕۆژهەلاتی كابوولە پێی دواون. هیچ نووسینێك بەزمانی پاراجی نییە (Оранский 1988).

## کۆمەڵە دیالێکتی نێوەڕاستی ئێران

لە ژێر ئەم سەرنێوەدا کۆمەڵێك دیالێکتی ئێرانی (نەك فارسی) کۆ دەبنەوە، کە کەوتوونەتە ناوچە گرداوییەکانی ئێران.

هێژ بەتەواوی لەم کۆمەڵە دیالێکتانە نەکۆڵدراوەتەوە، بۆیە پێوەندی نێوانیشیان ئەوەندە ئاشکرا نییە. هەموو ئەم دیالێکتانەی کە بەر ئەم کۆمەڵەیە دەکەون هەر تەنێ کسەیان پێ دەکرێت. باوەکو لەم ناوچەیەدا کۆمەڵێك زمان هەن، کە لە ڕووی شوێنەوە نێزیکن بەڵام لە ڕووی زمانەوە زۆر لێك دوورن، بۆیە کۆکردنەوەی ئەم دیالێکتانە لە ژێر یەك نێودا، ئەوەندە لە ڕووی خزمایەتی زمانەوە نییە، ئەوەندەی لە ڕووی جوگرافییەوەیە. کۆمەڵە دیالێکتەکان ئەمانەی ژێروون:

**١- دیالێکتی نێوچەی شاری کاشان**

کۆمەڵێك دانیشتوانی چەند دێیەك پێی دەدوێن، کە لە رووی شوێنەوە کەوتوونەتە نێوان شاری کاشان لە باکور، شاری ئەسفەهان لە باشوور، گولپایگانی لە ڕۆژاوا و ئەردیستان لە ڕۆژهەڵات.

**٢- دیالێکتی ناوچەی ئەسفەهان**

کسەپێکەرانی ئەم دیالێکتە لە ڕووی هەرێمەوە کەوتوونەتە باشووری دیالێکتی پێشوو، کە گوندی سێگە لە نێوانیاندا نێودارەو لە بەری ڕۆژاوای ئەسفەهانە، هەروا گیاز و گیازفەرون نێزیکینە.

**٣- دیالێکتی یەزدی وەیا گاوری**

نێوەڕاستی هەرێمی فارسی ئێران بەم دیالێکتە دەدوێن، هێندێك جار بەنێوی (دەری) نێوی دەبەن.

**٤- دیالێکتی نایینی**

شوێنی کسەپێکەرانی ئەم دیالێکتە لە بەری رۆژهەلآتی ئەسفەهانو باکوری ڕۆژاوای یەزدییە. ئەم دیالێکتە نێزیکایەتی زمانەوانی لەگەڵ شێوە دیالێکتی ئەناریکدا هەیە، کە کەوتووەتە بەری ژوورووی ڕۆژهەلآتی نایینی.

**٥- دیالێکتی ناتانزی**

کسەپێکەرانی ئەم دیالێکتە کەوتوونەتە بەری رۆژهەلآتی شاری کاشان-ئەسفەهان لای دەشتی کافر، ئەم دیالێکتە نێزیکایەتی لەگەڵ دیالێکتەکانی ناوچەی فەریزەند و یاراندا هەیە.

**٦- دیالێکتی خووری**

لە بەشی ژێرووی دەشتی کافر لە گوندی خووری و میهرجاندا کسەی پێدەکرێت.

**٧- دیالێکتەکانی باکوری تاران**

لە هەرێمی رودبار "لە نێوان کەزوین و رەشت" تالەقانیو قەزوین، لە بەری ڕۆژهەلآتیشدا بەلای سیمناندا کۆمەلێك دیالێکت هەن، کە ئێستە بوونەتە بەشێك لە تاران، هەروا گوزەر خون لە باکوری ڕۆژهەلآتی قەزویندا (Оранский 1988).

## زمانی ئۆستینی

زمانی ئۆستینی زمانی نەتەوەیی، وێژەییی ئۆستینییانە، نێزیکەی نیو ملیۆن کەس کسەی پێ دەکەن‌و هەوارگەیان لە نێوەڕاستی بڕبڕەی چیای کەفکازە، کە کەوتووەتە نێوان گورجستان‌و ڕووسیا.

زمـانی ئۆسـتینی بـەردەوامبووی زمـانی کـۆنی سەکەسـە، کـە لـە سەردەمی نێوەڕاستدا بەنێوی ئالان نێویان براوە.

لە سـەردەمی هاوچـەرخدا زمـانی ئۆسـتینی دوو دیـالێکتی گرتووەتـە خۆی:

**١– ئیرۆنـی (ڕۆژهـەلاتی)** کـە بەشـی هـەرە زۆری ئۆسـتینییان پێـی دەدوێن‌و بووەتە زمانی وێژەیی‌و ئەم دیالێکتەش چەند بەشە دیالێکتێك دەگرێتە خۆی.

**٢– دیگووری (ڕۆژاوایی).**

دەستنووسـی وێـژەیی بـەزمانی ئۆسـتینی لـە کۆتـاییی سـەدەی هەژدەمەوە هەیە، هەسـتیاری میللـی (کۆسـتا خیتـاگۆرۆڤ ١٨٥٩–١٩٠٦) بەدامەزرێنەری زمانی وێژەیی دادەنرێت. لـە نووسـینی زمـانی ئۆسـتینیدا هەتا ئێستە سێ جۆرە ئەلفوبێ پێڕەو کراوە: لاتینی، گـورجی‌و ڕووسـی، بەلاّم ئەلفوبێی ڕووسی لەوانی دی باوترە (Aδαeв 1964).

**تێکستێك بەزمانی ئۆستینی – دیالێکتی ئیرۆنی:**

Tajmurazmæ æmbisæxsæv baзyrd i:

- Komy sær særзyn sag xizy, æmæ jæ kæsgon ældary avd fyrty sæ sawlox bæxtæj afæзæj afæзmæ sūrync, æmæ jæ Æfsati ūdonæn næ dæddy, fælæ jæ dæwæn dæddy.

Tajmuraz sæwmæ raзy afardæg ī tar saw qædmæ. Fæxattī æmæ c῾īw tæxæg dær næ fedta.

- Acy fyn myn cy wydī wædæ, zæğgæ, æmæ komy særmæ baftyd. Um yl særзyn sag ærbalyğdī, æmæ jæ fexsta, æmæ sag ærxawdī. (Aσaeв 1959).

**واتای بەزمانی کوردی:**

لە نیوەشەودا (تەیموران)یان بانگ کـرد، لـە ژووروووی دۆڵـدا ئاسـکێکی دوو شاخە هـەبوو، کـە حـەوت کـوڕی مـیر (کابـاردین) بەسـواری ئەسـپی خۆیان بەدوایدا دەگەڕان، تەیموراز سەر لە بەیانی زوو بەنێو دارسـتانێکی تاریکدا بەڕێکەوت، هەر ڕۆیشت، هەتا باڵندەیەکی فڕیویشی نەدیت، خۆی لەبەر خۆی گـوتی: "ئـەوە چ خـەونێك بـوو"؟ ڕۆیـشت تـا گەیـشتە سـەر دۆڵێك لەوێدا بەتەنیشتیدا ئاسکێك تێ پەڕیو تـەیموراز نیـشانی تێگـرتو ئاسکە کەوت.....

## زمانی یاگنوبی

دانیشتوانی دۆڵی یاگنوب، کیشلاخ، خارانگوندارا، کورتەپە، وارزوبو...کە کەوتوونەتە تاجیکسکتان، بەزمانی یاگنوبی دەدوێن، نێزیکەی ٢٠٠٠–٢٥٠٠ کەس بەم زمانە کسە دەکەن. هیچ نووسینێك بەم زمانە نییەو ئەگەرچی بەبەردەوامبووی یەکسەری زمانی سوغدی دەژمێردرێت، کە لە کۆندا لە دۆڵی درەفشاندا دەژیانو بەرە بەرە کەمبوونەوە و لە نێو زمانی تاجیکیدا توانەوەو هەر لە نێو دۆڵی یاگنوبدا کسەکەرانی ماونەتەوە. Хромов 1972, Оранский 1988.

**تێکستێك بەزمانی یاگنوبی:**

Nasridîn i xud ci bozar xus tanga(y)i axirîn. Kaxik woxurd-s(// ts) avî, c – awi apursost, xud cof pul axirîi?

Nasridîn i-pi-s jawob atifar, dû(y)i-pi-s jawob atifar, tirayi-pi-s jawob atifar.... (Sokolova 1953).

**واتای بەزمانی کوردی:**

" ناسرەدین لە بازاڕدا کلاوێکی بەشەش تانگ کڕی. هەر کەسێك کە دەیدیت لێی دەپرسی ئەو کلاوەی بەچەند کڕیوە؟ ناسرەدین وەلامی یەکەمی دایەوە، وەلامی دووەمی دایەوە، وەلامی سێیەمی دایەوە...

## زمانی ئەفغانی

زمانی ئەفغانی– پەشتۆ (پشتۆ) زمانی میری دەوڵەتی ئەفغانستانە، ئەگەرچی ئەفغانییان لە ئەفغانستاندا نیوەی ژمارەی دانیشتوانێتی کە لە نێوان ٦–٧ ملیۆن کەسن‌و نیوەشیان چ لەبەر شەڕی چواردە ساڵەی ڕابردوویان و چ لەبەر شەڕی براکوژی نێوان خۆیان پەنابەری دەوڵەتانی دراوسێیانن، لە پاڵ ئەمانیشدا هەر ئەم گەلانەش لە ئەفغانستاندا دەژین: تاجیک ٣–٤ ملیۆن، هەزارە ١–٢ملیۆن، تورکمان ٤٥٠ هەزار کەس، نورستان ١٢٠ هەزار کەس، بلوج ١٠٠ هەزار کەس.

زمانی پشتۆ لە بەری ڕۆژاوای پاکستان هەروا لە هێندێك هەرێمی بلوجستان‌و کەشمیر و ئێرانیشدا کسەی پێ دەکرێت. زمانی پشتۆ دابەشدەکرێتە سەر دوو دیالێکت:

یەکەمیان ڕۆژاوایی: وەیا دیالێکتەکانی باشووری ڕۆژاوایی، کە لە هەمووان باوترو بلاّوتری بەشە دیالێکتی کەندەهارییە.

دووەمیان ڕۆژهەلاّتی: وەیا دیالێکتەکانی ژوورووی ڕۆژهەلاّتی، کە لە هەمووان باوتر و بلاّوتر دیالێکتی شاوەرییە.

جیاوازی ئەم دوو بەشە بەشێوەیەکی سەرەکی دوو دەنگی (ش) و (ژ)یە، کە لە ڕۆژاوادا هەیە و بەرامبەرەکەی لە دیالێکتەکانی ڕۆژهەلاّتدا (خ) و (گ)یە، هەر لەسەر ئەم بنج و بنەوانە دیالێکتەکانی ڕۆژاوا نێوی (پشتۆ–پەشتۆ) و هی ڕۆژهەلاّتیش (پەختۆ)یە.

کـۆنترین دەستنووسـی ڕاسـتەقینەی زمـانی ئـەفغانی بـۆ سـەدەی پازدەمو شازدەمی زاینی دەگەڕێتـەوە، کـە بـەهۆنراوە ڕووداوانـی مێـژوو دەگێڕێتەوە، شێخ مـالی ڕووداوی ئیمارەتیـان لـە نێـوان (١٤١٣–١٤٢٤)دا تۆمـار کـردووە Dvorynkov 1961, 1963, Dyakonov 1960, 1988.

لە سـالآنی سـی ئـەم سـەدەیەدا زمـانی ئـەفغانی بـوو بـەزمانی مـیری ئەفغانستان، کە تا ئەوسا هەر بـەزمانی فارسـی کاروبـاری مـیری بـەڕێوە دەبرا The New Encyclopaeda Britannica V.1, 1986.

زمانی ئەفغانی لە ڕووی ڕێزمانەوە جیـاوازی لەگـەڵ زمانـانی فارسـیو تاجیکیدا هەیە، هێز لەو دوو زمانەدا دەکەوێتە سـەر دوا بڕگـە، بـەلآم لـە زمـانی ئەفغانیـدا وەك دیـالێکتی پـشتۆ شـوێنی هێـز دەگۆڕێـت، ئـەم گۆڕانەش دەورێکی گرینگ لە ڕێزمانـدا دەگێڕێت، هـەروا ڕەسـەنی نێـر و مێو دۆخی تیانو ڕاستەوخۆ لە زمانی پشتۆدا دەورێکی بالآیان هەیە. لـە گەردانکردنی کـاری تێپـەڕی دەمکـاتی ڕابـردوودا بکـەر لـە دۆخـی تیـانو بەرکاریش لە دۆخی ڕاستەوخۆدا دەبێت.

**تێکستێك بەزمانی ئەفغانی (پشتۆ):**

"من در هولند زندگی میکنم، زەدوی کونجیان لرم، زەپە هولندی کورسکی ژ بی زەدکوم. هولندی ژ بە دیر سخت دی". *

**واتای بەزمانی کوردی:**

" من لە هۆڵەندە دەژیم، دوو منداڵم هەیە. کۆرسی زمانی هۆڵەندی دەخوێنم (وەردەگرم)، زمانی هۆڵەندی زمانێکی سەختە".

* ئەم چەند رستەی ژووروومم لە زاری خاتوو (شاهجان حەبیبوڵلاّ حەبیبی) کە خەڵکی کەندەهارە لە ١٩٩٣/١٢/٢٢ لە شارۆچکەی Lemmer لە هۆڵەندەدا وەرگرت.

## زمانی مونجانیو دیالێکتی ئییدگ

دانیـشتووانی مونجـان، کـه کەوتووەتـه بـەری باشـووری ڕۆژهـەلاّتی بادەخشانی ئەفغانی له چەپی زێی پیانجا (ئەمو)داری بـەزمانی مونجـانی دەدوێن.

دیــالێکتی ئییــدگ نێزیکایــەتی لەگــەلّ زمــانی مونجانــدا هەیــەو کسەپێکەرانی نیشتەجێی دۆلّی ڕووباری (لۆتکۆخ)ن، ئەو لکـەی بـەکونارا نێو دراوە.

مونجانی له پالّ زمانی خۆیاندا بـەزمانی فارسـی–تـاجیکیش دەدوێـن .Оранский 1988, Griwuberg 1972

## زمانانی پامیری

دانیشتوانی بەری ڕۆژاوای کێوی پامیر بەزمانانی پامیری دەدوێن، کە کەوتووەتە تاجیکستانو شاری خوروك مەڵبەندی هەرێمەکەیانە، هەروا لە ئەفغانستانو باکوری ڕۆژاوای چین، ژمارەی کسەپێکەرانی نێزیکەی ١٤٠ کەس دەبنو ئەو زمانانەی بەر ئەم گرووپە کەوتوون ئەمانەن: شوگنان (رووشان)، یازگولی، ئیشکاشی، ڤاخانی.

جیاوازی نێوان ئەو زمانانەی پامیری بەڕادەیەکە لەیەك ناگەنو لە نێو خۆشیاندا دابەش بوونەتە سەر چەند دیالێکتێك.

## زمانی شوگنان -رووشان

زمانی شوگنان‌و ئەو دیالێکتانەی سەر بەئەون (دیالێکتی بەرتەنگ، خوفی، ئورشور و سەری کۆڵ) لە گوندی باجو و دەوروبەریدا پێی دەدوێن.

لە زمانی شوگناندا حەوت فۆنیمی بزوێنی درێژ و سێ فۆنیمی بزوێنی کورت هەیە، فۆنیمەکانی زمانی رووشانی شەش فۆنیمی درێژ و چواری کورتن، بەڵام فۆنیمەکانی دیالێکتی خوفی، کە زۆر لە فۆنیمەکانی زمانی رووشاندا نێزیکە، هەر تەنێ جیاوازییەکی لەگەڵیدا هەبێت، لە هەبوونی فۆنیمێکی کورتە، کە نیشانەی (æ) بۆ دانراوە، بۆیە ژمارەی فۆنیمەکانی یازدە فۆنیمن (Кубанов, 1976, Соколова 1953).

فۆنیمی (ی) شوگنانی لە رووشان‌و خوفیدا بەفۆنیمی (و) دەگۆڕێت، کە ئەم وێنەیە یەکێکە لە جیاوازییەکانی نێوانیان، هەروەکو لەم وشانەی ژێرەوەدا بەرچاو دەکەوێت:

| شوگنان | رووشان‌و خوفی | |
|---|---|---|
| خیر | خور | خۆر، رۆژ |
| چید | چور | خانوو، خانی |
| کیل | کول | سەر، کەللە |
| زید | زود | کوشتی |
| جیغ | جوخ | تاڵ |

لە دیالێکتی بەرتەنگدا نۆ فۆنیمی بزوێنی کورت‌و درێژ هەیە، کە لە هێندێکیاندا جیاوازی لەگەڵ شوگنان‌و رووشانیشدا هەیە Карамхудоев 1973, 1978 Соколова 1953.

تێکستێك بەزمانی شوگنان:

*vuδǰ na vuδǰ, aráy vrṓd-en vaδǰ.*
vʊδǰ na‿vʊ́δǰ | aráḭ vrṓdẹ̄n vaδǰ

*δiů̂n vrṓd-en as yi nān,*
δẹ́yʊ̄‿n vrɔ̄́dẹ̄n ˈas‿yḗ nān |

*yīw as yi nān.*
yīw ˈas‿yḗ nān

هەمان تێکست بەدیالێکتی بەرتەنگ

*vud na vud, aráy virōdā̄́r-an vad.*
vʊd na‿vʊ́d | aráy vⁱrōdā́ran vad

*δaw virōdā̄́r-an ˈaz yi nān,*
δaw vⁱrōdā́ran ˈaz‿yẹ́ nān

*yīw az yi nān.*
yīw ˈaz‿yẹ́ nān

هەمان تێکست بەزمانی ڕووشان

*viǰ na viǰ, aráy virṓd-an viǰ.*
veǰ na‿véǰ | aráḭ vⁱrṓdan veǰ

*δaw virṓd az yi mṓd-an vid,*
δaw vⁱrṓd ˈaz‿yẹ́ mṓdan ved

*yi virṓd az yi mṓd-andi vid.*
ye vⁱrṓd ˈaz‿yé mṓdandę ved

واتای تێکستەکان بەزمانی کوردی:

هەبوو نەبوو، سێ برا هەبوون، دوو برا لە یەك دایك بوون، ئەوی دی لە دایکێکی دی بوو.

## زمانی یازگولی

ژمارەی کسەکەران بەم زمانە نێزیکەی دوو هەزار کەس دەبن، لە دۆڵی رووباری یازگولیدا دەژین، ئەگەرچی ژمارەی کسەپێکەرانی کەمن، بەڵام لە ڕووی تایبەتێتی زمانەوانییەوە زمانەکەیان پارێزراوە، چونکە هەتا نیوەی ئەم سەدەیەش رێگەی هاتوچۆکردن بەئۆتۆمبیل بۆ پامیر نەکرابووەوە.

**تێکستێك بەزمانی یازگولی:**

Vad yon a vad, wů počó vad. Wáy-me wů δoγd, wů vəréd vad. Xûd-xo ki šod (y)I wů je, ma xi jayán-ay xi δoγd Ḱeg. way̯ vəréd-xo qārmad (Соколова, 1967).

**واتای بەزمانی کوردی:**

"هەبوو، یا نەبوو، پاشایەك هەبوو، (پاشا) کچێك و برایەکی هەبوو، کە خۆی بۆ جێگەیەك دەچوو، کچەکەی لە شوێن ئەودا دەمایەوە، براکەی لەبەری گران بوو (پێی ناخۆش بوو)".

## زمانی ئیشکاشی

له هەرێمی ئیشکاشیدا کسەی پێ دەکرێت. ژمارەی کسەپێکەرانی نێزیکەی ٢ هەزار کەسن. ئەم زمانە دابەش دەبێتە سەر ٣ دیالێکت:

١– ئیشکاشی. ٢– زیباکی. ٣– سەنگیچی.

زمانی ئیشکاشی له نێو زمانی تاجیکیدا تواوەتەوەو هەر له نێوماڵەوە پێی دەدوێنو له دەرەوە پێی نادوێن (Соколова 1953).

**تێکستێك بەزمانی ئیشکاشی:**

vьd ůk t(ь)rosnók. i-no dь kuč vьd. agar aw cь xón-ьs tar var nьšt, xi kučьn mьs xi-gůl zůγd, cь-rúi-za fay trosnók vьd. i kučьn sof cь wán-on bezór šьd, awónd-on bьxóst-za cь xe mol xalós šьón.

**واتای بەزمانی کوردی:**

ترسنۆکێك هەبوو، دوو ژنی هەبوو، ئەگەر له ماڵەوە دەرچووبا، هەردوو ژنی لەگەڵ خۆی دەبرد، چونکه زۆر ترسنۆك بوو، ژنانی لێی بێزاربوون و ویستیان له مێردیان ڕزگاریان بێت.

## زمانی ڤاخانی

ژمارەی ئەو کەسانەی بەم زمانە دەدوێن نێزیکەی ٦–٧ هەزار کەس دەبن، لە ناوچەی ئێشکاشیدا نیشتەجێبوون. بابەتی نووسراو بەزمانی ڤاخانی بەچاپکراوی هەیە، نووسین بەم زمانە تا کۆتاییی سەدەی ڕابردوو هەبوو (Пахална 1975).

**تێکستێك بەزمانی ڤاخانی:**

tu nə tu, i δay tu. ya δáy-ən tu bu pətr. ya iw pətr tu šəkorí, ya iw tu šыbыn. ya šəkorí pətr pak rыwór šəkor cart, jənwári dəyt-ət, wыzыmd xы xúnər, də xы tátən-ət dы xы vrыtən yáwən.

**واتای بەزمانی کوردی:**

"هەبوو، نەبوو، پیاوێك هەبوو، ئەو پیاوە دوو کوڕی هەبوو، یەك لەو کوڕانەی ڕاوچی بوو، ئەوی دی شوان بوو، کوڕە ڕاوچییەکەی هەموو ڕۆژێك ڕاوی دەکرد و نێچیری (کوژراوی) دەهێناماڵەوەو لەگەڵ باوكو براکەی دەیخوارد".

## مێژووی پۆلکردنی دیالێکتۆلۆژی زمانانی ئێرانی سەردەمی نوێ

مێـژووی پـۆلکردنی دیـالێکتۆلۆژی زمانـانی ئێرانـی سـەردەمی نـوێ، لەسـەر بنکـەی لێـك جودابوونـەوەی بەنـدە، کـە گـرینگترین پێوانـەی گەردانکردنی بۆ جیاوازی کۆنی نێوان دیالێکتەکانی ئێرانـی دەگەڕێتـەوە. ئـەم جیاوازییـەش هـەر لـە سـەردەمی زمانـانی کـۆنی ئێرانیـدا سـەری هەڵداوە، ئەویش لە ئـەنجامی لێـك جودابوونـەوەی دیالێکتـەکانی ڕۆژاوای ئێران لە دیالێکتەکانی ڕۆژهەڵاتی، کـە زمانـانی ئێرانـی سـەردەمی نـوێش هەر لەسەر ئەم جودابوونەوەیەدا بەردەوامەو بـەم پێیـە دابـەش کراوەتـە سەر دوو گرووپ:

**یەکەم: زمانانی ئێرانی ڕۆژاوا.**

**دووەم: زمانانی ئێرانی ڕۆژهەڵات.**

ئـەم دوو بەشـە بەبـەردەوامبووی دیالێکتـەکانی کـۆنی ئێرانـی بـەری ڕۆژاوا و بـەری ڕۆژهـەڵاتی دادەنـرێن. لێـرەدا پێویـستە ئـەوە ڕوون بکرێتەوە، کەوا هێندێك لەو زمانە ئێرانییانەی ئەمڕۆ لـە ڕووی شـوێنەوە، هـەر ئـەو شـوێنە کۆنـە ناگرنـەوە، کـە لـە سـەردەمی کۆنـدا پێـوەی بەسترابوونەوە، وەك زمانی ئۆسـتینی، کـە لـەم سـەردەمەی ئـەمڕۆدا لـە بەری باکوری ڕۆژاوای زمانانی دی ئێرانیدا بـڵاو بووەتـەوە، کـە خـۆی بـۆ گرووپی زمانـانی ئێرانـی ڕۆژهـەڵات دەگەڕێتـەوە، چـونکە بـەردەوامبووی زمانی سەکەسەو سەر بەزمانانی ئێرانی ڕۆژهەڵاتە، هەروا زمـانی تـاجیکی

ئەمڕۆ، کە لە بەری باکوری ڕۆژهەلآتی زمانانی ئێرانیدا بلآو بووەتەوە، خۆی لە بنەڕەتدا بەردەوامبووی زمانانی ئێرانی بەری باشووری ڕۆژاوایە.

ئەم دوو گرووپەی، کە زمانانی ئێرانی دابەش کراوەتە سەر، خۆشی لە نێو خۆیدا چەند زمان و دیالێکتێک دەگرێتەوەو ئەم دوو گرووپەش دابەش دەکرێنە سەر دوو کۆمەڵە زمانانی ئێرانی:

**یەکەم– زمانانی ئێرانی ڕۆژاوا:**

١– زمانانی ئێرانی باکوری ڕۆژاوا.

٢– زمانانی ئێرانی باشووری ڕۆژاوا.

**دووەم– زمانانی ئێرانی ڕۆژهەلآت**

١– زمانانی ئێرانی باکوری ڕۆژهەلآت.

٢– زمانانی ئێرانی باشووری ڕۆژهەلآت.

## زمانانی ئێرانی ڕۆژاوا

**١- زمانانی ئێرانی باکوری ڕۆژاوا**

ئەو کۆمەڵە زمانانە بۆ ئەو دیالێکتە کۆنانەی ئێرانی دەگەڕێنەوە، کە لە لایەن ماد و پورثدا کسەیان پێ کراوە و خاکەکەیان کەوتووەتە بەری باکورو باکوری ڕۆژاوای بەرزاییەکانی ئێران، لەو زمانە هاوچەرخانەی کە بۆ ئەم کۆمەڵە دەگەڕێنەوە:

١- زمانی کوردی.

٢- زمانی بلوجی.

٣- زمانی تالیشی.

٤- زمانی گیلەکیو مازندەرانی.

٥- کۆمەڵە دیالێکتی نێوەڕاستی ئێران.

٦- زمانی ئەرمووری.

٧- زمانی پاراچی.

**٢- زمانانی ئێرانی باشووری ڕۆژاوا**

زمانانی ئێرانی ئەم دوو کۆمەڵە بۆ زمانانی کۆنی باشووری ڕۆژاوا دەگەڕێنەوە، کە کەوتبوونە بەری باشووری رۆژاوای بەرزاییەکانی ئێران (هەرێمی پارسوا) زمانانی فارسیو تاجیکی بەدوو لکی ئەم زمانە کۆنانە دادەنرێن، ئەگەرچی لەبەر رۆشنایی ئەو بەرهەمە کلاسیکییانەی، کە بۆ

سەدەی نۆیەم تا شازدەمی زاینی دەگەڕێنەوە، ئەوە روون بووەتەوە، کەوا زمانی تاجیکی بەردەوامبووی زمانی فارسی نێوەڕاستە، هەروا زمانی تاتیو زۆربەی هەرە زۆری بەشە دیالێکتەکانی فارسیو دیالێکتی کومزارە بۆ ئەم بەشە دەگەڕێنەوە.

# پێوەندی دیالێکتۆلۆژی لە نێوان زمانانی ئێرانی باکوری ڕۆژاوا و باشووری ڕۆژاوادا

جیاوازی فۆنۆتیکی لە نێو زمانانی کۆنی ئێرانیدا هەردوو بەری باکور و باشووری ڕۆژاوایدا لە نێو زمانانی ئەم دوو گرووپەدا لە سەردەمی هاوچەرخیشدا هەر بەردەوامە، وەك دوو دەنگی (z)ێی باکوری ڕۆژاوا بەرامبەرەکەی (d)ێی باشووری ڕۆژاوایە، لەگەڵ زمانانی کۆندا (z)ێی زمانی ئاوێستا، (d)ێی فارسی کۆن، (δ)ێی پورثیو (d)ێی فارسی نێوەڕاست بەراوردی بکە.

(zan)ی ئاوێستا، (dan)ی فارسی کۆنو فارسی نێوەڕاست، کە ڕەگی کاری (زانین)ن و لە زمانی ئەمڕۆشدا ئەم جیاوازییە هەر بەردەوامە

(زانین) لە کۆمەڵە زمانانی باکوری ڕۆژاوادا:

کوردی– zanîn، تالیشی– zene (زانین)، بلوجی– zäntum (زانیم)، سیمنانی– zonun (دەزانم).

(دانستن) لە کۆمەڵە زمانانی باکوری ڕۆژاوادا:

فارسی– dånistän (زانین)، تاجیکی– donistan (زانین)، تاتی– dunustan (زانین).

(زاوا) لە کۆمەڵە زمانانی باکوری ڕۆژاوا:

کوردی– zawa/zava، تالیشی– zoma، بلوجی– zämät، گیلەکی– zamo.

(داماد) له کۆمەڵە زمانانی باشووری رۆژاوادا:

فارسی– dåmåd، تاجیکی– domod، تاتی– dumber.

هــەروا جیــاوازی لــە دەنگــی (Z)یٚ و (Z)یٚــدا هەیــە، کــە دیــسانەوە بەردەوامبووی سەرهەڵدانی جیاوازی کۆنە.

(ژن) لە کۆمەڵە زمانانی باکوری ڕۆژاوا:

کــوردی– zin، تالیــشی– zen، سەنگەســەری– zekäin ,zen، لاسگەردی– ziki zäki.,

(زن) لە کۆمەڵە زمانانی باشووری ڕۆژاوا:

فارسی– zän، تاجیکی– zan، تاتی– zan، کومزارە– zank.

## زمانانی ئێرانی ڕۆژهەلأت

ئەو کۆمەڵە زمانە بەزمانانی پەرەسەندووی ئەو زمانە ڕۆژهەلأتییانەی ئێران دادەنرێت، کە هەر لە دێرزەمانەوە لە بەری ڕۆژهەلأتی دەشتی کافر، لە نێو خاکی ئاسیای نێوەڕاست و ئەفغانستانی ئەمڕۆدا بلأو بووبوونەوە. دیالێکتی هۆزانی سەکەس بۆ ئەم کۆمەڵە زمانانە دەگەڕێنەوە، ئەم کۆمەڵە زمانەش دابەش دەکرێتە سەر دوو بەش:

**١– زمانانی ئێرانی باکوری ڕۆژهەلأت:**

زمانی ئۆستینی بەر ئەو کۆمەڵەیە دەکەوێت، کە بەردەوامبووی دیالێکتەکانی سەکەسە، زمانی یاگنووبی، کە پەرەسەندووی زمانی سوگدییە سەر بەم کۆمەڵە زمانەیە، هەروا زمانی خەوارزمی، کە تا سەدەی ١٣–١٤ی زاینی کسەی پێ کراوە، بەر ئەم گرووپە دەکەوێت.

نێزیکایەتی زمانەوانی لە نێوان زمانی ئۆستینیو زمانی یاگنوبیدا هەیە، بۆ وێنە لە نیشانەی کۆدا زۆر لێك نێزیکن: لە زمانی ئۆستینی (-tä) و لە زمانی یاگنوبی (t-)یە، وەك:

ئۆستینی– sär-tä (سەر–ان)، kärd-tä (کێر–دان/ چەکۆیان)، dur-tä (بەرد–ان).

یاگنوبی– odam-t (ئادەم–ان/ خەڵك)، zuto-t (کوڕ–ان)، yar-t (گرد–ان/ کێوان).

## ٢- زمانانی ئێرانی باشووری ڕۆژهەڵات

زمانانی ئەفغانی، مونجانیو پامیری هاوچەرخ بەر ئـەم کۆمەڵـە زمانـە دەکەون. ئەم زمانانە لە نێو خاکێکدا بڵاو بوونەتەوەو بەکار دێن، کـە لـە سەدەی دووەمی پێش زایندا هۆزانی سـەکەسو توخـاری تێیـدا دەژیـان، ئەم زمانە هاوچەرخانەی ئەم کۆمەڵە زمانە بەبەردەوامبووی دیالێکتەکانی باختیری و سەکەسی- توخاری دادەنرێن.

یەکێك لە تایبەتییەکانی ئەم کۆمەڵە زمانە، تێپەڕبوونی دەنگـی (d)یَ بەسەر چەند گۆڕینێکدا و بوونی بە (δ)یَ، جا بە (L)یَ:

D← δ←L، وەك:

(δus)ی ڕووشـــانیو ڤاخـــانی، (δûs)ی بەرتـــەنگیو ڕووشـــانی، (Las)ی ئــەفغانی، کــە واتــای (دە) دەبەخـشێتو لــە زمانــانی ئێرانــی سەردەمی کۆندا (dasa) بووە، وەنەبێت دەنگی (L)یَ هەر لـە (d)یـوە پەیدا بووبێت، بەڵکو لە دەنگـی (t)یـوەش پەیـدا بـووە وەك: (pLär)ی ئەفغانی، کە واتای (باوك) دەگەیەنێت، لەگەڵ (pitar)ی زمانانی ئێرانـی سەردەمی کۆندا بەراوردی بکە.

لـە نێـو کۆمەڵـە زمانـانی باشـووری ڕۆژهەڵاتـدا- پـشتۆ، مونجـانی، ڕووشانیو... تایبەتێتی ڕێزمانی لە ڕەسەنی نێر و مێدا پارێزراوە، کەچی لـە زۆربـەی زمانـانی هاوچـەرخی کۆمەڵـەی باشـووری ڕۆژاوادا- فارسـیو تاجیکیو... لـە کۆمەڵـە زمانـانی بـاکوری ڕۆژاوادا وەك کـوردی (هێنـدێك بەشە دیالێکتی کرمانجی نێوەڕاست) ڕەسەنی نێر و مێ نەماوە، هەروا لە

زمانی ئۆستینیشدا نەپارێزراوە، کە بەر کۆمەڵە زمانانی باکوری ڕۆژهەلآت دەکەوێت، تایبەتییەکی دی ڕێزمانی ئـەم کۆمەڵـە زمانانـە هـەبوونی سـێ جۆرە جێناوی نیشانەیە، کە بەپێی ئەندازەی دوور و نێزیکی بەکار دێـت، بـۆ وێنــە لــە زمــانی ڕووشــانیدا جێنــاوی نیــشانەی (yim)–ئەمــە، بـۆ پێشاندانی شـتێکی نێزیـک، (yit)–ئـەوە، بـۆ پێـشاندانی شـتێك، کـە لـە دووریدا مامناوەنجییە، (yä)– هۆوە، ئەوێهێ بۆ شتێکی زۆر دوور وە یـا دیار نەبوو بەکار دێت.

## هێندێك نیشانەی جیاواز لە نێوان کۆمەڵە زمانانی ئێرانی بەری ڕۆژهەلاٰت و بەری ڕۆژاوا

کۆمەڵـە زمانـانی ئێرانـی بـەری ڕۆژهـەلاٰت لـە بـواری فۆنۆلـۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکس و لێکسیکۆلۆژیدا جیاوازی لەگەڵ کۆمەڵـە زمانـانی ئێرانی بەری ڕۆژاوایـدا هەیـە، وەك هـەبوونی دوو دەنگـی (c) و (dz) لـە بـەری ڕۆژهـەلاٰت و نـەبوونیان لـە بـەری ڕۆژاوایـدا، هـەروەك لـە وشـەی (carm)ی ئۆسـتینی، (cermen)ی ئـەفغانی بـەرگوێ دەکـەوێت، کـە بەرامبەرەکـەی (çerm)ی کـوردی، (çärm)ی فارسـی، (çarm)ی تـاجیکی بـەکار دێـت، هـەروا (cast)ی ئۆسـتینی، (cëm)ی شـوگنانی، (cam)ی رووشانی، (com)ی ئیـشکاشی، کـە بەرامبەرەکـەی (çaw, çav) کـوردی، (çasm)ی تـاجیکی، (çäsm)ی فارسـی، (ças)ی تالیشی، (çam)ی بلوجی دێت، لـە زمانـانی کـۆنی ئێرانیـدا (çasma) بووە.

(fondz)ی ئۆسـتینی، (pinz)ی شـوگنانی، (panz)ی ڤاخـانی، (punz)ی ئیشکاشی، (pinze)ی ئەفغانی، بەرامبەرەکـەی لـە کوردیـدا (pênc)، لـە تاجیکیـدا (panc)، لـە فارسـیدا (pänc)، لـە تالیـشیدا (penc)، لـە سەنگەسـەر و لاسـگەردا (panc)، لـە زمانـانی کـۆنی ئێرانیدا (pança) بووە.

لـه نێـو کۆمەڵـە زمانـانی ئێرانـی بـەری ڕۆژهەڵاتـدا هێنـدێك دەنگـی سـەرەتای وشـە بـەدەنگی دی نێزیـك بـەخۆی گـۆڕاون و لـە ئەنجامـدا دەنگێکی تێکەڵ نێوان هەردوو دەنگیان پەیدا کردووە، هەروەك:

.(w)v ← b و y ← g

وشەی کۆنی زمانانی ئێرانی gav– گا:

(Yog) لە ئۆستینی، (Ywå) لـە ئـەفغانی، (Yow) لـە یـاگنوبی، (Yöwa) لە مونجانی.

بەرامبەرەکەی لە کۆمەڵە زمانانی بەری ڕۆژاوادا:

(ga) لە کوردی، (gòk) لـە بلـوجی، (go) لـە تالیـشی، (gov) لـە تاجیکی، (góv) لە فارسی.

وشەی کۆنی ئێرانی (bû) ڕەگی کاری بوون:

(wen, wáven)– ئۆسـتینی، (vûta)– یـاگنوبی، (vidów)– شوگنانیو رووشانی، (wu)– ئەفغانی.

لە کۆمەڵە زمانانی بەری ڕۆژاوادا:

(bû)– کـــوردی، (bût)– بلـــوجی، (be)– تالیـــشی، (bud)– فارسیو تاجیکی، (birán, biran)– تاتی.

داڕشتنی فرێزی دیارخەری لە کۆمەڵە زمانانی ئێرانی بەری ڕۆژهەڵاتـدا جیاوازی لەگەڵ جۆری داڕشتنی لە کۆمەڵە زمانانی بەری ڕۆژاوایدا هەیە:

(má mad)– ئۆسـتینی، (zmá mor)– ئـەفغانی، ( mu mod)– رووشانی، (me non)– ئیشکاشی (دایکی من).

(daykî min, diya min)– کـوردی، (moderi man)– تاجیکی، (mádäre män)– فارسی.

# ژێدەر


١– ئەحمەد کسروی، ١٣٠٤، ازری یا زبان باستان ازربایجان.

٢– ئەحمەد کسروی، ١٣٤٢، کارنامك اردشیر بابکان.

٣– ئەحمەد مرعشی، ١٣٦٣، واژه نامە گویش گیلکی بە انضمام اصطلاحات و ضرب المثل های گیلکی، رشت.

٤– د. بهرام فرەوشی، ١٣٦٤، فرهنگ پهلوی.

٥– پور داود، ١٣٠٥، گاتها اوستا، بمبئی.

٦– پور داود، ١٣٠٧، یشتها اوستا، بمبئی.

٧– پور داود، ١٣١٠، خرده اوستا، بمبئی.

٨– پور داود، ١٣١٢، یسنا اوستا، بمبئی.

٩– توفیق وهبی، ١٩٧٤، اصل الاكراد ولغتهم، مجلة المجمع العلمي الكردي، العدد الثاني، بغداد.

١٠– د.جمال رشید أحمد، ١٩٨٤، دراسات کردیة فی بلاد سوبارتو، بغداد.

١١– د. جەمال ڕەشید ئەحمەد، ١٩٨٨، لێکۆڵینەوەی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری، بەغدا.

١٢– د. جمال رشید و د.فوزي رشید، ١٩٩٠، تأريخ الكرد القديم، أربيل.

١٣– د. جمال رشید أحمد، ١٩٩٤، لقاء الاسلاف، لندن.

١٤– د. جەمال نەبەز، ١٩٧٦، زمانی یەکگرتووی کوردی، بامبێرگ.

١٥– د. جواد مشکور، ١٣٦٩، نظری بتأریخ اذربایجان، تبریز.

١٦– حوسـێن حـوزنی موکریـانی، ١٩٣٤، مێـژووی کـورد و نـادر شـا، رەواندز.

١٧– حوسـێن حـوزنی موکریـانی، ١٩٣٤، مێـژووی شاهەنـشاهی کـوردی زەند لە خاکی ئێراندا، ڕەواندز.

١٨– حوسـێن حـوزنی موکریـانی، ١٩٤٤، کـورد لـە ڕووسـیا، کـۆواری گەلاوێژ، ژمارە ٦، ساڵی پێنجەم.

١٩– د.حسینقلی کاتبی، ١٣٦٩، زبانهای باستانی اذربایجان، تهران.

٢٠– سعیدخانی کوردستانی، ١٣٠٩ (١٩٣٥)، نزانی، تهران.

٢١– عبدالعلی کارنگ، ١٣٣٣، تاتیو هرزنی، تبریز.

٢٢– علی عبدلی، ١٣٦٣، فرهنگ تاتی و طالیش.

٢٣– علی عبدلی، ١٣٦٨ (١٩٨٨)، توانەهای شمال.

علی عبدلی، ١٣٦٩، تالیشی ها کیستند؟

٢٤– د. عنایت الله رضا ١٣٦٠ اذربایجان و اران، تهران.

٢٥– د. کەناتی کوردۆ، ١٩٨٤، ڕێزمانی کوردی (بە کەرستەی کرمـانجیو سۆرانی)، وەرگێڕانی د. کوردستان موکریانی، بەغدا.

٢٦– د. کوردستان موکریانی، ١٩٩٠، قواعد اللغة الكردية، بغداد.

٢٧- د. كوردستان موكرياني، ١٩٩٥، تيشكێك لەسەر زمانی دانیـشتوانی کۆنی کوردستان (خوریو ئورارتوو)، هەیرن فەین.

٢٨- كريستنـسن، ١٩٥٧، ايـران فـى عهـد الـساسانيين، ترجمـة: يحـى الخشاب، القاهرة.

٢٩- گيوی موكرياني، ١٩٦٠، گيونامه، هەولێر.

٣٠- گيوی موكرياني، ١٩٦١، فەرهەنگی مەهاباد، هەولێر.

٣١- گيوی موكرياني، ١٩٧٢، ئەلفوبێی كوردی وێنەدار بەتیپی لاتینـی، هەولێر.

٣٢- محمد رضا داودی، ١٣٧١، ماجرای دختر گرين فيلد، تهران.

٣٣- د. منوچهر مرتضوی، ١٣٦٠، زبان ديرين اذربايجان، تهران.

٣٤- مهشيد مير فخرائيی، ١٣٦٧، روايت پهلوی، تهران.

٣٥- موبد فيروز اذر گشب، ١٣٥١، گاتها، سرودهای زرتشت.

٣٦ يحی ذكاء، ١٣٣٢، گويش كرينگان (تاتی)، تهران.

٣٧- يحی ذكاء، ٢٥٣٦، كاروند كسروی، تهران.

38- Baily H.W., 193٨, The Cotent of Indian and Iranian Studies, Cambridge.

39- Baily H.w., 19٦7 Saka Documents, plates, Portfolio 4.

40- Baily H.W., 1979 Dictionary of Khotan Saka, Cambridge.

41- Burrow T., 1955, 1965, 1973, The Sanskrit Languge, London.
42- Cameron G.G. 1947 The Perspolis Treastury Tablet, Chicago.
43- Charles Berlitz, 1985, De Wonderlijke Wereld van de Taal, Baarn-Kern.
44- Cowley A. 1919, The Pahlavi Document from Avroman, Journal of the Royal Asian Socity, PP. 144-145.
45- Diakonoff I.M. & Starostin S.A. 1986, Hurro-Urartian as an Easteren Caucasian Languae, Munchen.
46- Dresden m. 1970, Middle Iranian- current Trends in Linguistics. Vol.6. The Hague-Paris.
47- Dvoryankov N.A. 1963, Pashto Dialects and the Litrary Language in Afghanstan, Moscow.
48- Elfenbein J. 1966, The baluchi language, London.
49- Franz Altheim, 1974, Universele Wereld Geschiedenis deel-2, Hoge Culturen van Centralen Oost Azie, Den Haag.
50- Gaad J. C. 1920X Tablets from Kirkuk, RA. Tom XXII.P.49.
51- Gershevitch I. 1959, Travels in Bashkardia, Journal of the Royal Central Asian Socity, vol. 46.
52- Groneberg B. 1980, Repertoire Geographique des Textes Cuneiforms-3, Wiesbanden.
53- Groz K. 1988, The Archive Wullu Family, Copenhagen.
54- Hanning W. 1960 The Bactrian Inscription BSOAS vol. 23, pt 1.

55- Lazard G. 1970 Persian and Tajik- Current Trends in Linguistics 0vol06, The Hague- Paris, pp 64-96.
56- Mackenzie D.N.1961-1962Kurdish Dialect Studies.1-2. Londen
57-Mackenzie D.N.1966The Dialect of Awroman (Hawraman-iLuhon).Kobenhaven.
58-Mackenzie D.N. 1970 The Sutra of the causes and Effects of Actions in Sogdin.Londen.
59-Minns E.1915 Parchments of the Parthian Period from Avroman in Kurdistan. Jorn . Hell .Stud .35PP.22-65.
60-Minorsky V.1934 Tat EL. Bd. 4.Leiden –leipzig.
61-Morgenstierne G. 1929 lndo –lranian Frontier Languages .Vol .1.Parachi and Ormuri .Oslo.
62-Muhammad Barker &Aqil Khan Megal .1969- Asourse in Baluchi.Vol .1. Montereal – Quedek.
63-Oransky I .M.1967 Old Iranian Philology and Iranian Liguistics .Moscow.
64-Rawlinson H. C. 1846 English Translation of the Inscription at Behistun. J. R. A. S. Vol X. London.
65- Socolov S. N. 1967, The Avestan Language, Moscow.
66- Sten Knon, 1932 Saka Studies, Oslo.
67- The New Encyclopaedia Britannica, 1986, Volume 1, 9.
68- Thomas B. 1930 The Kumzari Dialect of the Shihuh Tribe, Arabia. J.R.A.S. pp. 785-857.
69- Windfuhr G. L. 1979 Persian Grammer, History and State of Its Study, The Hague.
70- Yarshater E. 1962 The Tati Dialect of Ramand. Londen.

71- Асаев В. И. 1949, Осетинский яазык и Фолъклор Москва. – Ленинград.
72- Асаев В. И. 1952, Граматический Очерк Осетинского Яазыа, Орджоникидзе.
73- Бакаев Ч. Х. 1973, Яазык Курдов СССР . М.
74- Брук С. И. 1981-1986, Население Мира Этнодемографический Сравочник. Москва.
75- Гафуров Б. Г. 1972, Таджики, Древнейщая, Древняя и Средневековая История. М.
76- Грюнберr А. Л. 1963 Яазык Североазербайджанских Татов. Ленинград.
77- Дворяанков Н. А. 1960 Яазык Пущту. Москва.
78- Дьяконов И. М. 1956, История Мидии, Москва-Ленинград.
79- Ефимов В. А. 1986, Яазык Ормури в Синхронном и Историческом Освещении. Москва.
80- Исаев М. И. 1966, Дигорский Диалект Осетинского Яазыка. Москва.
81- Исаев М. И. 1874, Очерки по истории Изучения Осетинского Яазыка, Орджоникидзе.
82- Исхаков М. М. 1977, Глагол в Согдийском Яазыке (Документы с Горы Муг). Тащкент.
83- Карамхудоев Н. 1973, Бартангскии Яазык. Фонетика и Морфология. Душ.
84- Карамшоев Д. 1978, Категория Рода в Памирских Яазыках (Шугнано-Рущанская Группа) Душанбе.

85- Курдоев К. К. 1957 Грамматика Курдского Яазыка. На Материале Диалектов Курманджи и Сорани? Москва.
86- Лазарев М. С. 1989 Иериализм и Курдский Вопрос (1917-1923). Москва.
87- Меликишвили Г. А. 1965, Уратский Яазык. Москва.
88- Оранский И. М. 1963 Иранские Яазыки. М.
89- Оранский И. М. 1988, Введение в Иранскую Филологию, Москва.
90- Пахална Т. Н. 1959 Ишкашинский, Яазык. Москва.
91- Пахална Т. Н. 1969 Памирские, Яазыки. Москва.
92- Расторгуева В. С. 1966 Среднеперсидский. Яазык. Москва.
93- Расторгуева В. С. 1966 Балуджский, Яазык. –ЯН СССР. С. 323-341.
94- Рубинчик Ю. А. 1960 Современный Персидский, Яазык . Москва.
95- Соколов С. Н. 1961 Авестийский, Яазык. Москва.
96- Соколов С. Н. 196 Яазык Авесты. Ленинград.
97- Соколова В. С. 1967 Генетические Отношения Язгуляанского Яазыка и Шугнанской Группы Ленинград.
98- Ставиский Б. Я. 1977 Кушанская Бактрия, Москва.
99- Струве В. В. 1951 Реформа Письменности при Дарии 1. ВДИ. No 3.

100-Толстов С. П. 1948, Древний Хорезм. Москва.
101-Фрайман А. А. 1951, Хорезмийскии Яазык. Ленинград-Москва.
102- Фролова В. А. 1960, Балуджский, Яазык. Москва.
103-Цаболов Р. Л. 1976, Очерк Историческоий Фонетики Курдского Яазыка. Москва.
104- Хромов А. Л. 1972, Яагнобский Яазык. Москва.
105-Эйюби К. Р. Смирнова И. А. 1968 Курдский Диалект Мукри. Ленинград.

# پێڕست


پێشەکی ٥

شوێنی زمانی کوردی لە نێو کۆمەڵە زمانانی ئێرانیدا ٩

شوێنی زمانانی ئێرانی لە نێو زمانانی هیندوئەورووپاییدا ١٣

بڵاوبوونەوەی هۆزانی ئاریی زمان ١٦

هۆزانی ماد ٢٠

هۆزانی سەکەس ٢٣

هۆزانی فارس ٢٤

زمانانی کوردستانی سەردەمی کۆن (خووریو ئورارتوو) ٢٥

زمانانی ئێرانی سەردەمی کۆن ٣٦

زمانی ئاوێستا ٣٨

زمانی فارسی کۆن ٥٠

پێوەندی نێوان زمانانی ئێرانی سەردەمی کۆن ٦٠

زمانانی ئێرانی سەردەمی نێوەڕاست ٦٣

زمانی پورثی ٦٨

زمانی فارسی نێوەڕاست (پارسیك) ٧١

زمانی ماد (کوردی) نێوەڕاست ٧٦

زمانی سەکەسی (خوتەنی) ٨٤

| | |
|---|---|
| زمانی سوغدی | ٨٨ |
| زمانی باختری | ٩١ |
| زمانی خەوارزمی | ٩٣ |
| پێوەندی نێوان زمانانی ئێرانی سەردەمی نێوەڕاست | ٩٤ |
| زمانانی ئێرانی سەردەمی نوێو هاوچەرخ | ٩٨ |
| زمانی فارسی نوێ | ١٠٠ |
| زمانی فارسی هاوچەرخ | ١٠٣ |
| زمانی تاجیکی | ١٠٦ |
| زمانی تاتی | ١٠٩ |
| زمانی کوردی | ١١٢ |
| زمانی بلوجی | ١٢٢ |
| زمانی تالیشی | ١٢٤ |
| زمانی گیلی (گیلەکی) | ١٢٦ |
| زمانی مازندەرانی | ١٢٨ |
| زمانی ئورمووری | ١٢٩ |
| زمانی پاراجی | ١٣٠ |
| کۆمەڵە دیالێکتی نێوەڕاستی ئێران | ١٣١ |
| زمانی ئۆستینی | ١٣٣ |
| زمانی یاگنوبی | ١٣٥ |

زمانی ئەفغانی ١٣٦
زمانی مونجانیو دیالێکتی ئییدگ ١٣٩
زمانانی پامیری ١٤٠
زمانی شوگنان–رووشانی ١٤١
زمانی یازگولی ١٤٣
زمانی ئیشکاشی ١٤٤
زمانی ڤاخانی ١٤٥
مێژووی پۆلکردنی دیالێکتۆلۆژی زمانانی ئێرانی نوێ ١٤٦
زمانانی ئێرانی رۆژاوا ١٤٨
پێوەندی دیالێکتۆلۆژی لە نێوان زمانانی ئێرانی ١٥٠
زمانانی ئێرانی رۆژهەلات ١٥٢
هێندێك نیشانەی جیاواز لە نێوان کۆمەڵە.... ١٥٥
ژێدەر ١٥٧